تەفسیری پێشین

جوزئی هەشتەم

ئامادەکردنی
عثمان أحمد حاتم

رجب - ١٤٤٢هـ

تەفسیری پێشین

تەفسیری پێشین

جوزئی هەشتەم

ئامادەکردنی
عثمان أحمد حاتم

رجب - ١٤٤٢هـ

پێشەکی

قورئان کۆتا پەیامی خودایە ﷻ بۆ هەموو مرۆڤ وجن ، وپارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك ، پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان پەیڕەوی لێبکەن ، ولە مانا ومەبەستەکانی تێبگەن بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیا وسەرفرازی قیامەت بە دەست بهێنن ، لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە قورئان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ژیانی موسڵمانان.

قورئان هاوشێوەی هیچ کتێبێکی تر نییە ، چونکە فەرموودەی خودای پەروەردگارە ، ولە قسەی مرۆڤەکان ناچێت ، وخوێندنەوەی پەرستش ویادی خودایە ، ترمزی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خودا بخوێنێتەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وپاداشتی هەر چاکەیەکیش بە دە هێندە دەدرێتەوە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە بەڵکو : ألف پیتێکە ، ولام : پیتێکە ، ومیم پیتێکە ؛ پێویستە موسڵمانان گرنگییەکی زۆر بە خوێندنەوە وفێربوون وفێرکردنی قورئان بدەن ، چونکە بوخاری لە عوسمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترینتان ئەوانەتانن کە فێری قورئان دەبن وخەڵکیش فێردەکەن .

قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی هەیە کە باوترینیان قورئانە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٣﴾(الزُّخۡرُف) ، و"الكتاب" خودا دەفەرموێت : ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ ٩٢﴾(الأَنعَام) ، و"الفرقان" ، واتە : جیاکەرەوەی ڕاستی لە پووچەڵ ونارەوا خودا دەفەرموێت : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ١﴾(الفُرۡقَان) ، و"الذكر" : خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾(الحِجۡر) .

بە ماوەی بیست وسێ ساڵ دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ کە سیازدە ساڵی لە مەککە وده ساڵی لە مەدینە بووە ، وسی(جزء) و(سەد وچوارده) سورەتە ، وشەی (سورة) بە مانای ڕوونی وبەرز وبڵندی دێت ، یان بە مانای شورایە وەك شورای شارەکان لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە لە خۆی دەگرێت ، ووشەی (آية) مانای نیشانەیە ؛ قورتبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن کە هیچ وشەیەکی لێکدراوی (أعجمی) واتە : جگە لە عەرەبی لە قورئاندا نییە ، ودیسان کۆدەنگن کە هەندێك ناوی تێدایە کە عەرەبی نییە وەك (إبراهیم) ، و(نوح) ، و(لوط) ، وناکۆکن ئایا جگە لەوە هیچی تری ئەعجەمی تێدایە ؟ ، تەبەری نکولی ئەوە دەکات ودەڵێت : هەر وشەیەکی تێدابێت کە هاوواتای وشەیەکی ئەعجەمی بێت ئەوە لە بابەتی ئەو وشانەیە کە زمانەکان لەسەری کۆکن وبەهەمان شێوە بەکاری دەهێنن ، ڕیزبەندی پیتەکان ووشەکان وئایەتەکانی قورئانی

پیرۆز لە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ دیاری کراوە ، دروست نییە بۆ هیچ کەسێك پاش وپێش لە پیتێك یان وشەیەك یان ئایەتێکی قورئاندا بکات ، ئەحمەد والترمذی وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە عوسمانی کوڕی عەفانم رضی الله عنه گوت : چی پاڵنەرتان بوو سورەتی ئەنفال کە لە سورەتە درێژەکان نییە وئایەتەکانی لە سەد ئایەت کەمترە لە ڕیزبەندی حەوت سورەتە درێژەکە دابنێن ، ولەگەڵ سورەتی تەوبە کە ئایەتەکانی لە سەد ئایەت زیاترە پێکەوە کۆیان بکەنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنوسن ولە دوای ئەنفالەوە داتانناوە ؟ ، عوسمان رضی الله عنه گوتی : پێغەمبەری خودا ﷺ لە کاتێکدا ئەو سورەتانەی کە ئایەتەکانی زۆر بوو ، وهەندێك لە ئایەتەکانی بۆ دادەبەزی بانگی ئەو کەسانەی دەکرد کە قورئانیان دەنووسییەوە ودەیفەرموو : ئەم ئایەتانە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە وئەو شتە دەکات ، وئەگەر ئایەتێکی بۆ دابەزیبایە دەیفەرموو : ئەم ئایەتە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە دەکات ، سورەتی ئەنفال لەو سورەتانە بوو کە لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ مەدینە دابەزی ، وسورەتی تەوبە لە کۆتاییەکاندا دابەزی وباسەکانیان لە یەك دەچوون ، گومانم وابوو کە یەك باسن ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی کرد وبۆی دیاری نەکردین کە یەك باسن یان جیاوازن ، لەبەر ئەوە پێکەوە کۆم کردنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنووسی ، ولە ڕیزبەندی حەوت سورەتە گەورەکە دامناوە .

﴿ت﴾

زانایان ناکۆکن ئایە هەموو سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناویناون ؟ لە فەرموودەی صەحیحدا جێگیر بووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی چەند سورەتێکی هێناوە وەك الفاتحە والبقرە وآل عمران والکهف وهود والواقعە والمرسلات ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ناوی هەموو سورەتەکان لە فەرموودە وئەسەرەکاندا هاتووە ، وناوی هەموو سورەتەکان لە سەردەمی هاوەڵانەوە باوبووە ، لەبەر ئەوە نابێت جگە لەو ناوانەی کە لە موصحەفی عوسماندا رضي الله عنه هاتووە ناوی تر لە سورەتەکانی قورئان بنرێت ، وبۆچوونی دروست ئەوەیە کە ناوی هەندێك لە سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی ناون وئەوانی تر هاوەڵان ناویان ناوە ولەو سەردەمەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموویان ، وسورەتەکان هەندێکی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕیزبەندی کردووە وهەندێکی هاوەڵان دایانناوە وئەو موصحەفەی کە پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کۆی کردەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموو هاوەڵان رضي الله عنهم .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە ، لەوە زیاتر زانایان ناکۆکن ، هەیانە دەڵێن : لەوە زیاتر نییە ، وهەیانە دەڵێن : دووسەد وچوار ئایەتە لەوە زیاترە ، وگوتراوە : دووسەد وچواردە ، وگوتراوە : دووسەد ونۆزدە ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وپێنج ، وگوتراوە : دووسەد وبیست وشەش ، وگوتراوە : دووسەد وسی وشەش ، ئەبوعومەری الدانی ئەوەی لە کتێبی (البیان)دا گێڕاوەتەوە .

ژمارەی وشەکانی قورئان فوزلی کوڕی شاذان لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : حەفتا وحەوت هەزار وچوار سەد وسی ونۆ وشەیە ؛ وژمارەی پیتەکانی عبداللەی کوڕی کەسیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئێمە ژماردوومانە : سێ سەد وبیست ویەك هەزار وسەد وهەشتا پیتە ، وفوزل لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : سێ سەد وبیست وسێ هەزار وپازدە پیتە ، وسەلام ئەبومحمد حەمانی دەڵێت : حەجاج هەموو قورئان خوێن وئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو وئەوانەی قورئانیان دەنووسییەوە کۆی کردنەوە وپێی گوتن : هەموو قورئان بژمێرن بزانن چەند پیتە ؟ دەڵێت : ژماردمان ، هەموویان کۆ دەنگ بوون کە سێ سەد وچل هەزار وحەوت سەد وچل پیتە.

هۆکاری ئەو جیاوازییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە زانایان (بسم الله) وپیتە پچڕاوەکان یان پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك شوێن لەسەر ئایەتێك وەستاوە بە ئایەتیان ژماردووە ، وهەندێك بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوە بووە ، بۆیە ئەو ناکۆکییە لە سەر زیاتر لە شەش هەزار ودووسەد ئایەتەکە دروست بووە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو ناکۆکییە هیچ کاریگەرییەکی نییە ، چونکە هەمووان یەك دەنگن کە یەك پیت ویەك وشە لە موصحەفەکەی پێشەوا عوسمان رضي الله عنه کەم وزیادی نییە ، تەنها ناکۆکیان لە شوێنی دانانی ئایەتەکان وژمارەیانە .

شایانی باسە لەم پێشەکییەدا بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ پرسێك کە زۆر جار هەندێك لە خوێنەران بەر چاویان دەکەوێت ، وماناکەی لایان ڕوون نییە ، ئەویش پرسی : حەوت

پیت وحەوت خوێندنەوەکەیە (الأحرف السبعة والقراءات السبع) ، بوخاری ومسلم لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حزام بوو رضي الله عنهما ، سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە کۆمەڵە وشەیەکی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێند بوویەوە ، خەریك بوو نوێژەکەی پێ ببڕم ، بەڵام ئارامم گرت هەتاکو کۆتایی پێهێنا ، یەخەییم گرت وهێنام بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ سورەتی (الفرقان)ت بۆ خوێندمەوە ، ومن گوێم لە هیشام بوو کۆمەڵە وشەیەکی دەخوێندەوە ، تۆ بۆ منت نەخوێندووەتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخوێنە ئەی هیشام ، قورئانی خوێندەوە بەو شێوەی کە عومەر رضي الله عنه گوێی لێ بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان فەرمووی : بخوێنە ئەی عومەر : خوێندمەوە ، فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئان لەسەر حەوت شێواز دابەزێنراوە ، بەو شێوەیەی دەیزانن وئاسانە بۆتان قورئان بخوێننەوە .

هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزیوە حەوت خوێندنەوەکەیە ، وئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە ، ئەبوشامە دەڵێت : ئەو کەسەی گومانی وابێت حەوت شێوازەکە ، حەوت خوێندنەوەکەیە ، پێچەوانەی کۆدەنگی هەموو زانایانە ، وئەوە گومانی هەندێك لە نەفامەکانە .

ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەی کە زانراو وباوە لای موسڵمانان ، کە هەر جۆرێکی بە ناوی بە ناوبانگترین خوێنەری ئەو جۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بریتین لە : نافعی مەدەنی ، وئیبن کەسیری مەککی ، ئەبوعەمری کوڕی عەلائی بەصری ، وئیبن عامری شامی ، وعاصم وحەمزە وکیسائی کوفی ، وهەریەکە لەو قورئان خوێنانە چەند کەسێك قورئانیان لەسەر دەستیان خوێندووە ، وخاوەن ڕێگە وخوێندنەوەی تایبەتن .

قورتبی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی ناکۆکی زانایان دەکات سەبارەت بەو حەوت شێوازە (الأحرف السبعة) ودەڵێت : زانایان ناکۆکن کە مەبەست لەو حەوت شێوازە چییە ، سی وپێنج بۆچوونیان هەیە لە بارەیەوە ، کە ئەبوحاتەمی کوڕی حبان بوستی باسی کردووە ؛ بەهێزترین وپەسەندترین ونزیکترینیان لە ڕاستییەوە بریتییە لە : یەکەم : مەبەست حەوت شێوازی دەربڕینی جیاوازە بە هەمان مانا ، وەك : (أقبل ، تعال ، هلم) ئەم وشانە ئەگەرچی شێوازیان جیاوازە بەڵام هەمان مانایان هەیە ، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وبێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قورئان دەتوانرێت بە حەوت شێواز بخوێندرێتەوە ، بەڵکو هەندێك وشە بە مانایەك زیاتر تا حەوت مانا وشێواز دەخوێندرێتەوە ، وپێویستە بزانرێت ئەو دروستییەی خوێندنەوەی قورئان بەو شێوازە جیاوازانە بە حەز وئارەزوو نییە ، بەڵکو دەبێت بە صەحیحی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەت کرابێت ، ئیبن تەیمییە دەڵێت : موسڵمانان کۆدەنگن کە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزێنراوە ، دژیەك نین لە مانا ومەبەستەکانی ، بەڵکو لەوانەیە : هاومانابن یان ماناکانیان نزیك بێت لە یەکەوە ، وەك : ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : بێگومان وەك ئەو قسەی

هەریەکە لە ئێوەیە کە بڵێت : (أَقْبِلْ ، وَهَلُمَّ ، وَتَعَالَ) ، یان دەشێت وشەیەك هەمان مانای وشەکەی تری نەبێت ، بەڵام هەردوو ماناکە ڕاست بێت ئەمەش ناکۆکی جۆرییە نەوەك دژیەکی ؛ دووەم : حەوت زاراوە لە قورئاندا هەیە کە هەموویان زاراوەی زمانی عەرەبین ، بۆ ئاسانکاری وقورس نەبوونی خوێندنەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام بەو حەوت زاراوە دابەزیوە ، وبەڵگەش بە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە مسلم لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لە مزگەوت دانیشتبووم ، کەسێك هاتە ژوورەوە ونوێژی کرد بە شێوەیەك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ! ، پاشان کەسێکی تر هاتە ژوورەوە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەو کەسەکەی تر قورئانی خوێندەوە ! ، کاتێك نوێژەکەمان بەجێهێنا ، هەموومان ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتم : ئەم کەسە بەشێوازێك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ، وئەویتر بەشێوازێکی جیاوازتر لە خوێندنەوەی کەسی یەکەم قورئانی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکردن ، قورئانیان خوێندەوە ، وشێوازی خوێندنەوەکەیانی بەباش دانا ، گومانم بۆ دروست بوو زیاتر لەو گومانەی کە لە سەردەمی نەفامی لە ناخمدا بوو ! ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ئەو گومانەم بۆ دروست بووە ، دای لەسەر سنگم ، لە شەرم وترسدا هەموو گیانم ئارەقی کرد وەك ئەوەی سەیری خودا عز وجل بکەم ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی ئوبەی : سروشم بۆ کرا کە قورئان بە یەك شێواز بخوێنمەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا سبحانه وتعالى ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، گەڕایەوە بۆ لام فەرمووی : بە دوو شێواز بیخوێنەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا سبحانه وتعالى

ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، وەڵامی دامەوە لە جاری سێیەمدا : کە بە حەوت شێواز بیخوێنمەوە .

تەفسیری پێشین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان ، بە گوزارشت ودەربڕینێکی سادە وئاسان بە زمانێکی کوردی پاراو وپەتی ، ودوور لە درێژ بڕییەك کە ببێتە هۆکاری دروست کردنی بێزاری لای خوێنەر وکورت بڕییەك کە مانا ومەبەستی پێویست نەدات بە دەستەوە ، هەڵبژاردنی ناوی پێشین بەو هیوایەیە کە هاومانای تەفسیرەکانی پێشەوایانی سەلەف بێت وهەردەم ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بەیاد دەهێنمەوە کە دەڵێت : شتێك مەڵێ کە پێشەوایەك ئەو بۆچوونەی پەسەند نەکردبێت ؛ وئەوەش دووپات دەکەمەوە کە بیروباوەڕم بیروباوەڕی زانایانی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە بە تایبەت لە لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ (الأسماء والصفات) ، ومەنهەجم مەنهەجی پێشەواکانی سەلەفە ، ولەبەر ئەوەی هەڵە ونەزانین ولە بیرچوون لە سیفەتی مرۆڤن ، ئەو گوتەیەی پێشەوا شافعی دروشمە کە دەڵێت : باوەڕم بە خودا هەیە وبەوەی لە خوداوە هاتووە ، وبەو شێوەیەی خودا ﷻ ویستوویەتی ، وباوەڕم بە پێغەمبەری خودا ﷺ هەیە ، وبەوەی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ هاتووە ، وبەو شێوەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ ویستوویەتی ؛ هەر شتێك لەم تەفسیرەدا پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ومەنهەجی زانایانی سەلەف بێت ئەگەر لە ژیاندابم وکەسێك ئاگادارم بکاتەوە بێ چەندوچوون لێی پەشیمان دەبمەوە ، وئەگەر مردنیش یەخەی پێ گرتم داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارم دەکەم وپەشیمانم .

کتێبخانەی کوردی هەژارە لە ڕووی سەرچاوەی تۆکمە وڕاست ودروست بۆ تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ڕێبازی پێشینان ، زانراوە کە باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی قورئان تەفسیرکردنیەتی بە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە هەندێك جار بابەتێکی لە شوێنێکدا بە کورتی یان بە ڕەهایی یان بە گشتی باسکراوە ولە شوێنێکی تر ئەو باسە زیاتر ڕوون کراوەتەوە یان وابەستەکراوە یان تایبەت کراوە ، وهەروەها زانستی "ناسخ ومنسوخ" وهۆکاری دابەزینی ئایەتەکان ، ولێکدانەوەی هاوەڵان بە تایبەت ئیبن عەباس رضي الله عنهما چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە خودا بۆی پاڕاوەتەوە ونزای بۆ کردووە کە فێری لێکدانەوە وتەفسیری قورئانی بکات ، ولێکدانەوە وتەفسیری زانا گەورە وبە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، چونکە دڵنیام لە تەفسیردا ئەوان هیچ بوارێکیان بۆ داهێنان وزیادە خستنە سەر بۆ دوای خۆیان نەهێشتووەتەوە ، وهەمووان پێویستمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەفسیرەکانی زانایانی سەلەف هەیە ، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ئەم تەفسیرە هەموو ئەو شاکارانەیە کە ئەوان نووسیویانەتەوە .

لە تەفسیری پێشیندا سودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ، (جامع البيان)ئیبن جەریری الطبری (٣١٠هـ) ، (تفسير القرآن العظيم مسندًا) ئیبن ئەبوحاتەمی ڕازی (٣٢٧هـ) ، (الكشف والبيان) الثعلبی (٤٢٧هـ) ، (التفسير البسيط)و(الوجيز) الواحدی (٤٦٨هـ) ، (معالم التنزيل) البغوي (٥١٦هـ) ، (زاد المسير) ئیبن الجوزی (٥٩٧هـ) ، (الجامع لأحكام القرآن) القرطبی (٦٧١هـ) ، (التسهيل لعلوم التنزيل) ئیبن جزی الكلبی

(٧٤١هـ) ، (تفسير القرآن العظيم) ئيبن كثير (٧٧٤هـ) ، (الدر المنثور) السيوطى (٩١١هـ) ، (فتح القدير) الشوكانى (١٢٥٠هـ) ، (روح المعانى) الآلوسى (١٢٧٠هـ) ، (فتح البيان) صديق حسن خان القنوجى (١٣٠٧هـ) ، (تيسير الكريم المنان) السعدى (١٣٧٦هـ) ، (أضواء البيان) الشنقيطى (١٣٩٤هـ) ، (تفسير القرآن الكريم) ئيبن عثيمين (١٤٢١هـ) ، هەروەها سودم لە هەموو كتێبەكانى شێخى ئيسلام ئيبن تيميە (٧٢١هـ) وپێشەوا ئيبن القيم (٧٥١هـ) وەرگرتووە .

هۆكارى هاتنە خوارەوەى ئايەتەكانم دیارى كردووە ، دەقى فەرموودەكانم بە عەرەبى نەهێناوە لەبەر ئەوەى زۆر درێژ نەبێتەوە ، وزۆرجاریش تەنها شوێنى مەبەستم هێناوە ، وفەرموودە ئەگەر بوخارى ومسلم یان یەكێكیان ڕیوایەتیان كردبێت كەسى ترم لە فەرموودەناس لەگەڵ باس نەكردوون بۆ سودێك نەبێت كە لە ڕیوایەتى جگە لە بوخارى ومسلمدا هاتبێت ، وبۆ فەرموودەكانى تر پشتم بەستووە بە كتێبەكانى ئەلبانى وئيبن حەجەر وئيبن كەسير وزەهەبى وشەوكانى وئەحمەد شاكر ومقبل وادعى ، ئەگەر فەرموودەیەك قسەى ئەو فەرموودەناسانە لێكۆڵەرانەم دەست نەكەوتبێت لەسەرى ناوم نەهێناون كە ئەمە زۆر بەكەمى دەبینرێت وبۆسود ومەبەستێك وزیاتر تێگەیشتنە لە مانای ئایەتەكە هێناومە ، وبۆ ناوى خودای پەروەردگار لە هەر شوێنێكدا ماناكانى بخوازێت یان لە دەقى وەرگێڕاودا هاتبێت (جل جلاله ، سبحانه وتعالى ، عز وجل) نوسیووە ، بۆ ناوى پێغەمبەرى خودا (صلى الله عليه وسلم) نوسیووە ، وبۆناوى پێغەمبەرانى تر (عليهم السلام) یان (عليه السلام) نوسیووە ، بۆ هاوەڵان (رضي الله عنه ، رضي الله عنها ، رضي الله عنهم) نوسیووە ، وبۆ زانایان (رحمه الله)م بەكار نەهێناوە لەبەر زۆر

دووبارەبوونەوەی ناوەکانیان ، وکاتێك دەڵێم فلانە زانا وادەڵێت ناوی سەرچاوەکەم نەنوسیووە وەك زانایانی پێشین ، چونکە دیاری کردنی سەرچاوە ونۆرەی چاپ وژمارەی لاپەڕە لەم سەردەمانەی دواییدا دایان هێناوە وشێوازێکی ئەکادیمییە ، وئەوەش لەبەر ترسی دزی زانستییە "السرقة العلمية" ، ومەرج نییە دەقاودەق قسەکەیم هێنابێت بەڵکو مانا ومەبەستەکەم نوسیووە ، چونکە ئەگەر دروست بێت لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان بکرێت یان بە مانا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بگێڕدرێتەوە ، بێگومان دروستە بە مانا قسەی زانایان وەربگێڕدرێت ، وئەگەر لە شوێنێکدا مانای قسەی زانایەکم نوسیبێت ودەستکاری زۆرم کردبێت نەمداوەتە پاڵ زاناکە ، وبۆ لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ سودم لە کتێبەکانی زانستی بیروباوەڕ بە تایبەت کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وپێشەوا ئیبن عوسەیمین وەرگرتووە ، وبۆ حوکمە فیقهییەکان وابەستەی هیچ مەزهەبێك نابم بەڵکو بەڕێزەوە دەڕوانمە ئیجتیهاد وڕای زانایان وپێشەواکانی سوننەت وهەر وتە وبۆچوونێك پێچەوانەی سوننەتی صەحیح بێت وەریناگرم .

عثمان أحمد حاتم

باشوری کوردستان ـ گەرمیان ـ کەلار

٩/شوال/١٤٤١ك

٢٠٢٠/٦/١

﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾﴾ بێگومان ئەگەر فریشتەمان بۆیان دابەزاندایە ومردووان قسەیان لەگەڵ کردبان ، وهەموو شتێکمان کۆ بکردایەتەوە بە پێش چاویانەوە کۆمەڵ کۆمەڵ بە دوای یەکدا هەواڵی ڕاستی پێغەمبەریان پێ ڕاگەیاندبان باوەڕیان نەدەهێنا ، مەگەر ئەوەی خودا بیویستایە ، بەڵام زۆربەیان نەفامن .


الجزء الثامن سورة الأنعام
الجزء ٨ الحزب ١٥
* وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا
عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ
عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ
زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا
يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ وَلِتَصْغَىٰ إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ
وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴿١١٣﴾ أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي
حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا
وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ
بِالْحَقِّ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ
صِدْقًا وَعَدْلًا لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ
﴿١١٥﴾ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِن
يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾ فَكُلُوا
مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾
١٤٢

تەبەری دەڵێت : خودا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت : ئەی محمد ﷺ بێ ئومێد بە لە سەرفرازی ئەو کەسانەی بت وپەیکەریان کردووەتە هاوبەشی پەروەردگاریان ، ئەوانەی کە دەڵێن : ئەگەر بەڵگە ونیشانەیەکمان بۆ بهێنیت باوەڕت پێ دەهێنین ، دڵنیابە ئەگەر ئێمە فریشتەیان بۆ دابەزێنین وبە چاوی خۆیان ببینن ، ومردووەکان زیندوو بکەینەوە ، ودەربارەی پێغەمبەرایەتی تۆ گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن ، وهەواڵیان بدەنێ کە تۆ هەموو ئەوەی بۆیان باس دەکەیت ڕەوایە ولە لایەن خوداوە بۆت هێناون ، وهەموو شتێکیان بۆ کۆ بکەینەوە لە پێشتەوەبن وگەواهی ئەوەت بۆ بدەن کە لەسەر حەقیت ، باوەڕت پێناهێنن وشوێنت ناکەون ، جگە لەو کەسانەیان کە خودا ویستی لەسەربێت

هیدایەتیان بدات ، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ﴾ بەڵام زۆربەی هاوبەش بڕیاردەران نازانن کە ویستی پەروەردگاری لەسەر نەبێت باوەڕ ناهێنن ، واگومان دەبەن باوەڕهێنان وکوفر بە دەستی خۆیانە کەی بیانەوێت باوەڕ دەهێنن ، وهەرکات بیانەوێت کوفر دەکەن ، ئەوەش وانییە ، ئەوە بە دەستی خودایە ، کەسیان باوەڕ ناهێنن ئەگەر خودا ﷻ هیدایەت وڕێنمایی نەکات ، وبێباوەڕ نابێت ئەو کەسە نەبێت کە لە ڕێگای ڕاست هەڵەی کردووە.

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ١١٢﴾ بەو شێوەیە هەموو پێغەمبەرێکمان تاقیکردەوە بە دژایەتی کردنی شەیتانەکانی مرۆڤ وجن ، هەندێکیان قسە دەڕازێننەوە بۆ هەندێکیان وبەگوێی خەڵکیدا دەدەن بۆ ئەوەی فریویان بدەن ولە خشتەیان ببەن ، ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوەیان نەدەکرد ، لە خۆیان وئەو درۆیانە گەڕێ کە هەڵی دەبەستن .

ئەم ئایەتە دڵنەوایی پێغەمبەری خودا ﷺ دەکات کە تۆ یەکەم پێغەمبەرنیت دژایەتی کرابیت لە لایەن گەلەکەتەوە ، بەڵکو هەموو پێغەمبەران عليهم السلام شەیتانەکانی مرۆڤ وجن دژایەتیان کردوون ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : خەدیجە رضي الله عنها پێغەمبەری خودای ﷺ برد بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی ئامۆزای رضي الله عنه ، کە لە سەردەمی نەفامیدا ببوو بە گاور ، وئینجیلی بە عیبری دەنووسی ، وپیاوێکی بە سالاچوو بوو وچاوەکانی لە دەست دابوو ، خەدیجە رضي الله عنها پێی گوت : ئامۆزا ، گوێ لە برازاکەت بگرە ، وەرەقە رضي الله عنه گوتی : بڵێ برازا چی دەبینی ؟ ، پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ئەوەی بۆ کرد کە لە ئەشکەوتی حیرا بەسەری هات ، وەرەقە رضي الله عنه پێی گوت : ئەمە ئەو فریشتەیە کە دابەزیوە بۆ لای پێغەمبەر موسا عليه السلام ،

خۆزگە من گەنج دەبووم ، یان زیندوو دەبووم کاتێك گەلەکەت دەرت دەکەن ! پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوان دەرم دەکەن ؟ گوتی : بەڵێ ، هیچ کەسێك هاوشێوەی ئەم بابەتەی تۆی نەهێناوە ئیللا دژایەتی کراوە ، وئەگەر من لەو ڕۆژگارە زیندوو بمێنم دەبمە پشتیوان وسەرخەرت ، دوای ئەوە زۆری پێنەچوو وەرەقە رضي الله عنه وەفاتی کرد ؛ ئەم ئایەتە دەبێت موسڵمان وانەی کۆڵنەدان وسووری لەسەر سوننەت ومەنهەجەکەی پێ ببەخشێت ئەگەر هەموو پێغەمبەران عليهم السلام تووشی نارەحەتی ودوژمنایەتی ودەردیسەری بووبن ، ئەوا نابێت چاوەڕوانبن ڕێگای گوڵرێژکراویان لە پێش ڕاخرابێت وهیچ نارەحەتی وئێش وئازارێك نەیەتە ڕێیان ، ئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ﴾ سێ بۆچوون هەیە دەربارەی : یەکەم : مەبەست زۆر خراپەکارەکانی مرۆڤ وجنە ، ئەمە قسەی حەسەنی بەصری وقەتادەیە ، دووەم : مەبەست لە شەیتانی مرۆڤ ئەوانەن لەگەڵ مرۆڤدان وشەیتانی جن ئەوانەن لەگەڵ جندان ، ئەمەش قسەی عیکرمە وسودییە ، سێیەم : شەیتانی مرۆڤ وجن بێباوەڕەکانن ئەمەش قسەی موجاهیدە .

﴿وَلِتَصۡغَىٰٓ إِلَيۡهِ أَفۡـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَلِيَرۡضَوۡهُ وَلِيَقۡتَرِفُواْ مَا هُم مُّقۡتَرِفُونَ ١١٣﴾ ئەو قسە ڕازاندنەوەیان بۆ ئەوەیە کە ناخ ودڵی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن ، بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرن وڕازییان بکەن بە پووچەڵییەکەی خۆیان ، هەر تاوانێك کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن با ئەنجامی بدەن .

﴿أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡتَغِي حَكَمٗا وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مُفَصَّلٗاۚ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٞ مِّن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ١١٤﴾ ئایا جگە لە خودا بکەم بە حەکەم ودادوەر ، کە قورئانی بۆ دابەزاندوون

وئایەتەکانی بە تێروتەسەلی بۆ ڕوون کردوونەتەوە ، وئەوانەی کە کتێبمان پێ بەخشیبوون لە جوولەکە وگاورەکان دەیانزانی بێگومان قورئان لە لایەن پەروەردگارتەوە بە حەق دابەزیوە ، بۆیە لە ڕیزی ئەو کەسانە مەبە کە گومانیان هەیە .

شەوکانی دەڵێت : خودا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد ﷺ نکولی ئەوە بکات ورەتی بکاتەوە لەوەی داوایان لێیکرد کەسێك بکاتە دادوەر لە نێوانیان کە لەسەر هەرشتێك ناکۆك بوون بگەڕێنەوە بۆ لای ، لە کاتێکدا کە خودا دادوەری دادپەروەرە لە نێوانیاندا ، ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مُفَصَّلًاۚ﴾ چۆن کەسێکی تر جگە لە خودا ﷻ دەکەم بە دادوەر کە قورئانی بۆتان دابەزاندووە ، وبە درێژی وتێروتەسەلی هەموو پرسەکانی ڕوون کردووەتەوە ، پاشان پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگادار دەکاتەوە کە جوولەکە وگاور ئەگەرچی نکولی بکەن ودانی پێدانەنێن ، بێگومان دەزانن کە قورئان لە لایەن خوداوە دابەزێنراوە ، چونکە تەورات وئینجیل کە خودا دایبەزاندووە باسی ئەوەیان تێدا کراوە کە قورئان خودا بۆ محمدی کۆتا پێغەمبەری دادەبەزێنێت ، پاشان یاساغی ئەوەی لێکرد لەو کەسانە بێت کە گومانیان هەیە لەوەی خاوەن کتێبەکان دەزانن قورئان لە لایەن خودا دابەزێنراوە بە حەق ، یان یاساغی لێکردووە بە ڕەهایی کە گومانی هەبێت ، ئەوەش سەرنج ڕاکێشانی ئوممەتەکەیەتی بۆ ئەوەی کەسیان گومانیان نەبێت ، چونکە ڕووی گوتار ئەگەر لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ گوتارە بۆ ئوممەتەکەی .

﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١١٥﴾

فەرمان وفەرموودەی پەروەردگارت تەواو وبێ کەموکورتییە هەرچی فەرمووە ڕاستە وفەرمانی بەچی کردووە دادگەرانەیە ، کەس ناتوانێت فەرمان وبڕیارەکانی خودا بگۆڕێت

نەلە دونیا ونەلە دوارۆژ ، وهەر خودایە بیسەری هەموو گوتەی بەندەکانیەتی وزانایە بە هەموو کردارەکانیان وپاداشتیان دەداتەوە لەسەریان .

بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ حەسەن وحوسێنی رضي الله عنهما پەنا دەدا ودەیفەرموو : من پەناتان دەدەم بە فەرموودەی خودا کە تەواو وبێ کەموکورتییە ، لە هەموو شەیتان ومار ومێرووییەك ، ولە هەموو چاوێك کە زیان بگەیەنێت ، ودەیفەرموو : باوکتان ئیبراهیم پەنای بە خودا دەگرت بۆ ئیسماعیل وئیسحاق عليهما السلام لەم شتانە ؛ ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا دوێنێ شەو دووپشك پێوەی داوم وئازارێکی زۆری داوم ، فەرمووی : ئەگەر کاتێك شەوت بەسەردا داهات بتگوتایە : پەنا دەگرم بە وشە تەواو وبێ کەموکورتییەکانی خودا لە زیان وخراپەی ئەوەی دروستی کردووە ، زیانی پێ نەدەگەیاندیت وئازاری نەدەدایت .

﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ١١٦﴾ وئەگەر شوێن قسەی زۆربەی خەڵکی سەرزەوی بکەویت وگوێڕایەڵییان بکەیت گومڕات دەکەن لە ڕێگای ڕاستی خودا ، ئەوان تەنها شوێنی گومان دەکەون وخەریکی خەملاندن ومەزەندە ودرۆکردنن وهیچ بەڵگەیان بە دەستەوە نییە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شوێنکەوتنی قسەی خەڵك وگوێڕایەڵی کردنیان لە زۆربەی ئەو پێشنیار وبۆچوونانەی کە دەیخەنە ڕوو مرۆڤ لە ڕێگای ڕاست گومڕا وهەڵە دەکەن ، وپێویستە ئامانجی مرۆڤی موسڵمان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا بێت سبحانه وتعالى ، ولانەکاتەوە لە ڕازی کردنی خەڵك بە شتانێك کە سەرپێچی فەرمانەکانی خودا بێت ، ترمزی وئیبن حبان لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە

وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ
لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا
لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ
﴿١١٩﴾ وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الْإِثْمَ
سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ ﴿١٢٠﴾ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ
يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ
إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ
﴿١٢١﴾ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ
فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ
زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا
فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا ۖ وَمَا
يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾ وَإِذَا جَاءَتْهُمْ
آيَةٌ قَالُوا لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللَّهِ ۘ
اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ۗ سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُوا صَغَارٌ
عِندَ اللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٤﴾

وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك هەوڵی بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خودا بدات بەڵام بە هۆیەوە خەڵکی لێی تورەبن ، خودا ﷻ لە خراپەی خەڵك دەیپارێزێت ، بەڵام هەرکەسێك هەوڵی ڕەزامەندی خەڵك بدات بە تورە کردنی خودا ، خودا بە خەڵکی دەسپێرێت.

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾﴾ بێگومان پەروەردگارت زانایە بە حاڵی ئەو کەسانەی لە ڕێگای ڕاستی خودا گومڕا وسەرلێ شێواو دەبن ، وزاناشە بە حاڵی ئەو کەسانەی هیدایەت وڕێنمایی وەردەگرن .

﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾﴾ ئەو سەربڕاوانەی ناوی خودای لەسەر هێنراوە بیخۆن ، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ئایەتەکانی خودا هەیە .

﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١١٩﴾﴾ بۆچی لەو ئاژەڵانە ناخۆن کە لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودایان لەسەر هێنراوە ، وهەموو ئەوەی لەسەرتان حەرام کراوە بە درێژی وتێروتەسەلی بۆتان

باسکراوە ، جگە لەو کاتانەی ناچار دەبن کە لە حەرام کراوەکان بخۆن ، بێگومان زۆر کەس خەڵکی گومڕا وسەرلێ شێواو دەکەن بە حەز وئارەزوویان بەبێ ئەوەی هیچ زانستیان هەبێت ، دڵنیابە پەروەردگارت زانایە بەو کەسانەی ستەم دەکەن وسنور دەبەزێنن .

خودا ﷻ لە سورەتی (المائدة)دا باسی ئەو خو وکردارانەی سەردەمی نەفامی کرد کە لە ئاژەڵاندا بە حەز وئارەزوویان حەڵاڵ وحەرامیان دەکرد ، وهەندێکیان تایبەت دەکرد بە بت وپەیکەرە پەرستراوەکانیان ، لێرە فەرمان بە موسڵمانان دەکات گۆشتی ئەو ئاژەڵانە بخۆن کە لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودایان لەسەر دەهێنرێت ، هەموو ئاژەڵێك لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودای لەسەر بهێنرێت حەڵاڵ دەبێت ئەگەر لەو ئاژەڵانە بێت کە خودا ﷻ لە بنەڕەتدا حەڵاڵی کردوون .

﴿وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡسِبُونَ ٱلۡإِثۡمَ سَيُجۡزَوۡنَ بِمَا كَانُواْ يَقۡتَرِفُونَ ١٢٠﴾ خۆتان بپارێزن لە تاوانی ئاشکرا ونهێنی ، بێگومان ئەو کەسانەی تاوان ئەنجام دەدەن پاداشتی ئەو تاوانانە وەردەگرنەوە کە ئەنجامیان داوە .

ئەم تاوان وخراپەی لێرە باسکراوە هەموو جۆرەکانی تاوان وخراپەکاری دەگرێتەوە کە بە ئاشکرا یان بە نهێنی ئەنجام دەدرێن ، گەورەبن یان بچووك ، مسلم لە نەواسی کوڕی سەمعانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی چاکە وخراپە ، فەرمووی : چاکە خو وڕەوشت جوانە وخراپە وتاوان ئەوەیە لە سنگتدا حەشارتداوە وپێت ناخۆشە خەڵك پێی بزانێت .

﴿وَلَا تَأۡكُلُواْ مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسۡقٞۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَٰدِلُوكُمۡۖ وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ١٢١﴾ لە گۆشتی ئەو ئاژەڵانە مەخۆن کە لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودای لەسەر نەهێنراوە یان مردارەوە بووە ، چونکە

ئەوە لادانە لەوەی خودا حەڵاڵی کردووە ، وبێگومان شەیتانەکان "ئیبلیس وسەربازەکانی" دەچپێننە دڵی دۆستەکانیانەوە وگومان دەخەنە دڵیانەوە بۆ ئەوەی مشتومڕتان لەگەڵ بکەن دەربارەی ئاژەڵی مردارەوە بوو ، ئەگەر گوێڕایەڵییان بکەن بێگومان ئێوەش هاوبەش بڕیاردەرن .

ئەبوداود وترمزی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هاوبەش بڕیاردەران هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، گوتیان : ئەو ئاژەڵانەی خۆمان دەیکوژین بیخۆین وئەوەی خودا دەیکوژێت نەیخۆین ؟! خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ هەتاکو : ﴿وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ﴾ ؛ وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ ، و﴿وَلَا تَأۡكُلُواْ مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ﴾ ئەوە تایبەت کراوە وسەربڕاوی خاوەن کتێبەکانی لێ دەرهێنراوە بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ ٥﴾(المَائِدَة) ؛ ئەوانەی کە دەڵێن ئەو سەربڕاوەی ناوی خودای لەسەر نەهێنرابێت حەرامە ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە ، ئەگەر ئەو کەسەی سەریشی دەبڕێت موسڵمان بێت ، وپێشەوایان ناکۆکن دەربارەی ئەم پرسە وسێ بۆچوونیان هەیە لەو بارەیەوە ، یەکەم : دەڵێن : ئەو سەربڕاوەی ناوی خودای لەسەر نەهێنراوە حەرامە ، ئەگەر "بسم الله"ی بە ئەنقەست نەگوتبێت یان لە بیری چووبێت ، ئەم بۆچوونە ڕیوایەت کراوە لە ئیبن عومەر رضي الله عنهما ونافع وشەعبی و ئیبن سیرین وڕیوایەتێکە لە مالك وئەحمەد وداودەوە ، وئەو فەرموودەیەش دەکەنە بەڵگە کە بوخاری ومسلم لە ڕافعی کوڕی

خودەیجەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەر شتێك خوێنی ئاژەڵ بڕێژێت وناوی خودای لەسەر هێنرا بیخۆن ؛ دووەم : "بسم الله" کردن مەرج نییە ، بەڵکو سوننەتە ، ئەگەر بە ئەنقەست نەیلێت ، یان لە بیری بچێت ئاژەڵەکەی پێ حەرام نابێت ئەمەش مەزهەبی شافعییە وڕیوایەتێکە لە مالك وئەحمەدەوە ، وشافعی دەڵێت ئەم ئایەتە : ﴿وَلَا تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾ بۆ ئەو ئاژەڵانەیە کە بۆ جگە لە خودا سەر دەبڕدرێت ، وەك ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت : ﴿أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ١٤٥﴾(الأَنعَام) ، سێیەم : ئەگەر "بسم الله"ی لە بیر بچێت لە کاتی سەربڕیندا ئاژەڵەکە حەرام نابێت ، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست نەیخوێنێت حەرام دەبێت ، ئەمەش مەزهەبی ئەبوحەنیفە وبۆچوونی باوە لە مەزهەبی مالك وئەحمەد وئیسحاقی کوڕی ڕاهوییە وڕیوایەت کراوە لە عەلی وئیبن عەباس ﷺ وسەعیدی کوڕی موسەیب وعەتا وتاووس وحەسەنی بەصری ؛ بوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسانێك گوتیان بە پێغەمبەری خودا ﷺ : خەڵکانێك گۆشتمان بۆ دەهێنن ، نازانین لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودایان لەسەر هێناوە یان نا ؟ فەرمووی : ئێوە "بسم الله" بکەن وبیخۆن ، عائیشە ﷺ دەڵێت : ئەو کەسانە تازە موسڵمان بوو بوون ، ئەلبانی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە پەیوەندی بە واجب بوونی "بسم الله" کردنەوە هەیە لەسەر ئاژەڵ کاتێك سەردەبڕدرێت ، وپەیوەندی بە جۆری سەربڕینەکەوە نییە ، ئایا شەرعییە یان شەرعی نییە ، وەك هەندێك خەڵك واگومان دەبەن ، ئەوانە ئاژەڵیان سەردەبڕی بەڵام تازە موسڵمان بوو بوون وحوکمەکانی ئیسلامیان نەدەزانی ، ئەو هاوەڵانەی پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا ﷺ کرد گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی لای ئەو تازە موسڵمانانەوە دێت نازانن "بسم الله"ی لەسەر کراوە یان نا ، پێغەمبەری

خودا ﷺ وەڵامی دانەوە وفەرمووی : ئێوە "بسم الله" بکەن وبیخۆن ، کەواتە : دەتوانین "بسم الله" بکەین لەسەر ئەو ئاژەڵانەی گومان هەیە "بسم الله" لەسەریان کرابێت بە مەرجێك ئەو ئاژەڵە سەربڕابێت ونەخنکێندرابێت ، ودەڵێت : لە بیرچوونی "بسم الله" سەربڕاو حەرام ناکات لەبەر ئەوەی خودای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ ٢٨٦﴾(البَقَرَة) .

﴿أَوَ مَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ وَجَعَلۡنَا لَهُۥ نُورٗا يَمۡشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ لَيۡسَ بِخَارِجٖ مِّنۡهَاۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلۡكَٰفِرِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢٢﴾ ئایا کەسێك مردبێت وزیندووومان کردبێتەوە وڕووناکیمان پێ بەخشی بێت لە نێوان خەڵکدا پێی بگەڕێت وڕێگای پێ دەربکات وبەرچاوی ڕوون بێت ، وەك کەسێکە کە لە تاریکیەکاندا گومڕا بووە ودەرەتانی نییە وڕێگا دەرناکات ، وەك چۆن باوەڕ وخودا پەرستی بۆ باوەڕداران ڕازێنراوەتەوە ، بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێباوەڕان ئەو کوفر وگومڕایی وتاوانکاریەی ئەنجامی دەدەن .

ئەم ئایەتە نموونەیە بۆ کەسێکی باوەڕدار کە لە ژیانی دونیا خودا هیدایەتیداوە وبەرچاوی ڕوونکردووەتەوە وشڵەژاو وڕاڕا نییە ، ولە ژیاندا ئامانجی هاتنە بوونی دەزانێت وخودا بە تەنها دەپەرستێت ، وهەرگیز هاوشێوەی کەسانی بێباوەڕ وگومڕا نییە کە نغرۆی تاوانن ونازانن بۆچی لە ژیانی دونیادا دروست کراون ولە تاریکی کوفر ونەفامی وگومڕاییدا دەژین ، ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿أَوَ مَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ﴾ واتە کەسێك بێباوەڕ وگومڕابێت وهیدایەتمان دابێت ، ﴿وَجَعَلۡنَا لَهُۥ نُورٗا﴾ مەبەست قورئانە ، ﴿كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ مەبەست کوفر وگومڕاییە ،

ئەحمەد وترمزی لە ئبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : خودا دروستکراوەکانی لە تاریکیدا دروست کرد ، ولە ڕووناکی خۆی پێیبەخشین ، هەرکەسێك لەو ڕووناکییەی بەرکەوتبێت هیدایەت وەردەگرێت ، وهەرکەسێك لەو ڕووناکییەی بەرنەکەوتبێت گومڕا دەبێت .

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمۡكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ١٢٣﴾ وەك چۆن لە مەککە دەم سپی ودەسەڵاتدارەکانمان کردووەتە سەرکردە وبانگەوازکار بۆ کوفر وڕێگرتن لە ڕێگای خودا ، بەو شێوەیە لە هەموو شار وگوندێك دەم سپی وخاوەن دەسەڵاتەکان تاوانبار وهاوبەش بڕیاردەرن ، بۆ ئەوەی فێڵ لە خەڵکەکەی بکەن ، بەڵام تەنها فێڵ لە خۆیان دەکەن بەڵام هەستی پێ ناکەن .

ئبن کەسیر دەڵێت : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ وەك چۆن لە شارەکەی تۆ دەم سپی ودەسەڵاتدارەکانمان کردووەتە سەرکردە وبانگەوازکار بۆ کوفر وڕێگرتن لە ڕێگای خودا ، ودژایەتی وپێچەوانەی تۆ دەکەن ، هەر بەوشێوەیە پێغەمبەرانی پێش تۆش تاقی دەکرانەوە ، بەڵام پاشەڕۆژ بۆ پێغەمبەران عليهم السلام وباوەڕدارانە : ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا مِّنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيٗا وَنَصِيرٗا ٣١﴾(الفُرۡقَان) .

﴿وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ١٢٤﴾ وئەگەر بەڵگە ونیشانەیەکیان بۆ بێت ، دەڵێن : باوەڕ ناهێنین ، هەتاکو ئەوەمان پێنەبەخشرێت کە بە پێغەمبەرانی خودا بەخشراوە وسروشمان بۆ نەیەت ، خودا زانایە بەوەی کە پەیامەکەی خۆی بە کێدا ڕەوانە دەکات وکێ شایانە بە پێغەمبەر

هەڵیبژێرێت ، ئەو کەسانەی کە تاوانیان ئەنجامدا تووشی زەبوونی وڕیسوای وسزای زۆر سەخت دەبن لای خودا ، لەبەر ئەو فێڵەی لە خەڵکیان دەکرد بۆ ئەوەی لە خشتەیان بەرن.

مسلم لە واسلەی کوڕی ئەسقەعەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا کینانەی لە نەوەی ئیسماعیل عليه السلام هەڵبژارد ، وقورەیشی لە کینانە هەڵبژارد ، ولە قورەیش بەنوهاشمی هەڵبژارد ، ولە بەنوهاشم منی هەڵبژارد ؛ وبوخاری لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە باشترین ڕەچەڵەکەکانی مرۆڤ هەڵبژێردراوم نەوە دوای نەوە ، هەتاکو لەم سەردەمەدا خودا جل جلاله بە پێغەمبەر هەڵیبژاردم ؛ وئەحمەد لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : خودا سەیری دڵی بەندەکانی کرد ، دڵی محمد ﷺ لە دڵی هەموو بەندەکانی باشتر بوو ، بۆ خۆی هەڵیبژارد وپەیامەکەی خۆی بە ئەودا بۆ خەڵك نارد ، ودوای دڵی محمد ﷺ بینی دڵی هاوەڵانی باشترین دڵی بەندەکانە ، لەبەر ئەوە بە وەزیر ویارمەتیدەری پێغەمبەرەکەی ﷺ هەڵیبژاردن.

﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٢٥﴾ هەرکەسێك خودا بیەوێت هیدایەتی بدات سنگ فراوان ودڵ گوشادی دەکات بۆ وەرگرتنی ئیسلام ، وهەر کەسێك بیەوێت گومڕای بکات سنگی تەسك ونەفەس تەنگی دەکات وهیچ جێگای هیدایەتی تێدا نابێتەوە وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان سەرکەوێت ، بەو شێوەیە خودا شەیتان زاڵ دەکات بەسەر ئەو کەسانەی باوەڕ ناهێنن .


الجزء الثامن سورة الأنعام

فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن
يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا
يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ
لَا يُؤۡمِنُونَ ١٢٥ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا
ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ
رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢٧ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ
جَمِيعٗا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ
أَوۡلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ
أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلۡتَ لَنَاۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ
إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ١٢٨ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي
بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٢٩
يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ
يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ
هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا
وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ١٣٠

١٤٤

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە هەرکەسێك خودا هیدایەتی بدات ئەوە فەزڵی خودایە بەسەرییەوە ، وهەرکەسێك خودا گومڕای بکات بە هۆی ئەوەیە کە شایانی هیدایەت نییە ، وخودا ستەم لە کەس ناکات ، چونکە خودا مرۆڤی سەرپشك کردووە بە ویستی خۆی کوفر وگومڕایی هەڵبژاردووە ، ودڵی باوەڕدار فراوانە وگوێ دەگرێت بۆ هیدایەت وفەرمانەکانی خودا وجێگای یەکخوداپەرستی تێدا دەبێتەوە ، بەڵام ئەو کەسانەی بێباوەڕ ودووڕوون کە باسی ئاینی خودایان بۆ بکرێت قەڵس وهەناسە سواردەبن وپشت هەڵدەکەن ولای لێناکەنەوە ، ئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ﴾ پێنج لێکدانەوەی بۆ کراوە : یەکەم : شەیتانە کە ئەمە گوتەی ئیبن عەباسە رضي الله عنهما ومانای ئەوەیە خودا زاڵی دەکات بەسەریاندا ، دووەم : ماتەم ودڵتەنگییە ، سێیەم : ئەو شتەیە کە هیچ خێری تێدا نییە ، چوارەم : سزایە ، پێنجەم : نەفرەتی خودایە لەسەریان لە دونیا ودوارۆژدا .

﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦﴾ ئەم ئاینە کە تۆ پەیڕەوی دەکەیت ئاین وڕێگای ڕاستی پەروەردگارتە ، ئایەتەکانمان بە درێژی

وتێروتەسەلی ڕوون کردووەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بیردەکەنەوە ولە پەیامی خودا وپێغەمبەرەکەی تێدەگەن .

﴿لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢٧﴾ ئەو کەسانەی پەند وئامۆژگاری لە ئایەتەکان وەردەگرن بەهەشتی پڕ لە ئاشتی وئاسوودەییان بۆ هەیە لای پەروەردگاریان ، وخودا خۆشەویست وپشتیوانیانە بە هۆی ئەو کردەوە چاکانەوە کە لە دونیا ئەنجامیانداوە .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە سودییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿ٱلسَّلَٰمِ﴾ ناوی خودایە و﴿دَارُ﴾ مەبەست بەهەشتی خودایە .

﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلۡتَ لَنَاۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ١٢٨﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا هەموویان کۆ دەکەینەوە ، ئەی کۆمەڵی جنەکان زۆرێکتان لە مرۆڤەکان گومڕا وسەرلێ شێواو کرد ، ودۆستەکانیان لە مرۆڤەکان دەڵێن : پەروەردگارمان هەندێکمان سوود وچێژمان لە هەندێکمان وەرگرت ، وهەموو ئەو تەمەنەمان تەواوکرد کە بۆمانت دیاری کردبوو وگەیشتە کۆتایی ئەو مۆڵەتەی لە ژیاندا پێمان درابوو ، پێی فەرموون : ئاگری دۆزەخ مەنزڵگە وجێ مانەوەتانە بە نەمری وهەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ئیللا مەگەر خودا ویستی لەسەر بێت ڕزگاریان بکات ، بێگومان پەروەردگاری تۆ دانای کارلەجێ وزانایە .

ئیبن ئەبوحاتەم لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەو سوود وچێژەی لە یەکیان دەبرد ئەوە بوو کە جنەکان فەرمانیان بە مرۆڤەکان دەکرد وئەوانیش

گوێرایەڵییان دەکردن ، وئیبن جورەیج دەڵێت : لەسەردەمی نەفامیدا مرۆڤ کە لەسەر زەمینێك دادەبەزی ، دەیگوت : پەنا دەگرم بە گەورەیی ئەم شیوە ، ئەوە سوودی مرۆڤەکان بوو لە جنەکان ، کەواتە : سوود وچێژی جنەکان لە مرۆڤەکان ئەوەیە گوێرایەڵییان دەکەن وبەگەورەیان دەزانن ، ومرۆڤەکانیش چێژ وسوودی ئەوەیان لە جنەکان وەردەگرت کە فێری جادوو وفاڵچێتیان دەکردن وچێژیان لە ڕابواردنەکانی دونیا دەبرد ، شنقیتیدەڵێت : ﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ﴾ ئەم ئایەتە پیرۆزە کەسانێك وا لێی تێدەگەن کە سزای دۆزەخ هەتا هەتایی نییە ، وهاوشێوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَشَهِيقٌ ١٠٦ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ١٠٧﴾(هُود) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ٢٣﴾(النَّبَإ) ، بەڵام بێگومان زۆر ئایەت هاتووە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە سزایان لە دۆزەخدا نەبڕاوەیە ، وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ١٦٩﴾(النِّسَاء) ، وەڵامی ئەمەش بە شێوەیەکە : یەکەم : ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ﴾ مانای ئەوەیە ئەوانەی خودا ﷻ بیەوێت بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نایانهێڵێتەوە ، وبۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەن تاوانە گەورەکانن لە یەکخواپەرستان ، ولە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە : هەندێك لە دۆزەخییەکان لە دۆزەخ دەردەچن کە خاوەنی تاوانە گەورەکانن لە یەکخواپەرستان ، وتەبەری ئەم بۆچوونەی لە قەتادە وزەحاك وئەبوسنان وخالدی کوڕی مەعدانەوە گێڕاوەتەوە وبەپەسەندی داناوە ، دووەم : ئەو ماوەیەی کە خودا هەڵاوێردەی کردووە ئەو ماوەیەیە کە لە گۆڕەکانیانەوە زیندوو دەکرێنەوە هەتاکو ئەو کاتەی لە دۆزەخدا جێگیر دەکرێن

وچارەنووسیان دیاری دەکرێت ، ئەمەش تەبەری باسی کردووە ، سێیەم : ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ﴾ ئەم ئایەتە بە کورتی باسکراوە ولە ئایەت وفەرموودەکانی تردا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، کە ڕەواڵەتەکەی بە هەمیشەیی وبێ پچڕان لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، وباسی ئاشکرا ودرێژ دەدرێت بەسەر ئەو باسەدا کە بە کورتی باسکراوە .

﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٢٩﴾ وبەوشێوەیە ستەمکاران هەندێکیان دەکەین بە پشتیوان وسەرخەری هەندێکی تریان ، بە هۆی ئەو کردەوە چەپەڵانەوە کە ئەنجامیان دەدا .

تەبەری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا﴾ خودا ﷻ خەڵك دەکاتە دۆست وپشتیوان بە هۆی کردەوەکانیانەوە ، باوەڕدار دۆست وپشتیوانی باوەڕدارە لە هەر کات وشوێنێك بێت ، وبێباوەڕ دۆست وپشتیوانی بێباوەڕە لە هەر کات وشوێنێك بێت ، وباوەڕ بە خۆزگە خواستن وخۆڕازاندنەوە نییە ؛ وگوتراوە : مانای ئەوەیە بە دوای یەکتردا بە هۆی کردەوەکانیانەوە دەخرێنە دۆزەخەوە ، وگوتراوە : مانای ئەوەیە هەندێکیان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ ودەست ڕۆیشتوو دەکەین ، وگوتراوە : بە یەکتریان دەسپێرین ویارمەتیان نادەین .

﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ١٣٠﴾ ئەی کۆمەڵانی جن ومرۆڤ ئایا پێغەمبەرتان لە خۆتان بۆ ڕەوانە نەکراوە کە بەڵگە ونیشانەکانی منتان بەسەردا بخوێننەوە ،

ولە ڕووبەڕوو بوونەوەی سزام لەم ڕۆژە بتانترسێنن ، گوتیان : گەواهی لەسەر خۆمان دەدەین ، ژیانی دونیا فریویدان وگەواهییان لەسەر خۆیان دا کە بێباوەڕن ولە خودا نەترساون وگوێڕایەڵی پێغەمبەرانیان نەکردووە .

ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بۆ ئەو بێباوەڕانەی کە لە دونیا سەرپێچی فەرمانەکانی خودایان کردووە وهەموو جۆرە تاوانێکیان ئەنجام داوە ، ئەوە لە کاتێکدا کە چەندەها پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کراوە وئاگاداریان کردوونەتەوە لەسەر ناپەسەندی وچەپەڵی ئەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدا بە بەڵگەی بەهێز وحاشا هەڵنەگر ، وئەم سەرئەنجامەی ئێستا دووچاری بوون ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە بۆیان باسکردوون ، بەڵام بێباوەڕان سەرکەش وملهوڕ بوون هیچ بایەخێکیان بۆ ئامۆژگاری وترساندنەکانیان دانەنا ؛ وئایا هیچ پێغەمبەرێك لە گرۆهی جن ڕەوانە کراوە : ﴿أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ﴾ ؟ تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەران عليهم السلام هەموویان لە نەوەی ئادەمن ، بەڵام کەسانی ئامۆژگارکار وترسێنەر لە نێو جنەکان هەڵکەوتووە ؛ وزەحاکی کوڕی موزاحم دەڵێت : لە جنیش پێغەمبەر ڕەوانە کراوە وئەم ئایەتەی کردووەتە بەڵگە ، بەڵام ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەو بۆچوونە جێگای تێڕامانە ، چونکە ئایەتەکە ڕاشکاو نییە لەسەر ئەو مانایە .

﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ١٣١﴾ لەبەر ئەوەیە پەروەردگاری تۆ ستەمی لە هیچ شار وگوندێکی نەکردووە ولە ناوی نەبردوون وقڕی نەکردوون ، لە کاتێکدا خەڵکەکەی ئاگادار نەکرابنەوە وپێغەمبەریان بۆ ڕەوانە نەکرابێت .

تەبەری دەڵێت : ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ﴾ دوو مانا هەڵدەگرێت ، یەکەم : خودا خەڵکی شار وگوندەکانی بە هۆی هاوبەش بڕیاردانی هاوبەش بڕیاردەران وکوفری بێباوەڕەکانەوە لە ناونەبردووە ، ﴿وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ﴾ وپەلە


الجزء الثامن سورة الأنعام

ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا
غَٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ وَمَا رَبُّكَ
بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٢﴾ وَرَبُّكَ ٱلْغَنِىُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِ
إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا
يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾
إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍ ۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ
ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ
مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١٣٥﴾
وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا
فَقَالُوا۟ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ
لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ
يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ وَكَذَٰلِكَ
زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَٰدِهِمْ
شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ
وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١٣٧﴾
١٤٥

ناکات لە سزادانیان هەتاکو پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە نەکات ولە بەڵگە ونیشانەکانی خودا ئاگاداریان نەکەنەوە ، ولە سزای خودا نەیان ترسێنن ، ولە ناکاو تووشی سزای نەدەکردن بۆ ئەوەی نەڵێن : ئێمە مژدەدەر وترسێنەرمان بۆ ڕەوانە نەکراوە ، دووەم : ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾ خودا لە ناویان نابات بەبێ ئاگادار کردنەوە وبیرخستنەوەیان بە پێغەمبەران وبەڵگە ونیشانە وپەند وئامۆژگاری ، بەوەش ستەمیان لێ بکات ، لە کاتێکدا خودا ستەم لە بەندەکانی ناکات ، بەڵام بۆچوونی یەکەم پەسەندترە لای من ، خودا بە هۆی هاوبەش بڕیاردانەوە لە ناویان نابات بەبێ ئەوەی پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە بکات ، وئاگاداریان بکاتەوە ، چونکە : ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾ دوای ئەو ئایەتە هاتووە : ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى﴾ ، ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە : ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾ مەبەست ئەوەیە پێغەمبەرانمان ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی شار وگوندەکان کاول نەکەین وخەڵکەکەی لە ناونەبەین بەبێ بیرخستنەوە وئاگادار کردنەوەیان .

﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ١٣٢﴾ وهەمووان پلەی تایبەتیان هەیە بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە ئەنجامیانداوە ، وپەروەردگاری تۆ بێ ئاگا نییە لەو کردەوانەی بەندەکانی ئەنجامیان دەدەن .

وەك چۆن لە بەهەشتدا پلەوپایەی بەرز هەیە وبەندە باوەڕدارەکانی خودا لە مرۆڤ وجن بە گوێرەی کردەوەکانیان بە دەستی دەهێنن ، وهەتاکو کردەوەیان زیاتربێت پلەوپایەی بەرز وباشتر بە دەست دەهێنن ، بە پێچەوانەشەوە شوێن وجێگای خراپ لە دۆزەخدا بۆ خراپەکاران ئامادەکراوە بەپێی کەم وزۆری کردەوە خراپەکانیان تیایدا سزا دەچێژن ، هەتاکو تاوان وخراپەیان زیاتربێت شوێن وجێگایان خراپتر وسزایان سەختترە ، هەموو ئەوانە بە هۆی کردەوەکانیانەوەیە پەروەردگاریان تۆماری دەکات ولای خۆی دەیانپارێزێت ، بۆ ئەوەی پاداشتیان بداتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا .

﴿وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ ١٣٣﴾ وپەروەردگاری تۆ دەوڵەمەندە وپێویستی بە دروستکراوەکانی نییە وخاوەن سۆز ومیهرەبانییە ، ئەگەر بیەوێت ئێوە لە ناودەبات ونەوە وگەلانێکی تر شوێنتان دەگرنەوە چۆن ویستی لە سەربێت ، وەك چۆن ئێوەی لە ڕەچەڵەك ونەوەی کەسانی تر خستەوە .

﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ١٣٤﴾ بێگومان ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە دێتە ڕێگاتان ، وئێوە ناتوانن لە دەسەڵاتی پەروەردگارتان هەڵبێن وببنە ڕێگری ئەوەی کە ویستی لەسەریەتی ئەنجامی بدات .

بێگومان هیچ شتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودا نییە ، بەڵکو هەموویان ملکەچ وفەرمانبەردارن ، وکەس ناتوانێت ڕێگری لە کار وفەرمانی خودا بکات ، چونکە لە هەر

شوێن وجێگایەکبن دەسەڵاتی خودایان بەسەرەوەیە ، لەبەر ئەوە دەبێت بەندەکانی خودا ئاگاداربن وگوێڕایەڵی پەروەردگاریان بکەن پێش ئەوەی دووچاری سزای سەختی تاقەت پڕوکێنی لە توانادا نەبووی دۆزەخی بڵێسەدار ببنەوە .

﴿قُلۡ يَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَامِلٞۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١٣٥﴾ بڵێ : ئەی گەلەکەم لای خۆتانەوە بەردەوامبن لەسەر ئەو کردارە خراپانەی باوەڕتان پێیەتی ودرێخی مەکەن ، بێگومان منیش لەسەر ئەو کردارانەی باوەڕم پێیەتی بەردەوام دەبم ، لە ئاکامدا دەزانن کێ لە دونیا سەرفرازدەبێت وپاداشتی قیامەتیش بە دەست دەهێنێت ، بێگومان ئەوانەی ستەمکارن هەرگیز سەرفراز نابن .

شەوکانی دەڵێت : ﴿لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ﴾ پاشەڕۆژی باشە وخاوەنەکەی سوپاس دەکرێت لەسەر کردەوەکانی ، لە دونیا سەرکەوتن بە دەست دەهێنن ، ودەبنە میراتگری سەر زەوی ، وپاداشتی ڕۆژی قیامەتیش هەر بۆ ئەو کەسانەیە .

﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ١٣٦﴾ ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خودا بڕیار دەدا لە بەروبوومی دەغڵودان وئاژەڵەکانیان بەشێکیان بۆ خودا دیاری دەکرد ، دەیانگوت : ئەمە بۆ خودایە بە بۆچوونی خۆیان وئەمەش بۆ ئەو بت وپەیکەرانەیە کە کردوومانەتە هاوبەشی خودا ، ئەوەی بۆ پەرستراوەکانیان دیارییان کردووە ناگات بە خودا ، وئەوەی بۆ خودا دایاننابوو دەگاتە ئەو بت وپەیکەرانەی کردبوویانە هاوبەشی خودا ، چەندە خراپە ئەو دادوەری وبڕیارەی کە دەیدەن .

بوخاری دەڵێت : ﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا﴾ لە دەغڵودان وسامانیان بەشێکیان بۆ خودا دیاری کردبوو ، وبۆ شەیتان وئەو بت وپەیکەرانەش کە دەیانپەرستن بەشێکیان دیاری کردبوو ؛ تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾ کاتێك بەروبوومیان کۆ بکردایەتەوە بەشێکیان بۆ خودا دیاری دەکرد وبەشێك بۆ پەرستراوەکانیان ، ئەگەر با هەڵیبکردایە ولەو دەغڵودانەی بۆ پەرستراوەکانیان دایاننابوو ببردایە بۆ لای ئەو بەشەی بۆ خودایان دانابوو ، دەیانگەڕاندەوە بۆ لای بەشی پەرستراوەکانیان ، بەڵام ئەگەر لەو بەشەی کە بۆ خودایان دانابوو با بیبردایە بۆ لای بەشی پەرستراوەکانیان لێی دەگەڕان ؛ ئەوەش ئەو حوکمە خراپە بوو کە دەفەرموێت : ﴿سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾ ؛ تەبەری دەڵێت : پەسەندترین لێکدانەوە بۆ ئایەتەکە ئەو لێکدانەوەی ئیبن عەباس رضی الله عنهما وئەوانەی وەك ئەو لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، چونکە خودا سبحانه وتعالى باسی ئەوە دەکات بەشێکی دیاری کراویان لە بەروبووم ودەغڵودان جیا دەکردەوە ودەیانگوت : ﴿هَٰذَا لِلَّهِ﴾ ، وهاوشێوەی ئەوەشیان جیا دەکردەوە ودەیانگوت : ﴿وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ﴾ کە ئەو بت وپەیکەرانە بوون کە دەیانپەرستن ، بەشی پەرستراوەکانیان هیچی نەدەگەیشت بەو بەشەی بۆ خودایان دیاری کردبوو ، وئەوەی بۆ خودایان دیاری کردبوو دەگەیشتە ئەو بەشەی کە بۆ پەرستراوەکانیان دیارییان کردبوو ؛ وقورتبی دەڵێت : ئەگەر ئەو بەشەی کە بۆ پەرستراوەکانیان دیارییان کردبوو تیابچووایە وخەرج بکرایە بە خەرجی وبژێوی خزمەتکاری بت وپەیکەرەکان لەو بەشەی بۆ خودایان دیاری کردبوو قەرەبوویان دەکردەوە ، بەڵام ئەو بەشەی کە بۆ خودایان دیاری کردبوو ئەگەر خەرج بکرایە بۆ

میوان ونەداران لە بەشی بت وپەیکەرەکان قەرەبوویان نەدەکردەوە ودەیانگوت : خودا دەوڵەمەندە وپەرستراوەکانمان هەژارن ، ئەمەش لە نەفامییان بوو وبە درۆوە هەڵیان بەستبوو .

﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ١٣٧﴾ هەر بەوشێوەیە شەیتانەکان ئەو درۆ ودەلەسانەی بۆ زۆرێك لە هاوبەش بڕیاردەران ڕازاندبوویەوە ، کوشتنی منداڵەکانیانی لە پێش چاو جوان وئاسان کردبوو ، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو تاوانە قێزەونەوە تیابچن ، وئاینەکەیان لێ تێکەڵ بکات وویڵ وسەرگەردانیان بکات ، وئەگەر خودا بیویستایە ئەو کردەوانەیان ئەنجام نەدەدا ، بۆیە لێیان گەڕێ با بەو درۆ ودەلەسانەوە سەرقاڵبن ، خودا دادگەری لە نێوان تۆ وئەوان دەکات .

شەیتان دوژمنی نەوەکانی ئادەمە وسوێندی خواردووە گومڕایان بکات ، وئەو کەسانەی گیرۆدەی گوێڕایەڵی شەیتان دەبنەوە ، دۆڕاوی دونیا وقیامەت دەبن ، شەیتان دەیانترسێنێت ولە ترسی ڕۆزی کوڕەکانیان دەکوژن وکچەکانیان لە ترسی ڕۆزی ونەنگی زیندە بەچاڵ دەکرد ، ﴿لِيُرۡدُوهُمۡ﴾ بۆ ئەوەی گومڕایان بکات ولە ناویان ببات ، ﴿وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ﴾ وئەو ئاینەی کە لەسەری بوون کە ئاینی پێغەمبەر ئیسماعیل بوو عليه السلام بە شتی پووچەڵ وبێ بنەما وبێ بەڵگە تووشی گومانیان بکات ولایان بدات ، لەو ئاینەدا ڕێگایان پێنەدرابوو منداڵەکانیان بکوژن ، بەوەش تووشی شڵەژان وتێکەڵ کاری وسەرگەردانی بوون .


الجزء الثامن سورة الأنعام

وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعۡمِهِمۡ وَأَنۡعَٰمٌ حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا وَأَنۡعَٰمٞ لَّا يَذۡكُرُونَ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِۚ سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ١٣٨ وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ١٣٩ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ١٤٠ ۞ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ١٤٢

١٤٦

﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعۡمِهِمۡ وَأَنۡعَٰمٌ حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا وَأَنۡعَٰمٞ لَّا يَذۡكُرُونَ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِۚ سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ١٣٨﴾ ودەیانگوت : ئەم ئاژەڵ ودەغڵودان وبەروبوومی کێڵگانە قەدەغە وحەرامن کەس نابێت لێیان بخوات ئەو کەسانە نەبێت کە ئێمە دیاری دەکەین ، بە بۆچوونی خۆیان ، وهەندێك ئاژەڵیان قەدەغە کردبوو لەوەی کەس سواریان بێت یان باریان لێ باربکات ، وهەندێك ئاژەڵی تر لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودایان لەسەر نەدەهێنا ، وئەم کردەوانەشیان دەدایە پاڵ خودا بە درۆوە ، خودا لە پاداشتی ئەو درۆ هەڵبەستانەیان سزایان دەدات .

ئەمانەش چەند نەفامییەکی تریان بووکە ئەنجامیان دەدا ودەیاندایە پاڵ خودا ﷻ بە درۆوە ، ئەو ئاژەڵ وبەروبوومە کشتوکاڵیانەی خودا ﷻ ڕۆزی دابوون وحەڵاڵی کردبوو بۆیان ، حەرامیان دەکرد وکۆمەڵە حوکمێکی بێ بنەمایان دەربارەیان دادەهێنا ، ئەمانەش وەك ئەو "بەحیرە ، وسائبە ، وحام ، ووصیلە"بوون کە باسیان لە سورەتی (المائدە)دا هاتووە ، هەریەکە بە جۆرێك ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن وداهێنانی بێ بنەمایان دەکرد دەربارەیان ، لە هەمووشی خراپتر ئەو درۆ ودەلەسانەیان دەدایە پاڵ خودا ﷻ بۆ ئەوەی

شەرعیەت بەو کردەوانەیان بدەن ، لەپای ئەو کردارانەیان خودا ﷻ بەڵێنی داوە سزایان بدات ، ئەمەش وانە وپەندی ئەوەی تێدایە بۆ موسڵمانان کە نابێت بە حەز وئارەزووی خۆیان حەڵاڵ وحەرام بکەن وبیدەنە پاڵ خودا ﷻ وپێغەمبەرەکەی ﷺ وئاینی ئیسلام ، چونکە ئەوە لەکەس قەبوڵ ناکرێت ، وهەروەها ئەو کەسانەی یاسای پێچەوانەی ئاینی ئیسلام دەردەکەن وپیرۆزی دەدەنێ وبەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنن دڵنیابن خودا لێیان قەبوڵ ناکات وسزایان دەدات لەسەری .

﴿وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ١٣٩﴾ ودەیانگوت : ئەو بێچووانەی لە سکی ئەو ئاژەڵانەدایە تایبەتە بە نێرینەکانمان ، وحەرامە لەسەر هاوسەرەکانمان ، بەڵام ئەگەر بێچووەکە بە مردارەوە بوو لە دایك بووایە ، نێر ومێ هاوبەش دەبوون ولە گۆشتەکەیان دەخوارد ، لە ئایندەدا خودا سزایان دەدات لەسەر ئەو قسە درۆ ودەلەسانەیان ، بێگومان خودا دانای کارلەجێ وزانایە .

ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ﴾ شیری ئاژەڵەکانیان ، لە ئافرەتەکانیان حەرام دەکرد وپیاوەکانیان دەیانخواردەوە ، وهەروەها مەڕ وبزن ئەگەر بێچووی نێریان بووایە سەریان دەبڕین وگۆشتەکەی تایبەت بوو بە پیاوانەوە وئافرەتان بۆیان نەبوو لێی بخۆن ، وئەگەر مێینە بووایە وازیان لێدەهێنا وسەریان نەدەبڕی ، وئەگەر بە مردارەوە بوو لە دایك بووایە نێر ومێیان هاوبەش دەبوون ولێیان دەخوارد ؛ وتەبەری دەڵێت : خودا ﷻ ئەوەی لێ گێڕاونەتەوە وباسی ئەوەی نەکردووە کە هەندێکیان بەحەرام زانیوە وهەندێکی بە حەڵاڵ ، کەواتە : هەرچی لە سکی ئەو ئاژەڵانەدایە لە شیر

وبێچوو حەڵاڵ وتایبەتە بۆ نێرینەکانیان وحەرامیان دەکرد لەسەر مێینەکانیان ، بەوەش پیاوانیان دەدا بەسەر ئافرەتاندا ، مەگەر ئەوەی بێچووەکان بە مردارەوە بوویی لە دایك بووایە لەو کاتەدا نێر ومێ بێ جیاوازی هاوبەش دەبوون لە خواردنی گۆشتەکەی .

﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ١٤٠﴾ بێگومان زیانمەندبوون ئەو کەسانەی منداڵەکانیان بە گەمژەیی ونەفامی بەبێ زانست دەکوشت ، وئەوەی خودا ڕۆزی دابوون حەرامیان دەکرد وبە درۆوە دەیاندایە پاڵ خودا ، بە ڕاستی ئەو کەسانە گومڕا بوون وهیدایەتیان وەرنەگرتبوو .

ئەوانەی ئەو کردەوانەیان ئەنجام دەدا دۆڕاو وزیانمەندی دونیا وقیامەتن ، لە دونیادا زیانمەندن لەبەر ئەوەی منداڵەکانیان دەکوشت ، وئەو ڕۆزییەی کە خودا ﷻ بۆی حەڵاڵ کردبوون لەسەر خۆیان حەرامیان دەکرد ، وبە حەز وئارەزوویان داهێنانیان تێدا دەکرد ، ولە قیامەتیشدا لەبەر ئەو درۆ ودەلەسانەی دەیاندایە پاڵ خودا دووچاری سزای سەختی دۆزەخ دەبنەوە ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ٦٩ مَتَٰعٞ فِي ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُهُمۡ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلۡعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ٧٠﴾(يُونُس) ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەگەر پێت خۆشە نەفامی عەرەبت بۆ دەربکەوێت ئایاتەکانی سەرووی ژمارە سەد وسی سورەتی (الأنعام) بخوێنەرەوە : ﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ١٤٠﴾ .

﴿۞وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١﴾ وهەر خودایە باخەکانی بەدیهێناوە هەندێکیان پێویستی بە کەپر وداربەست هەیە ، وهەندێکیان پێویستیان پێی نییە وبە زەویدا دەکشێن ، وداری خورما ودرەخت ومیوەی جۆراوجۆری بەدیهێناوە کە تامیان جیاوازە ، وزەیتون وهەنار کە دار وگەڵاکانیان لە یەك دەچن بەڵام تامیان جیاوازە ، بخۆن لە بەروبوومیان کاتێك پێدەگەن ولەکاتی درەو کردن وچنینەوەی بەرەکانی مافی هەژارانی لێ دەر بکەن ، وزیادە ڕۆیی مەکەن ، چونکە بێگومان خودا کەسانی زیادەڕۆی خۆش ناوێت .

خودا لەم ئایەتەدا مننەت دەکات بەسەر مرۆڤەکاندا کە هەموو جۆرە باخ وبەروبوومێکی بۆ بەدیهێناون کە بە شێوە لە یەك دەچن بەڵام بەروبووم وتامیان جیاوازە ، وبۆی حەڵاڵ کردوون ولێی بخۆن ، وحەرام کردن وحەڵاڵ کردنی نەداوەتە دەستی ئێوە ، بۆیە لێی بخۆن بەڵام زیادەڕۆیی مەکەن وسوپاسگوزاری خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتانەی ، تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿مَّعۡرُوشَٰتٖ﴾ ئەو درەختانەیە هەرزاڵ وداربەستیان بۆ کراوە وخەڵك کەپری بۆ دروست کردوون ، ﴿وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ﴾ ئەو درەختانەیە لە دەشت وشاخەکاندا دەڕوێن ؛ ﴿وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ ئەوەی خودا یاساغی کردووە لەم ئایەتەدا گشتییە وهەموو جۆرەکانی زیادەڕۆیی دەگرێتەوە ، ئەحمەد وترمزی ونەسائی وئیبن ماجە لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخۆن وبخۆنەوە وببەخشن وپۆشاك لەبەر بکەن ، بەڵام بەفیز ولووت بەرز مەبن

وزیادەڕۆیی مەکەن ، بێگومان خودا ﷻ پێی خۆشە نیعمەتەکانی بەسەر بەندەکانییەوە ببینرێت ؛ ئەحمەد لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ﴾ مەبەست زەکاتی فەرزە ؛ زانایان ناکۆکن دەربارەی لێکدانەوەی : ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ﴾ ، تەبەری دەڵێت : ئەو بۆچوونە لای من پەسەندە کە دەڵێن : ئەمە فەرز بووە لە خۆراك وبەروبوومی دار ودرەخت وبەرهەمی دەغڵودانی کێڵگەکانیان ، پاشان خودا نەسخی کردووەتەوە بە فەرزکردنی زەکات ، بەو بەشە دیاری کراوە کە دە یەك وبیست یەکە ، چونکە هەموویان کۆ دەنگن زەکاتی دەغڵودان دوای درەوکردن وگێرەکردن وکوتان وپاککردنی دەردەکرێت ، وزەکاتی خورماش دوای بڕینی بەرەکەی لە دارەکە دەردەکرێت ، پاشان دەڵێت : ئەگەر کەسێك بڵێت : ڕێگر چییە کە خودا ئەمەشی واجب کردبێت لە ساماندا جگە لە زەکاتی فەرز ؟ لە وەڵامدا گوتراوە : چونکە ئەوە یان واجبە یان سوننەت ، ئەگەر واجب بێت پێویستە ڕێکاری زەکاتی تێدا ڕەچاو بکرێت ، وهەرکەسێك کەمتەرخەمی بکات لە بەجێهێنانی ئەوا سەرپێچی پەروەردگاری کردووە وتاوانبارە ؛ شەوکانی دەڵێت : زانایان ناکۆکن ئایا ئەم ئایەتە موحکەمە یان نەسخکراوەتەوە یان سوننەتە ، ئیبن عومەر رضي الله عنهما وعەتا وموجاهید وسەعیدی کوڕی جوبەیر بۆچوونیان وایە پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ لە ڕۆژی درەو کردن بەشی ئەو دەستکورتانە بدات کە ئامادەی سەر خەرمانەکە دەبن ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما ومحمدی کوڕی حەنەفیە وحەسەن ونەخعی وتاوس وئەبوشەعساء وقەتادە وزەحاك وئیبن جورەیج دەڵێن : ئەم ئایەتە نەسخکراوەتەوە بە ئایەتی زەکات ، وتەبەری ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە ، وئەوەش کە پاڵپشتی دەکات ئەوەیە ئایەتەکە مەککییە وئایەتی زەکات مەدەنییە لە ساڵی دووەمی کۆچیدا دابەزیوە ، ئەمەش بۆچوونی

جمهوری زانایانی سەلەف وخەلەفە ، وهەندێك لە زانایان دەڵێن : ئەم ئایەتە بۆ سوننەتە نەوەك واجب ؛ وسەعدی دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی زەکات لە بەروبوومدا ، وساڵ بەسەردا سوڕانەوەی (حولان الحول) نییە ، بەڵکو هەرکاتێك درەوکرا زەکاتی دەدرێت ، ودارخورما کە بەرەکەی لێکرایەوە ، زەکات تیایدا ودووبارە نابێتەوە ، ئەگەر ئەو بەرهەمە چەند ساڵێکیش لای خاوەنەکەی بمێنێتەوە ، ئەگەر بۆ بازرگانی نەبێت ، چونکە خودا فەرمانی نەکردووە بە دەرکردنی زەکاتی لە کاتی درەو کردنیدا نەبێت ؛ بەڵام ئیبن ئەبوشەیبە لە موسای کوڕی تەلحەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : موعاذ ﷺ کاتێك هات بۆ یەمەن زەکاتی وەرنەگرت لە گەنم وجۆ وخورما ومێوژ نەبێت ؛ وئەلبانی دەڵێت : ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ﴾ ئەمە دەقێکی گشتییە ، وئایا کردەوە بەم دەقە گشتییە کراوە ؟ ، بەوەی هەرچی لە زەوییەوە دەڕوێت پێویست بێت لەسەر موسڵمان ئەگەر بەرهەمەکەی گەیشتە پێنج وسق "کە دەکاتە نزیکەی شەش سەد وپەنجا کیلۆ" زەکاتەکەی دەر بکات ئەگەر دێم بوو دەیەکی دەر بکات وئەگەر بەراو بوو بیست یەکی دەر بکات ؟ هەرگیز کردەوە بەو ڕەهاییە نەکراوە ، بە بەڵگەی ئەوەی زانایان کۆ دەنگن کە سەوزەوات زەکاتی تێدا نییە ، بەڵام لە بابەتی پاککردنەوەی دەروون هەندێکی لێ دەبەخشێت بەکردار کردن بەم ئایەتە ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ﴾ ، بەروبوومەکەی هەرچی بێت ، ئەگەر زەکاتی ئەو بەرهەمە لە ئیسلامدا دیاری کرابوو بەو شێوەیە زەکاتی دەردەکات ، وئەگەر بە ڕەهایی باسکرابوو شتێکی بە ڕەهایی لێ دەبەخشێت ، ئەمە ئەو مەبەستەیە کە لە بەڵگەکانی قورئان وسوننەتدا هاتووە .

﴿وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ١٤٢﴾ لە ئاژەڵانیش خودا هەندێکی بۆ باری وهەندێکی بۆ شیر وگۆشت وخوری بۆ بەدیهێناون ، بخۆن لەوەی خودا ڕۆزیداون وشوێن هەنگاو وفەرمانەکانی شەیتان مەکەون ، چونکە بە ڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکراتانە .



تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿حَمُولَةٗ﴾ بریتییە لە حوشتر وئەسپ وهێستر وگوێدرێژ ، وهەموو ئاژەڵێك کە باری لێ بارده‌کرێت ، و﴿وَفَرۡشٗاۚ﴾ بریتییە لە مەڕ وبزن .

﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٤٣﴾ خودا هەشت جۆر ئاژەڵی بۆ بەدیهێناون ، چواریان مەڕ وبەران وبزن وساورینە ، بڵێ : ئایا خودا نێرەکانی حەرام کردووە یان مێیەکان یان ئەو بێچووانەی لە سکی مێینەکاندان ؟ ، بە زانستەوە هەواڵم بدەنێ ووەڵامم بدەنەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن .

﴿وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٤﴾

وچوارەکەی تریان حوشتری نێرومێ ومانگای نێرومێیە کە بۆی بەدیهێناون ، بڵێ : ئایا خودا نێرەکانی حەرام کردووە یان مێیەکان یان ئەو بێچووانەی لە سکی مێینەکاندان ؟ ، ئایا ئێوە شایەتن کە خودا وەسیەتی پێ کردوون بە حەرام کردنی ئەم ئاژەڵانە ؟ ، کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بە ناوی خوداوە درۆ هەڵبەستێت بۆ ئەوەی خەڵك گومڕا بکات بەبێ زانست ، بێگومان خودا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادات .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەمە بۆ دەرخستنی نەفامی عەرەبە پێش ئیسلام کە هەندێك لە ئاژەڵەکانیان حەرام کردبوو ودابەشیان کردبوون بۆ چەند جۆرێك : بەحیرە ، وسائبە ، ووصیلە ، وحام ، وجگە لەوانەش ئەوەی دایانهێنابوو دەربارەی ئاژەڵەکان وبەروبووم ودەغڵودان ، خودا ﷻ ئەوەی ڕوون کردەوە کە باخی هەڵبەستراو بە داربەست وکەپر ومیوە وسەوزەی خشۆکی بۆ بەدیهێناون ، ولە ئاژەڵەکانی سواری وباری بۆ گۆشت وشیر وخوری بۆ بەدیهێناون ، پاشان ڕەگەزی ئاژەڵەکانی بۆ دیاری کردن کە بۆی حەڵاڵ کردوون وهیچ لەوانەی لەسەر حەرام نەکردوون ، بەڵکو هەموو بۆ سودی نەوەکانی ئادەم عليه السلام دروست کردووە ، کە لێیان بخۆن وبۆ سواربوون وبارهەڵگرتن ودۆشین بەکاریان بهێنن ، وهەموو جۆرەکانی تری سود لێ وەرگرتن سودیان لێ وەربگرن .

﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ

وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٥﴾ بڵێ : لە قورئاندا کە بە سروش بۆم هاتووە حەرامی خواردنی ئەوەی کەسێك بیخوات نابینمەوە جگە لە مردارەوەبوو وخوێنی ڕژاو وگۆشتی بەراز کەپیسە یان ئەو ئاژەڵەی کە لە سنوری گوێڕایەڵی خودا دەرکرابێت بەوەی لە کاتی سەربڕیندا ناوی جگە لە خودای لێ بهێنرێت ، وئەگەر کەسێك ناچاربوو لەو حەرامکراوانە بخوات بەبێ ویست وئارەزوو ، وسنوور نەبەزێنێت ولەو ئەندازە زیاتر نەخوات کە پێویستی پێیەتی،بێگومان پەروەردگارت لێخۆشبوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە .

مردارەوەبوو لێرە بەشێوەیەکی گشتی باسکراوە بەڵام مردارەوەبووی دەریا وکوللەی لێ هەڵاوێردەکراوە خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ ﴿٩٦﴾﴾(المَائِدَة) ، وئەحمەد وئیبن ماجە وحاکم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوو مردارەوەبوو ودوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە : ماسی وکوللە ، وجگەر وسپڵ ؛ ومەبەست لە خوێن ئەو خوێنەیە کە لە ئاژەڵ وباڵندە دەچۆڕێت ودەڕژێت دوای سەربڕینیان وئەو خوێنە مەبەست نییە کە لە خوێنبەر وخوێنهێنەرەکاندا دوای سەربڕین دەمێنێتەوە ، تەبەری لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا﴾ ئەگەر ئەم ئایەتە نەبووایە موسڵمانانیش موولوولەکانی خوێنیان دەپشکنی وەك چۆن جوولەکەکان دەیان پشکنی ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسێك هات بۆ لای ئیبن عەباس رضي الله عنهما گوتی : سپڵ بخۆم ؟ گوتی : بەڵێ ، گوتی : زۆربەی خوێنە ! گوتی : بێگومان خودا خوێنی ڕژاوی حەرام کردووە ؛ وبە فەرموودەکەی ئیبن عومەریش رضي الله عنهما جگەر وسپڵ لە خوێنە حەرام کراوەکان دەرکراوە ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ﴾ گۆشتی بەراز بەز وپیوەکەشی

دەگرێتەوە چونکە لە گۆشت وخوێنەکەیەوە گەشە دەکات ، ئیبن کەسیر دەڵێت : قورتبی باسی ئەوەی کردووە ئەگەر کەسێك برسێتی تەنگی پێهەڵچنیبێت مردارەوەبوویەکی دەستکەوێت لەگەڵ خۆراکی کەسانی تر کە بزانێت تووشی دەست بڕین نابێت وزیانی پێناگات ، ئەو کاتە دروست نییە بۆی لە مردارەوەبووەکە بخوات بەڵکو لەو خۆراکەی کە مولکی کەسانی ترە دەخوات زانایان لەو بارەیەوە هیچ ناکۆك نین ؛ ئایا تەنها ئەم ئاژەڵانە حەرامن یان کۆمەڵە ئاژەڵ وباڵندەیەکی تریش حەرام کراون ؟ ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ﴾ مانای ئەوەیە هیچ شتێکی تر جگە لەمانە بە حەرام نابینم ، وگوتراوە : هیچ شتێك لە ئاژەڵان بە حەرام نابینم جگە لەمانە ، وئەو حەرام کراوانەی دوای ئەم سورەتە دابەزیون لە سورەتی (المائدة) وئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوون ناگرێتەوە ، ئەمەش ئەو تێگەیشتنە هەڵدەگرێت کە لەم ئایەتەدا هاتووە ، وتەنها ئەوانە مەبەست نییە ، هەندێك خەڵك بەمە دەڵێن : نەسخ ، بەڵام زۆربەی زانایانی ئەم دواییانە پێی ناڵێن نەسخ ؛ قورتبی دەڵێت : خودا ﷻ لەم ئایەتەدا پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگادار کردووەتەوە لەو شتانەی کە حەرام کراون ، مانای ئەوەیە ئەی محمد ﷺ بڵێ : لە قورئاندا کە بە سروش بۆم ڕەوانەکراوە هیچ بە حەرام نابینم جگە لەم شتانە ، وئەو شتانە حەرام نین کە بە حەز وئارەزووی خۆتان حەرامی دەکەن ، وئایەتەکە مەککییە ، لەو کاتەدا لە شەریعەتدا هیچ شتێك حەرام نەبوو جگە لەمانەی کە باسکراوە ، پاشان سورەتی (المائدة) لە مەدینە دابەزی ، حەرامکراوەکان زیادکران ، وەك : ئاژەڵی خنکاو ، وئەو ئاژەڵەی بە هۆی لێدان وپیاکێشاندا مردار دەبێتەوە ، وئەوەی بەردەبێتەوە وهەڵدەدێرێت لە شاخێکەوە یان لە شوێنێکی بەرزەوە ، وئەوەی بە هۆی شاخ لێدانی وشەڕە قۆچی ئاژەڵێکی ترەوە مردار دەبێتەوە ، ومەی وجگە لەوانەش ،

وپێغەمبەری خودا ﷺ لە مەدینە خواردنی هەموو درندەیەکی کەڵپەدار وهەموو باڵندەیەکی چرنووکداری حەرام کرد ؛ ئیبن حبان لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : مەرێکی مەیمونەی دایکی باوەڕداران رضي الله عنهما مردارەوە بوو ، بە پێغەمبەری خودای ﷺ گوت : مەرەکە مردارەوە بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەی بۆچی پێستەکەت لێ نەکردەوە ؟ گوتی : پێستی مەرێك بکەینەوە کە مردارەوە بووە ؟! ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا دەفەرموێت : ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا﴾ ئاساییە ئەگەر خۆشەی بکەن وسودی لێ ببینن ، مەیمونە رضي الله عنها دەڵێت : ناردمان پێستەکەیان لێکردەوە ، وکردمان بە مەشکە وبەکارمان هێنا هەتاکو کۆن بوو ودڕا ؛ وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خەڵك لە سەردەمی نەفامی هەندێك شتیان دەخوارد وهەندێکیشیان واز لێ دەهێنا وقێزیان لێ دەکردەوە ، خودا پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕەوانە کرد وقورئانی دابەزاند ئەوەی خودا حەرامی کردووە ئەوە حەرامە وئەوەی خودا حەڵاڵی کردووە ئەوە حەڵاڵە ، وئەوەی لێی بێدەنگ بووە ئەوە بەخشراوە وئاساییە خواردنی : ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٥﴾﴾ ؛ وبوخاری ومسلم لە جابرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا یاساغی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی کرد وڕوخسەتی خواردنی ئەسپی دا ؛ ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە

دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا یاساغی کرد لە خواردنی گۆشتی هەموو باڵندەیەك کە چڕنووکی هەبێت ، وهەموو درندەیەك کە کەڵپەی هەبێت ؛ وباسی ئەو باڵندە وئاژەڵانەی کە حەرامن لە سەرچاوە فقهییەکاندا بەدرێژی هاتووە .

﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ١٤٦﴾ ولەسەر جوولەکەکان گۆشتی هەموو باڵندە وئاژەڵێکی نینۆکدارمان حەرام کرد ، ولە مانگا ومەڕ وبزنیش بەز وپیوەکەیمان لەسەر حەرام کردن ، جگە لەو بەز وچەورییانەی کە بە پشتیانەوە یان ڕێخۆڵەکانیانەوە نووساوە یان تێکەڵ بووە لە ئێسقانی ئاژەڵەکان ، ئەوانەمان لە پاداشتی سنور بەزاندن وسەرپێچی فەرمانەکانی خودا حەرام کرد لەسەریان ، بێگومان ئێمە ڕاستگۆین لەوەی بۆمان گێڕایتەوە کە حەرامان کردبوو لەسەریان ، یان دادگەرین کە بەو شێوەیە سزاماندان وپاداشتمان دانەوە .

تەبەری دەڵێت : ﴿كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ﴾ هەموو ئاژەڵ وباڵندەیەك دەگرێتەوە کە پەنجەکانیان پێکەوە نوسابن وشەق نەکرابێت ، وەك : حوشتر وحوشترمرغ وقاز ومراوی ؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ﴾ ئەو ئاژەڵ وباڵندانەیە کە بۆشایی نییە لە نێوان پەنجەکانیان ؛ وتەبەری وئیبن ئەبوحاتەم وبەیهەقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : مەبەست حوشتر وحوشترمرغە ؛ بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : هەواڵ گەیشت بە عمر رضي الله عنه کە سەمورەی کوڕی جوندب رضي الله عنه پارەی لای جوولەکە بووە لە بری ئەوە مەی وەرگرتووە وبە خۆیانی فرۆشتووەتەوە ، عمر


الجزء الثامن سورة الأنعام

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ
بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟
لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ
كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا
قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا
ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ
فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ
ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا ۖ فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ
مَعَهُمْ ۚ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ
لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٠﴾ ۞ قُلْ
تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا۟
بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم
مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ
مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ
إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾

١٤٨

رضی الله عنه گوتی : خودا سەمورە لە ناوبدات ، ئایا نازانێت کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : نەفرەتی خودا لە جوولەکە ، کاتێك بەز وپیویان لێ حەرام کرا ، تواندیانەوە وفرۆشتیان ؛ وبوخاری ومسلم لە جابری کوڕی عبداللەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ساڵی ڕزگار کردنی شاری مەککە گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ لە مەککە دەیفەرموو : خودا وپێغەمبەرەکەی فرۆشتنی مەی ومردارەوە بوو وبەراز وبتیان حەرام کردووە ، گوترا : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەی بەز وپیوی مردارەوە بوو ؟ کە کەشتی وچەرمی پێ چەور دەکرێت وخەڵك بۆ ڕووناك کردنەوە بە کاری دەهێنن ؟ فەرمووی : نەخێر ، ئەوە حەرامە ، پاشان دوای ئەوە فەرمووی : نەفرەتی خودا لە جوولەکە ، کاتێك خودا بەز وپیوی لەسەر حەرام کردن ، تواندیانەوە ، پاشان فرۆشتیان وپارەکەیان خوارد .

﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾﴾ ئەگەر باوەڕیان پێنەکردیت وبە ڕاستیان نەزانیت ، بڵێ : پەروەردگارتان خاوەن بەزەییەکی فراوانە پەلە ناکات لە سزادانی سەرپێچیکاران ، بەڵام کەس ناتوانێت بەر بەسزای خودا بگرێت وڕەتی بکاتەوە کاتێك بیەوێت سزای تاوانباران بدات .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە سودییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : جوولەکە دەیانگوت : ئەو شتانە یەعقوب عليه السلام حەرامی کردووە بۆیە ئێمەش بە حەرامی دەزانین ، لەبەر ئەوە خودا دەفەرموێت : ﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ١٤٧﴾ ؛ خودا سبحانه وتعالى فەرمان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات کاتێك ئەو حەرامکراوانەی بۆ باسکردن کە خودا بە هۆی ستەم وتاوانکارییانەوە حەرامی کردبوو لەسەریان ، وجوولەکە دەیانگوت : خودا لەسەری حەرام نەکردووین بەڵکو یەعقوب عليه السلام حەرامی کردووە لەبەر ئەوە ئێمە بە حەرامی دەزانین ، بڵێت : پەروەردگارتان خاوەن بەزەیی ومهرەبانییەکی فراوانە لەگەڵ هەموو ئەو سنور بەزاندن وستەمانەتان پەلە ناکات لە سزادانتان ، بەڵام کاتێك ویستی سزای تاوانباران بدات هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگا بە سزای خودا بگرێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا مۆڵەتی ستەمکار دەدات ، بەڵام کاتێك دووچاری سزای خودا بوو ڕزگاری نابێت ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ١٠٢﴾(هُود).

﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ١٤٨﴾ ئەو کەسانەی هاوبەش بڕیاردەرن دەڵێن : ئەگەر خودا بیویستایە نە ئێمە ونە بابوباپیرانمان هاوبەشمان بۆ خودا بڕیار نەدەدا ، وهیچ شتێکمان حەرام نەدەکرد ، هەربەوشێوە پێشینانیان درۆیان کرد هەتا سزای ئێمەیان چەشت وگیرۆدە بوون ، بڵێ : هیچ بەڵگە وزانستتان هەیە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێن

بۆمانی بخەنە ڕوو ، ئێوە تەنها شوێنی گومان دەکەون وشتەکان دەخەملێنن ، وهیچ زانستتان نییە لەو بارەیەوە .

﴿قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٤٩﴾ بڵێ : بەڵگەی بەهێز ویەکلاکەرەوە وبیانووبڕ لای خودایە ، ئەگەر بیویستایە هەمووتانی هیدایەت دەدا .

حاکم لە تاوسەوە ڕیوایەتی کردووە زەهەبی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئیبن عەباس رضي الله عنهما گوێی لە کەسێك بوو دەیگوت : شەڕ وخراپە قەدەر نییە ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما گوتی : لە نێوان ئێمە وئەو کەسانەدا کە قەدەری خودا ڕەت دەکەنەوە "قەدەرییەکان" ئەو ئایەتانە هەیە : ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨ قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٤٩﴾ ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : تەمبەڵی وژیریش لە قەدەرەوەیە .

﴿قُلۡ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشۡهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١٥٠﴾ بڵێ : گەواهیدەرەکانتان بهێنن کە گەواهیتان بۆ دەدەن کە خودا ئەم شتانەی حەرام کردووە ، ئەگەر گەواهییاندا تۆ گەواهییان لەگەڵ مەدە ، وشوێن حەز وئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی ، وئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە ، وبت وپەیکەر دەکەن بە هاوتای پەروەردگاریان .

خودا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێت : ﴿فَإِن شَهِدُواْ﴾ ئەگەر کەسانێکیان هێنا گەواهییاندا کە خودا ئەو شتانەی حەرام کردووە کە دەیلێن ، ﴿فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ﴾ تۆ لەگەڵیان گەواهی مەدە ، چونکە گەواهیدەری درۆزنن لە گەواهیدانەکانیان ودرۆ دەدەنە پاڵ خودا ، ڕووی گوتار لە پێغەمبەری خودایە ﷺ بەڵام مەبەست هاوەڵانی وباوەڕدارانیشە ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ وشوێنیان مەکەوە لەو درۆکردنەیان کە لە خۆیانەوە شتانێك حەرام دەکەن ، بەڵکو شوێن کتێبەکەی پەروەردگارت بکەوە کە بە سروش بۆی دابەزاندوویت ، وبە هیچ شێوەیەك کەس ناتوانێت ئایەت وبەڵگە ونیشانەکانی بگۆڕێت ، ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ﴾ وهەروەها شوێن حەز وئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نییە ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ﴿وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾ هەندێك بت وپەیکەر دەکەن بە هاوتای خودا ودەیانپەرستن .

﴿۞قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗاۖ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡۖ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٥١﴾ بڵێ : وەرن ئەو شتانەتان بۆ باس بکەم وبیخوێنمەوە کە پەروەردگارتان لە سەرتانی حەرام کردووە ، هیچ شتێك مەکەن بە هاوبەشی خودا ، وچاکەکاربن لەگەڵ دایك وباوکتان ، ولە ترسی هەژاری ورۆزییان منداڵەکانتان مەکوژن وزیندەبەچاڵیان مەکەن ، ئێمە ڕۆزی ئێوە وئەوانیش دەدەین ، ونزیکی تاوان وخراپەکان مەکەونەوە ئەوانەی کە ئاشکران یان شاراوەن ، وکەس مەکوژن کە خودا حەرامی

کردووە بە حەق نەبێت ، ئەمە ئەو شتانەیە کە خودا وەسیەتتان پێ دەکات ڕەچاویان بکەن ئەگەر ئێوە ژیرن ولە شتەکان تێدەگەن .

حاکم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وزەهەبی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : لە سورەتی (الأنعام)دا کۆمەڵە ئایەتێکی موحکەم هەیە کە بنەمای قورئانن ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْۖ أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـٔٗاۖ﴾ ، لەم ئایەتەدا خودای پەروەردگار باسی هەندێك لە تاوانە گەورەکان دەکات ، لە سەرەتاوە بە هاوبەش بڕیاردان دەستی پێکرد ، ﴿أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـٔٗاۖ﴾ هاوبەش بڕیاردان تەنها تاوانە کە ئەگەر خاوەنەکەی بمرێت وهاوبەشی بۆ خودا بڕیاردابێت خودا لێی خۆش نابێت ، وهەر تاوانێکی تر دەشێت خودا لە خاوەنەکەی خۆشبێت ، وئەگەر سزاش بدرێت بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە وسەرئەنجام بە هۆی یەکخوداپەرستییەکەیەوە لە دۆزەخ ڕزگاری دەبێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوزەرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : جبریل ﷺ هات بۆ لام مژدەی پێدام ، فەرمووی : هەرکەسێك لە ئوممەتەکەت بمرێت وهیچ هاوەڵێك بۆ خودا بڕیار نەدات دەچێتە بەهەشتەوە ، گوتم : ئەگەر زیناش بکات وئەگەر دزیش بکات ؟ فەرمووی : ئەگەر زیناش بکات وئەگەر دزیش بکات ؛ ومسلم لە ئەبوزەرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس بە نزیکەی پڕی هەموو سەر زەوی تاوانەوە بگەڕێتەوە بۆ لای خودا بەڵام هاوبەشی بۆ خودا بڕیارنەدابێت ، خوداش ﷻ بە هاوشێوەی ئەوە لێخۆشبوونە پێی دەگات ولێی خۆش دەبێت ، وخودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن

يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾﴾(النِّسَاء) ، ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه رِیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك بمرێت وهاوبەشی بۆ خودا دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە ؛ و﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾ چاکەکاری لەگەڵ دایك وباوکدا لە زۆر شوێنی قورئان وسوننەتدا لەگەڵ یەکخوداپەرستیدا باسکراوە ، وخراپ بوونیش لەگەڵیان لەگەڵ هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا باسکراوە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ﴿٢٣﴾﴾(الإِسْرَاء) ، وخودا وەسیەتی کردووە بە چاکەکاری لەگەڵ دایك وباوکدا ئەگەر بێباوەڕیش بوون ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه رِیوایەتیان کردووە دەڵێت : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ کام کردەوە خۆشەویسترین کردەوەیە بە لای خوداوە ؟ فەرمووی : بەجێهێنانی نوێژەکان لە کاتی خۆیدا ، گوتم : دوای ئەوە ؟ فەرمووی : چاکەکاری لەگەڵ دایك وباوکدا ؛ ولەسەردەمی نەفامیدا منداڵەکانیان لە ترسی هەژاری دەکوشت ، کە ئەمە یەکێکە لە تاوانە گەورە ترسناکەکان کە شەیتان بۆی ڕازاندبوونەوە ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه رِیوایەتیان کردووە دەڵێت ، گوتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ کام تاوان لە هەموو تاوانەکان گەورەترە ؟ فەرمووی : هاوبەش بۆ خودا دابنێیت کە دروستی کردوویت ، گوتم : دوای ئەوە ؟ فەرمووی : کوڕەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی خۆراکت لەگەڵ بخوات ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : خودا لە سورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ ﴿٣١﴾﴾ ، واتە : منداڵەکانتان مەکوژن لە ترسی هەژاری لە ئایندەدا ، لەبەر ئەوە لێرە دەفەرموێت : ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ﴿٣١﴾﴾ بە ڕۆزی منداڵەکان لە سەرەتاوە دەستی پێکرد بۆ گرنگیدان بە منداڵەکان ، واتە :

مەترسن لە هەژاری بە هۆی ئەوانەوە ، چونکە ڕۆزییان لای خودایە ، بەڵام لەم ئایەتەدا لەبەر ئەوەی خاوەنی منداڵەکان تووشی هەژاری بوون فەرمووی : ﴿نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡۖ﴾ ، چونکە لێرە ئەوە گرنگە کە ترسیان لە هەژاری بڕەوێنێتەوە ؛ ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَۖ﴾ ئەمە هەموو تاوان وسەرپێچییەکی فەرمانەکانی خودا دەگرێتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کەس لە خودا بە غیرەت تر نییە بەرامبەر بەندەکانی ، لەبەر ئەوەیە هەموو تاوان وخراپەکانی لەسەر حەرام کردوون ، ئەوانەیان ئاشکران یان بە شاراوەیی ئەنجام دەدرێن ؛ ﴿وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ﴾ وکوشتنی موسڵمان بە نارەوا یەکێکی ترە لە تاوانە گەورە لە ناوبەرەکان ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە کە گەواهی بدات هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خودا وگەواهی بدات محمد ﷺ پێغەمبەری خودایە ، بە هۆی سێ شتەوە نەبێت ، پیاو یان ژن کە هاوسەرگیرییان کردبێت وزینا بکەن ، وکوشتنی لە بری کوشتنی موسڵمانێك ، وئەو کەسەی لە ئاینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە وپشت لە کۆمەڵی موسڵمانان دەکات ؛ ئەوەی جێگای باسە کوشتنی ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین ولەگەڵ موسڵماندا بەڵێن وپەیمانێکیان هەیە حەرامە ، بوخاری لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك کەسێك بکوژێت کە پەیمانی لەگەڵ موسڵماناندا هەبێت ، بۆنی بەهەشت ناکات ، کە بۆنی لە دووری چل ساڵ ڕۆژە ڕێوە هەستی پێ دەکرێت ؛ وترمزی لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَنْعَامِ

وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۖ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾
وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ أَن تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوْ تَقُولُوا۟ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ ﴿١٥٧﴾

١٤٩

کەسێك بکوژێت کە بەڵێن وپەیمانی هەبێت لەگەڵ موسڵمانانداە بە بەڵێن وپەیمانی خودا وپێغەمبەرەکەی ، ئەوە بەڵێن وپەیمانی خودا وپێغەمبەرەکەی شکاندووە ، وبۆنی بەهەشت ناکات ، کە بۆنەکەی لە دووری حەفتا پایز ڕۆژە ڕێوە هەستی پێدەکرێت .

﴿وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۖ وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾﴾ ونزیکی ماڵی هەتیو مەکەونەوە مەگەر بتانەوێت باشتریان بۆ بکەن هەتاکو باڵغ دەبن وپێدەگەن ، وپێوانە وکێشانەی تەرازووتان با دادگەرانە بێت ، داوای شتێك ناکەین لە کەسێك کە لە توانا بەدەربێت ، وکاتێك ناوبژیتان کرد دادگەرانە قسە بکەن ئەگەر لە دژی خزمانیشتان بێت ، ووەفاداربن بە بەڵێنی خوداوە ، ئەمە ئەو شتانەیە کە خودا وەسیەتی پێکردوون وڕایسپاردوون کە بەجێیان بهێنن ، بەڵکو هەردەم لە یادتانبن وڕەچاویان بکەن .

ئەم ئایەتە درێژەی ئەو شتانەیە کە خودا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕاگەیاندووە کە بە هاوبەش بڕیاردەرانی بڵێت : ﴿وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ

أَشُدَّهُۥ﴾ واتە : نزیکی ماڵ وسامانی هەتیوان مەکەونەوە مەگەر بتانەوێت بازرگانی پێوە بکەن ولە وەبەرهێناندا بەکاری بهێنن بۆیان ، عبدالرزاق لە ئیبن عومەر رضي الله عنهما وموجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێن : ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ﴾ واتە : سامانی هەتیوەکان مەدەن بە قەرز ؛ وئەبوداود ونەسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : کاتێك خودای پەروەردگار ئەو ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ ، وئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا ١٠﴾(النِّسَاء) ، هەرکەس سامانی هەتیوی لابوو ڕۆیشت خواردنی لە خواردنیان جیاکردەوە وخواردنەوەی لە خواردنەوەیان جیاکردەوە ، ئەگەر شتێك لە خواردنەکەیان بمایەتەوە هەڵیاندەگرت هەتاکو هەتیوەکان دەیانخوارد یان خراپ دەبوو ، ئەمە قورس بوو لەسەریان وپێیان ناخۆش بوو ، ئەوەیان باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ ٢٢٠﴾(البَقَرَة) دوای ئەوە خواردن وخواردنەوەکەیان لەگەڵدا تێکەڵ کردنەوە ؛ ﴿وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ﴾ خودا فەرمان بە دادگەری دەکات لە کاتی کێشانە وپێوانەدا بەوەی مافی بەرامبەرەکان بە تەواوی بدرێت وهەڕەشەی لەو کەسانە کردووە کە کاتێك لە بەرژەوەندی خۆیان کێشانە وپێوانە دەکەن مافی خۆیان بە تەواوی وەردەگرن ، بەڵام ئەگەر بۆ خەڵك کێشانە وپێوانە بکەن مافەکانیان بە تەواوی پێنادەن وەك دەفەرموێت : ﴿وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ١ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ٢ وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ٣﴾(المُطَفِّفِينَ) ، ترمزی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، بەو کەسانەی کە پێوانە

وکێشانە بۆ خەڵك دەکەن دەڵێت : ئێوە دوو شتتان بە دەستە کە ئوممەتەکانی پێش ئێوە بە هۆیانەوە تیاچوون ؛ وتەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر پێنج کردارتان ئەنجامدا سزا دەدرێن بە پێنج سزا ، هیچ گەلێك نییە پەیمان شکێنی بکەن ئیللا خودا دوژمن زاڵ دەکات بەسەریاندا ، وئەگەر حوکم نەکەن بە قورئان ئیللا هەژارییان تێدا بڵاو دەبێتەوە ، وئەگەر تاوان وخراپەکاری لە نێوانیاندا دەرکەوێت ئیللا مردنتان تێدا بڵاو دەبێتەوە ، وئەگەر گزی بکەن لە پێوانە وکێشانەدا ئیللا تووشی کەمی ڕووەك وقاتوقڕی دەبنەوە ، وئەگەر زەکاتی سامانەکانتان دەرنەکەن بارانتان لە ئاسمانەوە لێ دەگیرێتەوە ؛ وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ﴾ مەبەست ئەوەیە ئەگەر هەرکەسێك بە گوێرەی توانای خۆی هەوڵیدا مافەکان بەجێ بهێنێت ، دوای ئەوە هەڵەی کرد تاوانی لەسەر نییە ، ﴿وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ﴾ دادگەری وحەق بێژی لە سیفەتی موسڵمانانە ووەسیەتی خودا وپێغەمبەرەکەیەتی ﷺ بۆیان ، ئیبن حبان لە ئەبوزەرەوە رضی الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خوشەویستم محمد ﷺ بە کۆمەڵە خەسڵەتێکی چاکە وەسیەتی پێکردم : وەسیەتی بۆ کردم لەبەر خودا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسم ، ووەسیەتی بۆ کردم کە حەق بێژم ئەگەر تاڵیش بێت .

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ بێگومان ئەو شتانەی وەسیەتمان بۆ کردن ڕێگای ڕاست وئاینی خودایە ، پەیڕەوی لێ بکەن وشوێنی بکەون ، وشوێن ئاین ورێچکەکانی تر مەکەون کە لە ڕێگای ڕاست وئاینی خودا هەڵەتان دەکەن ودوورتان

دەخەنەوە ، ئەو شتانەی کە وەسیەتمان بۆ کردوون وڕامان سپاردوون ڕەچاویان بکەن ، بەڵکو پارێزکاربن ولە خودا بترسن .

ئەحمەد وئیبن ماجە لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : لای پێغەمبەری خودا ﷺ دانیشتبووین ، هێڵێکی ڕاستی کێشا ، ولە لای چەپییەوە دوو هێڵ ولە لای ڕاستییەوە دوو هێڵی کێشا ، وپاشان دەستی خستە سەر هێڵە ڕاستەکەی ناوەڕاست وفەرمووی : ئەمە ڕێگای ڕاستی خودایە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾ .

﴿ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ١٥٤﴾ وکتێبی تەوراتمان بەخشییە پێغەمبەر موسا بۆ ئەوەی نیعمەتی خۆمانی بۆ تەواو بکەین ، وبە درێژی هەموو شتێکمان بۆ باسکرد کە پێویستی پێی بوو لە شەریعەتەکەیدا ، ومایەی هیدایەت وبەزەییە ، بەڵکو باوەڕداربن بە دیداری پەروەردگاریان .

هەندێك لە ڕاڤەکاران دەڵێن : ﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ﴾ مانای ئەوەیە نیعمەت وچاکەمان بەسەر چاکەکاراندا تەواو کردووە ، وتەبەری دەڵێت : پەسەندترین بۆچوون لای من بۆچوونی ئەو زانایانەیە کە دەڵێن : تەوراتمان بەخشییە پێغەمبەر موسا عليه السلام بۆ تەواوکردنی نیعمەتەکانمان بەسەرییەوە ، لەپای بە چاکە ڕاپەڕاندنی ئەوەی فەرمانمان پێکرد ودوورکەوتنەوەی لەوەی یاساغیمان لێکرد ؛ وئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئایا ﴿بِلِقَآءِ ٱللَّهِۗ ٣١﴾(الأنعام) ، مانای بینینی خودایە سبحانه وتعالى ؟ هەندێك لە زانایان ئەم ئایەتە وئایەتی :

﴿فَمُلَٰقِيهِ ٦﴾(الانشِقَاق)یان کردووەتە بەڵگە بۆ بینینی خودا ﷻ، وەدەڵێن : "لقاء" ڕووناداتە ئەگەر دیدار نەبێت ، بەوەش ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بینینی خودا ﷻ ، وبینینی خودا ﷻ بە دەقی ئایەت وفەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ وکۆڕای زانایانیش جێگیر بووە ؛ وخەتابی دەڵێت : (اللقاء) بە چوار مانا دێت : بینین بە چاو ، وبە مانای زیندووبوونەوە دێت وەك ئەو ئایەتەی خودا دەفەرموێت : ﴿كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ ٣١﴾(الأَنعَام) ، وبە مانای مردن دێت وەك ئەو ئایەتەی خودا دەفەرموێت : ﴿مَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَأٓتٖۚ ٥﴾(العَنكَبُوت) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ٨﴾(الجُمُعَة) ، وئیبن ئەسیر دەڵێت : ((مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللهِ أَحَبَّ اللهُ لِقَاءَهُ)) مەبەست لە (لقاء الله) لێرە گەڕانەوەیە بۆ قیامەت ، وهەوڵی بەدەستهێنانی پاداشتی خودایە ومەبەست پێی مردن نییە ، چونکە هەموو کەس مردنی پێ ناخۆشە ، هەرکەسێك واز لە دونیا بهێنێت وڕقی لێی بێت (لقاء الله)ی پێ خۆشە ، وهەرکەسێك دونیای خۆش بوێت ومەیلی بداتێ (لقاء الله)ی پێ ناخۆشە ، چونکە بە مردن پێی دەگات .

﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ١٥٥﴾ وئەم کتێبە کە قورئانە ناردوومانەتە خوارەوە کتێبێکی پیرۆزە ، دەسا شوێنی بکەون وپەیڕەوی ڕێنماییەکانی بکەن ، ولە خودا بترسن وپارێزکاربن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکات ولە سزای ڕزگارتان ببێت .

﴿أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ١٥٦﴾ بۆ ئەوەی هاوبەش بڕیاردەران نەڵێن : تەنها کتێب بۆ جوولەکە وگاور پێش

ئێمە دابەزیوە ، وئێمە تێنەگەیشتین کەچی دەڵێن وسەرقاڵ وبێ ئاگا بووین لەوەی لە کتێبەکانیاندا هەیە ، وهیچ زانست وزانیاریمان دەربارەیان نەبوو .

ئەم ئایەتە بیانووی هاوبەش بڕیاردەرانی عەرەب ناهێڵێت کە قورئانیان بە زمانی خۆیان بۆ دابەزێنراوە بۆ ئەوەی نەڵێن : تەنها جوولەکە وگاور کتێبیان بۆ هاتووە ئێمەش لەوان تێنەدەگەیشتین .

﴿أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ١٥٧﴾ یان بڵێن : بێگومان ئەگەر ئێمەش کتێبمان بۆ دابەزێندرایە لەوان باشتر هیدایەتمان وەردەگرت وشوێن کتێبەکەمان دەکەوتین ، بێگومان بەڵگەی ڕوون وئاشکراتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ئەگەر پەیڕەوی بکەن دەبێتە مایەی هیدایەت ورەحم وبەزەیی بۆتان ، کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە ئایەتەکانی خودا بە درۆ دەزانێت وپشتیان تێدەکات ؟ ئەو کەسانەی پشت لە ئایەتەکانمان دەکەن سزای توند وسەختیان دەدەین لەبەر ئەو پشت هەڵکردنەیان .

شەوکانی دەڵێت : ﴿سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ﴾ تووشی سزای خراپ دەبنەوە بە هۆی پشت هەڵکردنیانەوە لە ئایەتەکانی خودا ؛ وسەعدی دەڵێت : سزایەك دەدرێن کە خراپە بە لایانەوە وقورسە لەسەریان .

﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨﴾ ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن جگە لەوەی


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَنْعَامِ

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ
ءَايَٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا
لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟
إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ
مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ
﴿١٥٩﴾ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ
فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ قُلْ إِنَّنِى هَدَىٰنِى رَبِّىٓ
إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ
مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾ قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ
رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ
﴿١٦٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ
نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم
مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ
خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى
مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٥﴾

١٥٠

کە فریشتەی ڕوح کێشان ویارمەتیدەرەکانی بێن لەسەرە مەرگدا ڕوحیان بکێشن ، یان پەروەردگارت بێت لە ڕۆژی قیامەتدا وبڕیار بدات وحوکم بکات لە نێوانیان ، یان هەندێك لە بەڵگە ونیشانەکانی پەروەردگارت دەربکەوێت ، لەو ڕۆژەدا کە هەندێك لە ئایەتەکانی پەروەردگارت دەردەکەون باوەڕهێنان سود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت ئەگەر پێش دەرکەوتنی ئەو نیشانانە باوەڕی نەهێنابێت ، یان ئەگەر باوەڕداریش بێت وکردەوەی باشی ئەنجام نەدابێت دوای ئەوە کردەوە سودی پێ ناگەیەنێت ، بڵێ : دەی چاوەڕوانبن بێگومان ئێمەش چاوەڕوانین .

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە باس لە یەکێك لە سیفەتەکانی خودای پەروەردگار دەکات ئەویش سیفەتی هاتنە بەو شێوەیەی کە شایستەی پەروەردگارە ولە هاتنی بەندەکانی ناچێت ؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە موقاتلەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ﴾ واتە ڕۆژی قیامەت پەروەردگارت لەگەڵ هەوری سێبەردادا دێت ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : ئەوەی خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ ﴿٢١٠﴾﴾(البَقَرَة) ئەو ﴿مِنَ﴾ە بەمانای (مع)یە ، واتە : پەروەردگار لەگەڵ ئەو هەورە سێبەردارەدا دێت ، ولەبەر ئەوە لە مانای بنەڕەتی دەرمان هێنا کە "الظرفية"یە

چونکە ئەگەر ئەوەمان بە مانای "الظرفية" لێکدایەوە ، واتە : ئەو هەورە سێبەرداره لە دەوری خودا ﷻ دەبێت ، وخودا ﷻ لەوە گەورەترە وپایەی بڵندترە کە هیچ شتێك لە دروستکراوەکانی دەورەی بدات ، وئەم دابەزینەی کە باسکراوە بەو شێوەیە کە شایستەی گەورەیی پەروەردگارە لە ڕۆژی قیامەت ؛ حاکم وتەبەرانی لە ئبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا ﷻ هەموو خەڵکانی سەرەتا وکۆتا کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژێکی دیاری کراودا چل ساڵ بە پێوە ڕایان دەگرێت ، وچاویان ئەبڵەق دەبێت وچاوەڕوانی دادگەری نێوانیان دەکەن ، دەفەرموێت : خودای پەروەردگار لەگەڵ هەوری سێبەرداردا لە عەرشەوە دادەبەزێت بۆ سەر کورسی ، پاشان بانگ کارێك بانگ دەکات ئەی خەڵکینە ئایا ڕازی نابن پەروەردگارتان کە دروستی کردوون ورۆزیداون وفەرمانی پێکردوون کە بیپەرستن وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیارنەدەن لەگەڵ ئەوانەدا کۆتان بکاتەوە کە خۆشتان دەویستن ودەتان پەرستن لە دونیادا ، ئایا ئەوە دادگەری نییە لە پەروەردگارتانەوە ؟ دەڵێن : بەڵێ ، هەر گەلێك ئەوەی خۆشی ویستووە وپەرستوویەتی لە دونیا هاوشێوەی ئەو شتانەیان بۆ دروست دەکرێت ولەگەڵیان دەڕۆن ، هەیانە لەگەڵ خۆر دەڕوات ، وهەیانە دەچێت بۆ لای مانگ وبتەکان وبەرد وهاوشێوەی ئەو شتانەی کە پەرستوویانە ؛ وسەعدی دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننەت وجەماعەت کە دەڵێن : ئەو کردارانەی پەروەردگار ویستی لەسەریان هەیە ئەنجامیان دەدات(الأفعال الإختيارية) ، وەك بەرز وبڵندبوون بەسەر عەرشدا ودابەزین وهاتن بەو شێوەیەی شایستەی گەورەیی پەروەردگارە ، بەبێ چواندنی بە سیفەتی دروستکراوەکان ؛ جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە کە : ﴿يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن

قَبۡلُ﴾ مەبەست لەو نیشانەیە هەڵهاتنی خۆرە لە خۆرئاواوە ، ئەحمەد وترمزی وئیبن ماجە لە صەفوانی کوڕی عەسالەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا ﷻ دەرگایەکی لە خۆرئاواوە دروست کردووە پانییەکەی حەفتا ساڵ ڕۆژە ڕێیە بۆ تەوبە وپەشیمان بوونەوەی بەندەکانی وداناخرێت هەتاکو خۆر لەوێوە هەڵنەیەت ، ئەوەش ئەو ئایەتەیە کە خودا دەفەرموێت : ﴿يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ﴾ ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ڕۆژی قیامەت نایەت هەتاکو خۆر لە خۆرئاواوە هەڵنەیەت ، ئەگەر لەوێوە هەڵهات وخەڵك بینییان هەموویان باوەڕ دەهێنن ، ئەوەش ئەو کاتەیە کە باوەڕهێنان هیچ سود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ﴾ ؛ ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ شت هەیە ئەگەر سەریان هەڵدا هیچ کەسێك باوەڕ هێنان سودی پێ ناگەیەنێت ئەگەر پێش ئەو شتانە باوەڕی نەهێنابێت ، یان ئەگەر باوەڕداریش بێت وکردەوەی باشی ئەنجام نەدابێت دوای ئەوە کردەوە سودی پێ ناگەیەنێت : هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە ، وهاتنی دەجال ، ودەرکەوتنی گیانلەبەری زەوی (دابة الأرض) ؛ شەوکانی دەڵێت : ﴿لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ﴾ مانای ئەوەیە هیچ کەسێك باوەڕهێنانی لە کاتی دەرکەوتنی نیشانە گەورەکانی قیامەت سودی پێناگەیەنێت ئەگەر پێش ئەو

دەرکەوتنە باوەڕی نەهێنابێت ، یان پێش ئەوە باوەڕی هێناوە بەڵام کردەوەی باشی ئەنجام نەداوە ، بەوەش ئەگەر کەسێك ئەم دووشتە پێکەوە کۆ نەکاتەوە کە باوەڕ وکردەوەی باشە پێش دەرکەوتنی هەندێك لە نیشانەکانی قیامەت دوای ئەوە باوەڕهێنان وکردەوەی باش سودی پێناگەیەنن ، هەرکەسێك تەنها باوەڕی هێنابێت وکردەوەی باشی ئەنجام نەدابێت ، یان کردەوەی باشی ئەنجام دابێت وباوەڕی نەهێنابێت سودی پێ ناگەیەنن ؛ قەنوجی دوای ئەوەی حەوت بۆچوون ولێکدانەوەی زانایان باس دەکات وحەوتەمیان پەسەند دەکات دەڵێت : بەڵگە لە قورئان وسوننەتی صەحیحدا هاتووە کە باوەڕ بەبێ کردەوە سودی نابێت ئەمەش بۆچوونی بەهێزە ، ولێکدانەوەیەکی ڕاستە وکردنە بەڵگەی ئاشکرایە وپەسەندترە لە لێکدانەوەکانی تر ، وئەمەش پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە باسی سود گەیاندنی باوەڕ دەکەن بە تەنها ، چونکە وابەستەیە بەو بەڵگانەی کە پێویستی کردووە کردار بەو شتانە بکرێت کە خودا ﷻ کردوویەتییە شەریعەت بۆ بەندەکانی لە بنەماکانی شەریعەت وبەشەکانیش ؛ ئەلبانی دەڵێت : باوەڕ بەبێ کردەوە سودی نییە ، خودا ﷻ کاتێك باسی باوەڕ دەکات کردەوەی باشی لەگەڵدا باس دەکات ، چونکە ئێمە ناتوانین باوەڕ هێنان بێنینە پێش چاو بەبێ کردەوەی باش ، جگە لە کەسێك کە بە خەیاڵماندا بێت باوەڕ بهێنێت وبڵێت : (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله) وکتوپڕ بمرێت ، ئەمە دەشێت بێنینە پێش چاوی خۆمان ، بەڵام کەسێك بڵێت : (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله) ولە ژیاندا بژی وتەمەن بکات وکردەوەی باش ئەنجام نەدات ، ئەنجام نەدانی کردەوەی باش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوە تەنها بە زمانی دەیڵێت وباوەڕ نەچووەتە نێو دڵییەوە ، بۆیە باسکردنی کردەوەی باش دوای باوەڕ بەڵگەیە

لەسەر ئەوەی ئەو باوەڕەی کە سود بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت بریتییە لەو باوەڕەی گرێدراوە بە کردەوەی باشەوە ؛ وسەعدی دەڵێت : ئەگەر هەندێك بەڵگە ونیشانە دەرکەوتن بێباوەڕ ئەگەر باوەڕیش بهێنێت سودی پێ ناگەیەنێت ، وباوەڕداری کەمتەرخەمیش ناتوانێت کردەوە چاکەکانی زیاتر بکات ، بەڵکو سود لەو باوەڕ وکردەوە باشانە دەبینێت کە پێش ڕوودان ودەرکەوتنی ئەو نیشانانە هەیبووە ، دانایی ئەوەش ئاشکرایە چونکە باوەڕ کاتێك سودی هەیە کە باوەڕبێت بە پەنهان ، وبە هەڵبژاردنی بەندەبێت ، بەڵام ئەگەر بەڵگە ونیشانەکان دەرکەوتن وبەچاو بینران ، باوەڕ هێنان سودی نامێنێت ، چونکە وەك باوەڕ هێنانی ناچاری وایە ، ووەك باوەڕی ئەو کەسەیە کە خەریکە دەخنکێت یان لە ئاگردا دەسوتێت وهاوشێوەی ئەوانە کە مەرگ بە چاوی خۆیان دەبینن ، ئیتر واز دەهێنن لەوەی کە لەسەری بوون وەك خودا دەفەرموێت : ﴿فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٥﴾(غَافِر) .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩﴾ بێگومان ئەو کەسانەی ئاینەکەیان پارچە پارچە کرد وبوون بە دەستە دەستەی جیاواز پەیوەندییان بە تۆوە نییە وتۆ بەریت لەوان ، بەڵکو ئیشوکاریان لای خودایە ، پاشان ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدا .

تەبەری دەڵێت : بۆچوونی پەسەند ئەوەیە بگوترێت : ﴿لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ﴾ خودا محمدی پێغەمبەری ﷺ ئاگادار کردووەتەوە کە لە موبتەدیعەکانی ئوممەتەکەی کە وازیان لە ئاینەکەی هێناوە وپارچە پارچەیان کردووە بۆ حیزب وکۆمەڵی جیا جیا

بەرییە ؛ دەبێت موسڵمانان لە هەموو هۆکارەکانی پارچە پارچە بوون وناکۆکی ودووبەرەکی خۆیان بە دوور بگرن وکۆك وتەبابن وهاوشێوەی دەستە وتاقمە بێباوەڕ وگومڕا ولاڕێکان نەبن ، ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕاشکاوی حاشا هەڵنەگرە لەسەر حەرامی وداهێنراوی ئەوەی ئێستا بە ناوی ئیسلامەوە لە جیهاندا دەگوزەرێت ، لە دروست کردنی حیزب وتاقم ودەستەی جیا جیا ودژیەك ودوور لە ڕێبازی پێشینان ، ئەحمەد وئیبن ماجە لە ئەنەسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : جوولەکە بوون بە حەفتاویەك بەشەوە ، وگاور بوون بە حەفتاودوو بەشەوە ، وئوممەتەکەی من دەبێت بە حەفتاوسێ بەشەوە ، هەموویان دەچنە ئاگرەوە یەك کۆمەڵیان نەبێت ، گوترا : کێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : کۆمەڵی موسڵمانانە ، ولە ڕیوایەتێکدا : ئەو ڕێبازەیە کە من وهاوەڵانم پەیڕەوی دەکەین .

﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ١٦٠﴾ هەرکەسێك بە چاکەیەکەوە بێت بۆ لێپرسینەوە ، دە هێندە پاداشت دەدرێتەوە ، وهەرکەسێك بە خراپەیەکەوە بێت پاداشتی نادرێتەوە هاوشێوەی کردەوەکەی خۆی نەبێت ، وهیچ ستەمیان لێ ناکرێت .

هەندێك لە ڕاڤەکاران دەڵێن : ﴿بِٱلۡحَسَنَةِ﴾ مەبەست (لا إلـه إلا الله)یە ، ومەبەست لە ﴿بِٱلسَّيِّئَةِ﴾ هاوبەش بڕیاردانە ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك ویستی ئەنجامدانی کردەوەیەکی باش بکات بەڵام ئەنجامی نەدات ، چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت ، وهەرکەسێك ویستی

ئەنجامدانی کردەوەیەکی باش بکات وئەنجامی بدات ، دە هێندە هەتاکو حەوت سەد هێندەی بۆ دەنوسرێت ، وهەرکەسێك ویستی ئەنجامدانی خراپەیەك بکات وئەنجامی نەدات هیچی لەسەر نانوسرێت ، وئەگەر ئەنجامیدا لەسەری دەنوسرێت ؛ ترمزی ونەسائی وئیبن ماجە وئیبن خزیمە لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه رِیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك لە مانگێکدا سێ رۆژ رۆژوو بگرێت ، ئەوە وەك رۆژوو گرتنی هەموو رۆژەکانی ساڵە ، خودا ﷻ بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بابەتە لە قورئاندا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ﴾ ، هەر رۆژێك بەرامبەر بە دە رۆژە ؛ ومسلم لە ئەبوزەرەوە رضي الله عنه رِیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : خودا ﷻ دەفەرموێت : هەرکەسێك کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات دە هێندە وزیاتری بۆ هەیە ، وهەرکەسێك کردەوەیەکی خراپ ئەنجام بدات پاداشتەکەی هاوشێوەی کردەوەکەی خۆیەتی ، یان تاوانەکەی دەپۆشم ولێی خۆش دەبم ، وهەرکەسێك نزیکەی پڕ سەر زەوی تاوان ئەنجام بدات ، پاشان بگەڕێتەوە بۆ لای من وهاوبەشم بۆ بڕیار نەدات بە ئەندازەی تاوانەکانی لێخۆشبوونم بۆی هەیە ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهەریرەوە رضي الله عنه رِیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پەروەردگارتان ﷻ دەفەرموێت : ئەی نەوەی ئادەم بۆ هەر کردەوەیەکی چاك کە ئەنجامی دەدەیت دە هێندە هەتاکو حەوت سەد هێندە وهەتاکو چەندان هێندە زیاتر پاداشت دەدرێیتەوە ، ورۆژوو بۆ منە ، ومن پاداشتی دەدەمەوە ، ورۆژوو قەڵغانی پارێزەرە لە ئاگر .

﴿قُلۡ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٦١﴾ بڵێ : بێگومان پەروەردگارم منی هیدایەت داوە بۆ ڕێگای ڕاست ، کە ئاینی ڕاست ودامەزراوی پێغەمبەر ئیبراهیمە کە یەکخواپەرست بووە ولە هاوبەش بڕیاردەران نەبووە .

ئەحمەد ودارمی لە عبدالرحمانی کوڕی ئەبزاوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر ڕۆژی بەسەردا بهاتایە دەیفەرموو : ((أَصْبَحْنَا عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ وَكَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا : ﴿إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾)) ؛ وئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پرسیارکرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ کام ئایندارى خۆشەویسترینە بە لای خوداوە ؟ فەرمووی : یەکخواپەرستی وخۆ لادان لە هاوبەش بڕیاردان وئاسانکارییەك کە دووربێت لە شلرەوی وتوندڕەوی .

﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢﴾ بڵێ : بە دڵنیاییەوە نوێژ وسەربڕینی ئاژەڵ وژیان ومردنم بۆ خودای پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکانە .

بەغوی دەڵێت : ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي﴾ گوتراوە : مەبەست لە ﴿وَنُسُكِي﴾ سەربڕینی ئاژەڵە لە حەج وعومرەدا ، وموقاتل دەڵێت : مەبەست حەجە ، ﴿وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە : خودا دەمژێنێت ودەمرێنێت ، گوتراوە : گوێڕایەڵیم لە ژیانمدا بۆ خودایە وپاداشتم لە دوای مردنم لای خودای پەروەردگاری هەموو

جیهانیانە ؛ وقورتبی دەڵێت : ﴿وَمَحۡيَايَ﴾ واتە هەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدەم لە ژیانمدا ، ﴿وَمَمَاتِي﴾ ئەوەی وەسیەتی پێدەکەم لە دوای مردنم وئەنجامی بدەن بۆ خودای پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکانە ، واتە : تەنها بۆ خودا ئەنجامیان دەدەم بەمەستی نزیك بوونەوە لێیەوە .

﴿لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣﴾ هیچ هاوبەشێکی نییە ، وبەوە فەرمانم پێکراوە ، ومن یەکەم موسڵمانم لە ئوممەتەکەم ، یان من یەکەم کەسم کە دان بەوەدا دەنێم وملکەچ وگوێڕایەڵم لەم ئوممەتە بۆ پەروەردگارم کە هیچ هاوبەشی نییە .

مسلم لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردایە "الله أكبر"ی دەکرد پاشان دەیفەرموو : ((وَجَّهْتُ وَجْهِيَ للذي فطر السموات وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ، ﴿إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣﴾ ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِي جَمِيعًا ، لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ ، أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)) .

﴿قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖۚ وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ

تَخۡتَلِفُونَ ١٦٤﴾ بڵێ : ئایا جگە لە خودا ﷻ کەسێکی تر بە پەروەردگار وگەورەی خۆم بزانم ، لە کاتێکدا خودایە پەروەردگاری هەموو شتێکە ، وهەرکەسێك هەرچ کردارێك ئەنجام بدات خۆی لێی بەرپرسە ، وکەس تاوانی کەسی تر هەڵناگرێت ، پاشان هەمووتان بۆ لای پەروەردگارتان دەگەڕێنەوە ، ئاگادارتان دەکاتەوە لە هەموو ئەو شتانەی لەسەری ناکۆك بوون .

خودا فەرمان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات بە هاوبەش بڕیاردەران بڵێت : ئێمە بەرپرس نابین لە تاوان وخراپەکارییەکانی ئێوە ، بەڵکو خۆتان باجی سەرپێچی وتاوانکارییەکانتان دەدەن ، وئێمەش پاداشتی کردەوەکانمان چەند هێندە وزیاتر وەردەگرینەوە ، ئیبن کەسیر دەڵێت : ئەم ئایەتە فەرمان دەکات بە دڵسۆزییەوە پشت بە خودا ببەسترێت ، وەك چۆن ئایەتەکەی پێشی فەرمانی بە دڵسۆزی لە پەرستشدا لە خۆ گرتبوو ، ئەم دوو مانایە لە قورئاندا زۆرجار پێکەوە گرێدراون ، وەك خودا ﷻ ڕێنمایی بەندەکانی دەکات بڵێن : ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥﴾(الفَاتِحَةِ) ، ودەفەرموێت : ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ ١٢٣﴾(هُود) ، ودەفەرموێت : ﴿قُلۡ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيۡهِ تَوَكَّلۡنَاۖ ٢٩﴾(المُلْك) ، ودەفەرموێت : ﴿رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩﴾(المُزَّمِّل) ، وهاوشێوەکانی ئەم ئایەتانە .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ١٦٥﴾ وخودایە کە ئێوەی کردووەتە جێنشینی سەر زەوی ، وپلەوپایەی هەندێکتانی لە هەندێکی ترتان بەرزتر کردووەتەوە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەو ماڵ وسامانەی پێی بەخشیون ، دڵنیابە

پەروەردگارت خێرایە لە سزادانی ئەوکەسانەی سەرپێچی وفەرمان شکێنی دەکەن وتوڕەی دەکەن ، ولێخۆش بوو وپۆشەری تاوان وبە بەزەییە بۆ ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی دەکەن .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ﴾ خودا ﷻ مرۆڤەکانی لەسەر زەوی جێنشین کردووە ونەوە دوای نەوە جێی یەکتر دەگرنەوە ، ﴿وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ﴾ : وپلەوپایە وناوبانگ وزانست وشانوشەوکەت وپێکەوتەی وجوانی ومالْ وسامانی بەندەکانی پلە پلە ولە یەکتر جیاوازی کردوون بۆ ئەوەی تاقییان بکاتەوە ، بۆ ئەوەی دەرکەوێت ئەوانەیان کە زیاتریان پێبەخشراوە ئایا سوپاس وستایشی خودای لەسەر دەکەن ولە گوێڕایەڵی خودادا خەرجی دەکەن وبەکاری دێنن ؟ وئەوانەشیان کە کەمتریان پێبەخشراوە ئایا ئارام دەگرن ودەست بۆ حەرام وکاری خراپ نابەن ؟، مسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان دونیا شیرین وسەوزە ، وخودا ئێوەی کردووە بە جێنشین لەسەر زەوی بۆ ئەوەی ببینێت چی کردارێك ئەنجام دەدەن ، خۆتان بپارێزن لە دونیا ولە ئافرەت ، چونکە یەکەم بەڵای نەوەکانی ئیسرائیل لە ئافرەتاندا بوو ؛ ولە زۆر جێگادا لە قورئان باسی سزا وبەزەیی خودا ﷻ پێکەوە کۆ کراوەتەوە بۆ ئەوەی خەڵك لە ترسی سزای خودا بێ ئومێد نەبن ، وفراوانی بەزەیی ولێبوردەیی خودا هاندەریان نەبێت بۆ خراپەکاری ، بەڵکو بترسن لە سزای خودا وئومێدیشیان بە بەزەیی ولێ خۆشبوونی خودا هەبێت وهەردووکیان پێکەوە کۆ بکەنەوە ، مسلم لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر باوەڕدار بزانێت خودا چەندە سزای لایە ، کەس بە تەمای بەهەشت نەدەبوو ، وئەگەر بێباوەڕ بزانێت خودا چەندە بەزەیی لایە کەس لە بەهەشت بێ ئومێد نەدەبوو .

﴿سُورَةُ الأَعْرَافِ﴾

سورەتی (الأعراف) سورەتێکی مەککی یە ، هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان کۆدەنگی زانایانیان لەسەر ئەوە گێڕاوەتەوە ، وهەندێکیان دەڵێن : هەشت ئایەتی مەدەنییە لە ئایەتی : ﴿وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ١٦٣﴾ هەتاکو ئایەتی : ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ فَوْقَهُمْ ١٧١﴾ ، وقەتادە دەڵێت : تەنها ئایەتی ﴿وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ١٦٣﴾ مەدەنییە ، وگوتراوە : پێنج ئایەتی مەدەنییە ؛ دووسەد وشەش ئایەتە ، وچوارەم درێژترین سورەتی قورئانە لە دوای سورەتەکانی (البقرة والنساء وآل عيمران) ، (الأعراف) مانای دیوار وپەرژینە ، کە لە نێوان بە هەشت ودۆزەخدایە ، تەبەری دەڵێت : (الأعراف) کۆی (عُرْف)ە وهەموو شوێنێکی بەرز لای عەرەب پێی دەگوترێت (عُرْف) ؛ وئیبن کەسیر دەڵێت : ڕاڤەکاران ناکۆکن کە هاوەڵانی (الأعراف) کێن ، بەڵام هەموو لێکدانەوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ یەك مانا : کەسانێکن خراپە وچاکەیان یەکسانە ، ئەمە لە حوذەیفە وئیبن عەباس وئیبن مەسعود رضي الله عنهم وکەسانی تریش لە سەلەف وزانایانی دوای ئەوانیش گێڕدراوەتەوە ؛ وناوی سورەتەکە لەوەوە هاتووە لە باسێك لە باسەکانیدا باسی حاڵی ئەو کەسانە دەکات ، وئەم سورەتە یەکێکە لە حەوت سورەتە درێژەکەی قورئان ، ئەحمەد لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس حەوت سورەتەکەی سەرەتا لەبەر بکات وکردەوەیان پێبکات ، یان بەردەوام بیانخوێنێتەوە ولێیان تێبگات وکردەوەیان پێبکات ئەو کەسە زانایە یان بەردەوام لە خێر وچاکەدایە ؛ وتەیالیسی وتەحاوی وتەبەرانی لە واسلەی کوڕی ئەسقەعەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت سورەتە درێژەکەم پێبەخشراوە لە بری تەورات ، وسورەتە


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

سُورَةُ الأَعْرَافِ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الٓمٓصٓ ﴿١﴾ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ
لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم
مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ
﴿٣﴾ وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْ هُمْ
قَآئِلُونَ ﴿٤﴾ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟
إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ
ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾
وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟
أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ
﴿١٠﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ
ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾

١٥١

سەد ئایەتییەکانم پێبەخشراوە لە بری زەبور ، وسورەتی (الفاتحە)م پێبەخشراوە لە بری ئینجیل وفەزڵم دراوە بەسەر هەموویاندا بە سورەتە کورتەکان ؛ وئەبوداود ونەسائی لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ سورەتی (الأعراف)ی لە دوو ڕکاتی نوێژی مەغریبدا خوێند ؛ وئەبوداود لە مەروانی کوڕی حەکەمەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : زەیدی کوڕی سابت رضي الله عنه پێی گوتم : ئەوە چییە لە نوێژی مەغریبدا سورەتە کورتەکان دەخوێنیت ؟ پێغەمبەری خودام ﷺ بینی سورەتە زۆر درێژەکانی دەخوێند ! گوتم : سورەتە زۆر درێژەکان کامانەیە ؟ گوتی : (الأعراف والأنعام).

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خودای میهرەبانی بە بەزەیی .

﴿الٓمٓصٓ ١﴾ بە (أَلِفْ ، لامْ ، مِیمْ ، صادْ) دەخوێندرێتەوە ، ڕای پەسەندی زانایانم باس کرد لە سەرەتای سورەتی (البقرە) دەربارەی پیتە پچڕاوەکانی سەرەتای هەندێ لە سورەتەکانی قورئان ، کە پوختەی ئەوەیە ئەم پیتانە مانایان نییە ، بەڵام لەوە دڵنیاین کە خودا سبحانه وتعالى بەبێ دانایی داینەبەزاندوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایان هەندێك جار

لێکدانەوەیان بۆ ماناکانیان کردووە ، تەبەری وئبن ئەبوحاتم لە ئبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿الٓمٓصٓ﴾ مانای ئەوەیە : من خودام دادگەری دەکەم لە نێوان بەندەکانم ؛ ولێکدانەوەی تریشی بۆ کراوە .

﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٢﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ئەم قورئانە کتێبی خودایە کە بۆ تۆ دابەزێنراوە ، هیچ گومانت نەبێت وسەغڵەت ودڵتەنگ مەبە کە خەڵکی پێ بترسێنیت وبیری باوەڕدارانیشی بخەیتەوە.

قورتبی دەڵێت : ئەلکیا دەڵێت : ڕەواڵەتی ئایەتەکە نەهیکردنە ، ومانای ئەوەیە هیچ دڵتەنگ مەبە کە باوەڕ نەهێنن ، چونکە تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە ، ولەسەرتە بیانترسێنیت ، باوەڕهێنان یان باوەڕنەهێنانیان لەسەر تۆ نییە ، وهاوشێوەی ئەو فەرموودەیەی کە خودا سبحانه وتعالى دەفەرموێت : ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ ٦﴾(الكَهۡف) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ٣﴾(الشُّعَرَاء) ؛ مسلم لە عیازی کوڕی حمارەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : خودا سبحانه وتعالى دەفەرموێت : من تۆم بە پێغەمبەر ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی تاقیت بکەمەوە وخەڵکیش بە تۆ تاقی بکەمەوە ، وکتێبێکم بەسەردا دابەزاندوویت کە پارێزراوە لە سنگەکاندا وناسڕێتەوە ، وخودا سبحانه وتعالى فەرمانی پێکردووم قورەیش لە ناوبەرم ، گوتم : پەروەردگارم سەرم دەشکێنن ومێشکم دەپژێنن ، فەرمووی : لە زێدی خۆیان دەریان دەکەم وەك چۆن تۆیان شار بەدەر کرد ، ویارمەتیت دەدەین سەربکەویت بەسەریاندا .

﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٣﴾ ئەی خەڵکینە شوێن ئەو پەیامە بکەون کە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە ،

وشوێن جگە لە فەرمان وپەیامەکەی پەروەردگارتان مەکەون ، وکەس جگە لە خودا ﷻ بە دۆست وخۆشەویست هەڵمەبژێرن وهاوبەشی بۆ بڕیارمەدەن ، هەندێکی کەمتان بیردەکەنەوە وپەند وەردەگرن ودەگەڕێنەوە بۆ حەق .

ئەوەی کە خودا ﷻ بۆ خەڵکی دابەزاندووە وفەرمان دەکات پەیڕەوی لێ بکەن ، هەموو سوننەتی صەحیح وفەرموودەکانی پێغەمبەری خوداش ﷺ دەگرێتەوە ، چونکە ئەحمەد وئەبوداود لە مقدامی کوڕی مەعدی کەریبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئانم پێبەخشراوە وهاوشێوەی ئەوەشم پێبەخشراوە "کە سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ وفەرموودەکانیەتی" ، نەبینم کەسێك لە ئێوە ڕاکشابێت لەسەر جێگاکەی یان نوێنەکەی وبڵێت : دەست بەم قورئانەوە بگرن ، هەرچیتان بینی تیایدا حەڵاڵ بوو بە حەڵاڵی بزانن ، وهەرچیتان بینی حەرام بوو بە حەرامی بزانن ، وبێگومان ئەوەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ حەرامی دەکات وەك ئەوەیە خودا ﷻ حەرامی کردووە ؛ ئەمەش بەرپەرچە بۆ بانگەشەی درۆی ئەو کەسانەی کە پێیان دەڵێن : (قورئانییەکان) کە بڕوایان بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ نییە ، ئەوەش گومڕاییەکی ئاشکرایە ، هیچ موسڵمانێك ناتوانێت بەبێ فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایندارى بکات ، چونکە سوننەت ڕوونکەرەوەی مانای ئایەتەکانی قورئانە .

﴿وَكَم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا بَيَٰتًا أَوۡ هُمۡ قَآئِلُونَ ٤﴾ وچەندان شار وگوندمان کاول ووێران کرد وخەڵکەکەیمان قڕ کرد ولەناومان بردن ، کاتێك سزای ئێمەیان لە ناکاو بۆ هات لە شەودا یان لە کاتی حەسانەوەی نیوەڕۆدا .

﴿فَمَا كَانَ دَعۡوَىٰهُمۡ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٥﴾ کاتێك دووچاری سزای ئێمە بوون ، دانیان بە تاوانی خۆیاندا دەنا وەدەپاڕانەوە ونزایان دەکرد ودەیانگوت : بە ڕاستی ئێمە ستەمکار بووین .

ئەبوداود لە ئەبوبوحزییەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : هاوەڵێکی پێغەمبەری خودا پێی ڕاگەیاندم کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : خەڵك قڕ نابن وتیاناچن هەتاکو تاوان ونەنگییان زۆر نەبێت وشایانی سزا نەبن ، ئەو کاتەی سزا دەدرێن هیچ بیانوویەکیان نییە ودان بە تاوان وستەمی خۆیاندا دەنێن .

﴿فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٦﴾ پرسیار لە هەموو ئەوانە دەکەین کە پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کراوە ، وپرسیار لە پێغەمبەرانیش دەکەین .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ﴾ واتە: پرسیار لە خەڵك دەکەین چۆن وەڵامی پێغەمبەرەکانیان داوەتەوە ، ﴿وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ واتە: پرسیار لە پێغەمبەرانیش دەکەین کە ئایا پەیامەکەی خودایان گەیاندووە ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە تاوسەوە ڕیوایەتی کردووە ، کاتێك ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە : ﴿فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٦﴾ ، گوتی : کاربەدەست پرسیاری خەڵکی لێ دەکرێت ، وپیاو پرسیاری خێزانەکەی لێ دەکرێت ، وژن پرسیاری ماڵی پیاوەکەی لێ دەکرێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەمووتان بەرپرسن وهەمووتان پرسیاری ئەو ئەرکانەتان لێ دەکرێت کە پێتان سپێردراوە ، کاربەدەست پرسیاری خەڵکی لێ دەکرێت ، وپیاو پرسیاری خێزانەکەی لێ دەکرێت ،

وژن پرسیاری ماڵی پیاوەکەی لێ دەکرێت ، وکۆیلە پرسیاری سامانی خاوەنەکەی لێ دەکرێت ؛ وبوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەی ئومەتی محمد ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیبا زۆر دەگریان وکەم پێ دەکەنین ، ئایا پەیامەکەی خودام گەیاندووە ؟ ؛ ودیسان بوخاری ومسلم لە ئەبوبەکرە نەفیعی کوڕی حارسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی : بێگومان خوێنتان وسامانتان وکەسایەتیتان لەسەر یەك حەرامە وەك حەرامی ئەم ڕۆژ ومانگ وشوێنە ، وئێوە دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان ، وپرسیارتان لێدەکات لەسەر کردەوەکانتان ، دوای من گومڕا مەبن ، هەندێکتان بدەن لە گەردنی هەندێکی ترتان ، با ئەو کەسانەی لێرە ئامادەن بەوانەی ڕابگەیەنن کە لێرەنین ، لەوانەیە کەسانێك کە بۆیان باس دەکرێت لەو کەسانە تێگەیشتووتربن کە بیستوویانە ، ئایا پەیامەکەی خودام گەیاند ؟ ئایا پەیامەکەی خودام گەیاند ؟.

﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيۡهِم بِعِلۡمٖۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ٧﴾ بەدڵنیاییەوە هەموو ئەوەی ئەنجامیان داوە بۆیان دەگێڕینەوە بە زانستەوە ، وبێگومان ئێمە بێ ئاگا نین وهیچمان لێ شاراوە نییە.

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ﴾ مانای ئەوەیە کە خودا ﷻ بەندەکانی ئاگادار دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە هەموو قسەیەك کە کردوویانە ولە هەموو کردارێك کە ئەنجامیان داوە ، بچووك بێت یان گەورە ، بە بەها بێت یان بێ بەها ، چونکە خودا ﷻ شاهیدە بەسەر هەموو شتێکەوە ، وهیچی لێ شاراوە نییە ، و بێ ئاگا نییە لە هیچ شتێك ، بەڵکو زانایە بە خیانەتی چاو وئەوەشی بە دڵدا دێت ئاگادارە لێی : ﴿وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ

﴿٥٩﴾(الأَنعَام) ؛ بوخاری لە عەدی کوڕی حاتەمەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کەسێك لە ئێوە دەگاتە دیداری خودا ﷻ لە ڕۆژی قیامەتدا ، لە نێوان پەروەردگار وبەندەکەیدا وەرگێڕ نییە قسەکانی وەربگێڕێت ، خودا ﷻ پێی دەفەرموێت : ئایا پێغەمبەرم بۆ ڕەوانە نەکردیت ؟ دەڵێت : بەڵێ ، پێی دەفەرموێت : ئایا سامانم پێ نەبەخشیت وفەزڵم نەکرد بەسەرتدا ؟ دەڵێ : بەڵێ .

﴿وَٱلۡوَزۡنُ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡحَقُّۚ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٨﴾ ولە ڕۆژی قیامەتدا تەرازوو دادەنرێت ، کردەوەکانی بەندەکان دادگەرانە پێی دەپێورێت ، هەرکەسێك تای تەرازووی چاکەکانی قورسترببێت ئەوانە سەرفرازن .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿وَٱلۡوَزۡنُ﴾ کێشانەی کردەوەکان لە ڕۆژی قیامەتدا بە ﴿ٱلۡحَقُّۚ﴾ دادگەرانەیە خودا ستەم لە کەس ناکات ، وەك دەفەرموێت : ﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ٤٧﴾(الأَنبيَاء) ، پاشان دەڵێت : ئایا ئەوەی دەخرێتە سەر تای تەرازوو لە ڕۆژی قیامەتدا چییە ؟ گوتراوە : کردەوەکانە ئەگەرچی شتێکی مەعنەوین بەڵام خودا دەیانکات بە تەن وشتی بەرجەستە ، وگوتراوە : تێنووسی کردەوەکان دەکێشرێت ، وەك لە فەرموودەی (البطاقة)دا هاتووە ، وگوتراوە : خاوەن کردەوەکان دەکێشرێن ، وەك لەو فەرموودەدا هاتووە کە بوخاری ڕیوایەتی کردووە ودەفەرموێت : کەسێکی قەڵەوی زل دەهێنن ، لای خودا کێشی باڵە مێشوولەیەکی نییە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا ١٠٥﴾(الكَهۡف) ، وئەحمەد وئیبن حبان لە باسی فەزڵ وڕێزی ئیبن مەسعوددا ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، پێغەمبەری خودا

ﷺ دەفەرموێت : ئایا سەرتان سوڕدەمێنێت لە لاوازی لاقەکانی ، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ، ئەو دوولاقە لە تەرازوودا لە کێوی ئوحود قورسترن ؛ ودەتوانرێت ئەم ئایەت وفەرموودانە کۆ بکرێنەوە بەوەی : هەندێك جار کردەوەکان دەکێشرێن ، وهەندێك جار ئەو تێنوسانەی تیایدا نوسراون وهەندێك جار خاوەن کردەوەکان دەکێشرێن ؛ وئەلبانی لەسەر فەرموودەی (البطاقة) دەڵێت : ئەم فەرموودە بەڵگەیە کە تەرازووی کێشانەی کردەوەکان دوو تای هەیە ودەبینرێن ، وکردەوەکان ئەگەرچی شتی مەعنەوین بەڵام دەکێشرێن ، وخودا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە ، ئەوەش لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتە وفەرموودەی زۆر لەو بارەوە هاتووە ؛ هەندێك لە زانایانی سوننەت دەڵێن : ئەو تەرازووەی کە کردەوەکانی پێ دەپێورێت زمانی هەیە ، ئیبن حەجەر دەڵێت : ئەبوئیسحاق دەڵێت : ئەهلی سوننەت کۆڕان کە پێویستە باوەڕمان بە تەرازووی کێشانەی کردەوەکان هەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا ، وتەرازووەکە دوو تای هەیە وزمانی هەیە لە کاتی کێشانەی کردەوەکاندا لاسەنگ دەبێت ؛ وفەوزان دەڵێت : تەرازوو زمانی هەیە مەبەست ئەو زمانەی تاکانی تەرازووەکەیە کە ئاماژەیە بۆ لاسەنگی وپارسەنگی ئەو شتانەی کە پێی دەکێشرێت .

﴿وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَظۡلِمُونَ ٩﴾ وهەرکەسێك تای تەرازووی چاکەکانی سووك بێت ، ئەو کەسانە نەفسی خۆیان دۆڕاندووە ، لەبەر ئەوەی ستەمکار بوون بەرامبەر ئایەتەکانمان ونکولییان لێدەکرد وملکەچی فەرمانەکانی خودا نەدەبوون .

ئایا کێشانەی کردەوەکان لە چ کاتێکدایە ؟ قورتبی دەڵێت : زانایان دەڵێن : ئەگەر لێپرسینەوە کۆتایی هات دوای ئەوە کێشانەی کردەوەکان دەست پێدەکات ، چونکە کێشانەکردن بۆ پاداشت دانەوەیە ، پێویستە دوای لێپرسینەوە بێت ، ولێپرسینەوە بۆ

دانپیادانانی کردەوەکانە ، وکێش کردنی بۆ دەرخستنی ئەندازەکەیەتی بۆ ئەوەی بەگوێرەی ئەوە پاداشت بدرێتەوە ؛ حاکم لە سەلمانی فارسییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تەرازوو دادەنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا ، ئەگەر هەموو ئاسمانەکان وزەوی پێ بکێشرێت هەڵی دەگرێت ، فریشتەکان دەڵێن : پەروەردگارا ئەمە بۆ کێ کێشانە دەکات ؟ خودا سبحانه وتعالى دەفەرموێت : بۆ هەرکەسێك لە دروستکراوەکانم کە بمەوێت ، فریشتەکان دەڵێن : پاك وبێگەردی بۆ تۆ ، تۆمان نەپەرستووە بەو شێوەیە نەبێت کە شایستەی تۆیە ، وپردی صراط دادەنێن وەك تیغ تیژە ، فریشتەکان دەڵێن : کێ بەسەر ئەمەدا دەپەڕێتەوە ؟ خودا سبحانه وتعالى دەفەرموێت : بۆ هەرکەسێك لە دروستکراوەکانم کە بمەوێت ، فریشتەکان دەڵێن : پاك وبێگەری بۆ تۆ ، تۆمان نەپەرستووە بەو شێوەیە نەبێت کە شایستەی تۆیە .

﴿وَلَقَدۡ مَكَّنَّٰكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلۡنَا لَكُمۡ فِيهَا مَعَٰيِشَۗ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ١٠﴾

ئێمە ئێوەمان لەسەر زەوی جێنشین کرد وهۆکارەکانی ژیانمان بۆ فەراهەم کردن ، بەڵام کەمێکتان شوکرانە بژێر وسوپاس گوزارن .

ئیبن کەسیر دەڵێت : خودا مننەت دەکات بەسەر بەندەکانیدا ، بەوەی کە لەسەر زەوی نیشتەجێی کردوون وڕووبار ودەریای خستووەتە خزمەتیان ، وخانووی پێبەخشیون لەسەر زەوی ، وشتە بە سودەکانی بۆ حەڵاڵ کردوون ، وهەوری بۆ ڕامکردوون کە بارانیان بۆ ببارێنێت وبە هۆیەوە ڕۆزییان بدات ، وبژێویداون وئیشوکار وهۆکارەکانی بازرگانی بۆ ئاسان کردوون ، کەچی زۆربەیان شوکرانە بژێرنین ، وەك خودا دەفەرموێت : ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَظَلُومٞ كَفَّارٞ ٣٤﴾(إِبۡرَاهِيم) .

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾﴾ بێگومان ئێمە ئێوەمان دروست کردووە پاشان وێنەمان کێشان ، پاشان بە فریشتەکانمان فەرموو : سوژدە بەرن بۆ ئادەم ، هەموویان سوژدەیان برد ، جگە لە ئیبلیس کە ئامادە نەبوو سوژدەی بۆ ببات .

تەبەری دەڵێت : ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ﴾ واتە باوکتان کە ئادەمە ﷺ دروستمان کرد پاشان وێنەمان کێشا ، پاشان دەفەرموێت : ﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ﴾ ، زانراوە کە خودا ﷻ فەرمانی بە فریشتەکان کردووە سوژدە بۆ ئادەم ﷺ بەرن پێش ئەوەی وێنەی نەوەکانی بکێشێت لە سکی دایکیاندا ، بەڵکو پێش ئەوەی دایکەکانیشیان دروست بکات ؛ خودای پەروەردگار بە شێوازی کۆ دەفەرموێت : بە فریشتەکانمان فەرموو ، مەبەست لەم شێوازە دەربڕینە بە گەورە دانانە ؛ وئەو سوژدە بردنەی فریشتەکان سوژدەی بەندایەتی کردن وپەرستن نەبوو ، بەڵکو سوژدەی ڕێز لێنان بوو لە ئادەم ﷺ ، مانای ناوی ئیبلیس واتە : بێ ئومێد ودوور لە سۆز وبەزەیی خودا ، وئیبلیس فریشتە نەبوو بەڵام کردەوەی لە ڕەواڵەتدا لە کردەوەی فریشتەکان دەچوو بۆیە لەگەڵ ئەوان باسکراوە ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ﴿٥٠﴾﴾(الكَهْفِ) ، وشایانی باسە سوژدە بردن لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆ جگە لە خودا ﷻ حەرام وتاوانە ئەگەر بۆ پەرستنیش نەبێت ، وئەو حوکمە لە ئیسلامدا هەڵگیراوە .

﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾﴾ خودا بە ئیبلیسی فەرموو : چی ڕێگرت بوو کە سوژدە بەریت کاتێك


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ
وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾ قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ
فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ
﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ
صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ
وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ ﴿١٧﴾ قَالَ
اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿١٨﴾ وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ
شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ
لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا وَقَالَ
مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ
أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ ﴿٢١﴾
فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا
يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ ۚ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن
تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾

١٥٢

فەرمانم پێ کردیت ، گوتی : من لەو باشترم ، منت لە ئاگر دروست کردووە وئادەمت لە قوڕ دروست کردووە .

ئەوەی کە ڕێگر بوو ئیبلیس سوژدە بەرێت بۆ پێغەمبەر ئادەم عليه السلام فیز وخۆ بەگەورە زانین بوو ، چونکە ئاگری لە خۆڵ بە باشتر دانا ، لەبەر ئەوە هەرکەسێك ئاین بە عەقڵی خۆی قیاس بکات هاوشێوەی ئیبلیسی کردووە ، مسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : فریشتە لە نور دروست کراوە ، وئیبلیس لە بڵێسەی ئاگر دروست کراوە ، وئادەم عليه السلام دروست کراوە لەوەی کە باس کراوە بۆتان ؛ وتەبەری لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾ ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە قیاسی کرد ، ودیسان لە ئیبن سیرینەوە ڕیوایەتی کردووە وئیبن کەسیر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : یەکەم کەسێك کە قیاسی کرد ئیبلیس بوو ، وخۆر ومانگ نەپەرستراوە بە قیاس کردن نەبێت ؛ وقورتبی دەڵێت : قیاس بنەمایەکە لە بنەماکانی ئاین ، وسەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی موسڵمانان ، وموجتەهیدەکان پەنای بۆ دەبەن ، زاناکانیش بە هۆیەوە حوکمەکان دەردەهێنن ، ئەمە گوتەی کۆمەڵە زانایەکە لەم بابەتەدا کە پەسەندە ،

ولاناکرێنەوە لەوەی پێچەوانەی ئەمە بێت وبۆچوونێکی نامۆی هەبێت ، بەڵام ڕای خراپ وقیاسی نەشیاو کە یاساغی لێ کراوە ئەوەیە لەسەر ئەو بنەمایانە نەبێت کە باسکراوە کە وەسوەسەیە ولە شەیتانەوەیە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ ﴾(الإِسْرَاء ٣٦) ، وهەموو ئەو بەڵگانەی ئەو کەسانە دەیکەنە بەڵگە ودەڵێن : قیاس لە شەرعدا نییە وفەرموودەی لاواز وهەواڵی بێ بنەمایە کە بەخراپ باسی قیاس دەکات ، وباسی ئەو قیاسە دەکەن کە قیاسی خراپی بێ بنەمایە ولە شەریعەتدا بنەمایەکی ئاشکرای دیاری نییە .

﴿قَالَ فَٱهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ١٣﴾ خودا پێی فەرموو : لە بەهەشت دابەزە بۆت نییە لە بەهەشتدا فیز بکەیت وخۆت بەگەورە بزانیت وسەرپێچی فەرمانەکانم بکەیت ، بۆیە لێی دەرچۆ بێگومان تۆ لە ڕیسواو وسەرشۆڕانی .

لەبەر ئەوەی بەهەشت شوێن ومەنزڵگەی کەسە پاك وچاکەکانە ، وشایستەی نەفرەت لێ کراو ولە سۆز وبەزەیی دوورکراو وبەفیز وخۆ بەگەورە زانان نییە ، ئیبلیسی لێ دەرکرا ، زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن : ﴿مِنْهَا﴾ ڕاناوەکەی بۆ بەهەشت دەگەڕێتەوە ، وئیبن کەسیر دەڵێت : دەشێت بۆ ئەو پلەوپایە بگەڕێتەوە کە هەی بوو لە ئاسمان ولە ڕیزی فریشتەکاندا بوو .

﴿قَالَ أَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ١٤﴾ گوتی : مۆڵەتم بدە هەتاکو ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبنەوە .

﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ١٥﴾ خودا پێی فەرموو : دڵنیابە تۆ لەو کەسانە دەبیت کە مۆڵەتت دەدەین .

ئایا ئەو مۆڵەت دانەی خودا ﷻ بۆ ئیبلیس تاکەی بووە ؟ وئایا وەڵامی داواکەی داوەتەوە ؟ تەبەری دەڵێت : سودی دەڵێت : ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ٣٦ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ٣٧ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ٣٨﴾(الحِجْر) ، و﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ٨٠ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ٨١﴾(صٓ) ، خودا ﷻ مۆڵەتی نەدا هەتا ڕۆژی زیندوو بوونەوە ، بەڵکو هەتا کاتێکی دیاری کراو مۆڵەتیدا ، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە یەکەم فوو دەکرێت بە شەیپوردا ، وئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە هەمووی دەمرن ؛ بەوەش مانای ئایەتەکە ئەوەیە : ئیبلیس بە پەروەردگاری گوت : ﴿أَنظِرۡنِيٓ﴾ مۆڵەتم بدە ومردنم دوا بخە هەتاکو ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبنەوە ، خودا ﷻ لە وەڵامیدا فەرمووی : ﴿إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ﴾ تۆ مۆڵەت دراویت هەتاکو ئەو ڕۆژەی فوو دەکرێت بە شەیپوردا ، وهەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە هەموو دەمرێت جگە لەوەی خودا ویستی لێ بێت بمێنێتەوە ؛ ئەگەر کەسێك بڵێت : ئایا کەسی تر جگە لە ئیبلیس مۆڵەت دراوە بمێنێتەوە هەتاکو ئەو ڕۆژە ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە : بەڵێ ، هەرکەسێك لە دروستکراوەکانی خودا ڕوحی نەکێشابێت هەتاکو ئەو کاتە ، وئەوانەی کە قیامەتیان بەسەردا بەرپا دەبێت ، ئەوانە لەو کەسانەن کە مۆڵەت دراون بە تەمەنیان هەتا ئەو کاتە .

﴿قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١٦﴾ ئیبلیس گوتی : لەبەر ئەوەی منت گومڕا کرد ، منیش بێگومان هەوڵی گومڕا کردن ولادانیان دەدەم ، ولە بۆسەدا دەبم لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی تۆ بۆیان .

ئیبن تەیمییە دەڵێت : هەندێك لە سەلەف دەڵێن : دوو کەس کەوتنە تاوانەوە پێغەمبەر ئادەم عليه السلام وئیبلیس ، پێغەمبەر ئادەم عليه السلام تەوبەی کرد خودا سبحانه وتعالى تەوبەکەی وەرگرت ولێی خۆش بوو ، وهەڵیبژارد وهیدایەتیدا ، بەڵام ئیبلیس پێداگر بوو وقەدەری کردە بەڵگە "گوتی : منت گومڕا کرد" ، هەرکەسێك تەوبە لە تاوانی بکات هاوشێوەی پێغەمبەر ئادەمی باوکییەتی عليه السلام ، وهەرکەسێك پێداگربێت لەسەر تاوانکاری وبڵێت : قەدەرم بەو شێوەیە کە تاوان ئەنجام بدەم ، هاوشێوەی ئیبلیسە ؛ وقورتبی دەڵێت : لە مەزهەبی ئەهلی سوننەتدا ئەوەیە کە خودا سبحانه وتعالى ئیبلیسی گومڕا کردووە وبێباوەڕی لە ناخیدا دروست کردووە ، لەبەر ئەوە لەم ئایەتەدا گومڕا کردنی داوەتە پاڵ خودا سبحانه وتعالى ، ئەوەش ڕاستییە ، چونکە هیچ شتێك لە بوونەوەردا بوونی نییە ئیللا خودا سبحانه وتعالى دروستی کردووە ، وویستی خودای لەسەر بووە ، بەڵام ئیماميیەکان وقەدەرییەکان وجگە لەوانیش پێچەوانەی ئیبلیسی مامۆستایانن کە لە هەموو شتێکدا کە ئەو بۆی ڕازاندوونەتەوە گوێڕایەڵییان کردووە ، بەڵام لەم پرسەدا گوێڕایەڵییان نەکردووە ، ودەڵێن : ئیبلیس هەڵەیە ، کە ئیبلیس کانگای هەڵە کردنە کاتێك گومڕایی خۆی دایە پاڵ پەروەردگاری ، پاك وبێگەردی وبەرزی بۆ خودا سبحانه وتعالى لەو دانە پاڵە ؛ ئالوسی دەڵێت : هیچ ڕێگرێك نییە لای ئەهلی سوننەت کە مەبەست لە ﴿أَغْوَيْتَنِي﴾ بە مانای گومڕایی بێت ، واتە : لەبەر ئەوەی منت گومڕا کرد ، ئەوەش لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەت کراوە ، و﴿أَغْوَيْتَنِي﴾ بەم مانایە ئەگەر درایە پاڵ خودا سبحانه وتعالى گشتگیری ئەو ئایەتە دەیگرێتەوە کە دەفەرموێت : ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ ۝٢﴾(الفُرْقَان) ، بەڵام موعتەزیلەکان ڕەتی دەکەنەوە شتی هاوشێوەی ئەوە بدرێتە پاڵ خودا سبحانه وتعالى ، ولەسەر ئەمە جارێك دەڵێن : ئەمە گوتەی شەیتانە ونابێتە بەڵگە ، ویان لێکدانەوەی تریان بۆ کردووە ودەڵێن : ﴿أَغْوَيْتَنِي﴾ ئیبلیس

هۆکاری بوو ، وئەو گومڕابوونەی داهێنا کە فەرمانی بە سوژدە بردن پێکرا وسەرپێچی کرد ؛ ئەحمەد ونەسائی لە سەبرەی کوڕی ئەبوفاکیەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : بێگومان شەیتان لە ڕێگاکانی نەوەکانی ئادەم دادەنیشێت ! ، لەسەر ڕێگای ئیسلام دادەنیشێت وپێی دەڵێت : موسڵمان دەبیت وپشت لە ئاینی بابوباپیرانت دەکەیت ؟! ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرد وموسڵمان بوو ، پاشان دێتە سەر ڕێگای کۆچ کردنی ، وپێی دەڵێت : کۆچ دەکەیت وزێد وئاسمانی نیشتیمانەکەت بە جێ دەهێڵیت ، ئەو کەسەی کۆچ دەکات ڕێبوارە ووەك ئەسپێك وایە ڕەشمە کرابێت وجموجۆڵی دیاری کراوبێت ، ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرد وکۆچی کرد ، دێتە سەر ڕێگای جیهاد وتێکۆشانی وپێی دەڵێت : ئەوەی ماوە تیاچوونی نەفس وسامانتە ، شەڕدەکەیت ودەکوژرێیت وژنەکەت دوای تۆ دەخوازن وسامانەکەت دابەش دەکەن ، ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرد وجیهادی کرد ، هەر کەسێك لە موسڵمانان بەو شێوەیە ڕەفتاری کرد خودا سبحانه وتعالى کردوویەتیە ماف بەسەر خۆیەوە بیخاتە بەهەشتەوە .

﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧﴾ پاشان بە دڵنیاییەوە لە پێشیانەوە ولە پشتیانەوە ، ولای چەپ ولای ڕاستیانەوە دەچمە ڕێیان وگومانیان بۆ دروست دەکەم ، ونابینیت زۆربەیان شوکرانە بژێر وسوپاس گوزاربن .

زانایان چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو هەڕەشەیەی شەیتان لە نەوەکانی ئادەم علیه السلام کردووە ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ﴾ گومانیان بۆ دروست دەکەم دەربارەی قیامەت ، ﴿وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾ ودونیایان لە پێش چاو شیرین دەکەم ، ﴿وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ﴾ وفەرمانی ئاینەکەیان

لێ دەشێوێنم ، و﴿وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ﴾ بە تاوانەوە گرفتاریان دەکەم وپووچەڵیان لا ئاسان دەکەم ، ﴿وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ﴾ وزۆربەیان یەکخوداپەرست وسوپاس گوزارنین ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ﴾ گومانیان بۆ دروست دەکەم کە بەهەشت ودۆزەخ بوونی نییە ، ﴿وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾ وبە ئیشوکاری دونیاوە سەرقاڵیان دەکەم وبۆیان دەڕازێنمەوە ، ﴿وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ﴾ لە چاکەکاری ساردیان دەکەمەوە ، ﴿وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ﴾ وخراپەکاری وتاوانیان بۆ دەڕازێنمەوە وبانگەوازیان دەکەم بۆ ئەنجامدانی ؛ تەبەری دەڵێت : ئەو بۆچوونەی لای من پەسەندە ئەوەیە لە هەموو ئاراستەیەکەوە لە پیلاندایە بۆیان بە حەق وناحەق ، ئیبلیس ڕێگرییان لێدەکات شوێنی حەق بکەون ، وپووچەڵ ونارەوایان بۆ دەڕازێنێتەوە ، چونکە ئەمە دوای ئەو ئایەتە هاتووە کە دەفەرموێت : ﴿لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ باسی ئەوە دەکات دەبێتە بەربەستیان لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە پەروەردگاریان فەرمانی پێکردوون بیگرنە پێش ؛ ئەحمەد وئەبوداود ونەسائی وئیبن ماجە لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ هەرگیز وازی لەم پاڕانەوەیە نەدەهێنا لە ئێواران وبەیانیاندا : پەروەردگارا لە پێشەوە بم پارێزە ، ولە پشتمەوە ، ولای ڕاستمەوە ، ولای چەپمەوە ، ولای سەرەوەم ، وپەنا بەگەورەیی تۆ دەگرم لەوەی بە ناخی زەویدا ڕۆبچم .

﴿قَالَ ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٨﴾ خودا بە ئیبلیسی فەرموو : دەرچۆ لە بەهەشت بە ناوزڕاوی وبێزراوی ، سوێند بێت لە تۆ وهەموو ئەوانەی شوێنت دەکەون دۆزەخ پڕ دەکەم .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەگەر مرۆڤ شوێنی کەسێکی نەنگ وڕیسوا وبێزراو وبێ شەرم بکەوێت ، سەرئەنجام پەلکێشی دەکات بۆ ئەو سیفەت وخووڕەوشتە ناشیرینانەی کە تیایدایە ، وپێویست دەبێت لەسەریان ببنە پارێزەر وداکۆکیکار لەو کەسە خراپە وهەرچی دەڵێت وئەنجامی دەدات ، ئیدی هەموو ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدات لەسەر شوێنکەوتووەکانی ڕەنگ دەداتەوە ، لە قیامەتیشدا هەمان سەرئەنجامیان دەبێت .

﴿وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩﴾ وئەی ئادەم تۆ وخێزانەکەت لە بەهەشتدا جێنشینبن ، لە هەر کوێی بەهەشت چیتان ئارەزوو لێ بوو بیخۆن ، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەونەوە ، ئەگەرنا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە .

بەڵگەی ڕاست ودروست لەبەردەستدا نییە کە ئەو درەختەی قەدەغەکراوە ئادەم وحەوا لێی بخۆن چ درەخت وبەروبوومێك بووە ، گوتراوە : ترێ یان گوڵە گەنم یان هەنجیر بووە ، قەدەغەکردنی خواردن لەو درەختە تاقیکردنەوە بوو بۆ پێغەمبەر ئادەم عليه السلام ، بەڵام لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچوو .

﴿فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ٢٠﴾ شەیتان چووە بنکلێشەیان وەسوەسەی بۆ دروست کردن ، بۆ ئەوەی عەورەت وعەیبیان دەربکەوێت کە پۆشرابوو ، وشەیتان پێی گوتن : پەروەردگارتان یاساغی ئەم درەختەی لێ نەکردوون لەبەر ئەوە نەبێت کە ببنە دوو فریشتە ، یان بە نەمری لە بەهەشتدا بمێننەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دەرخستنی عەورەت چ لە لایەن پیاوەوە بێت یان لە لایەن ئافرەتەوە حەرامە وسزای خودایە ﷻ بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی فەرمانی خودا دەکەن ، بۆیە پێویستە موسڵمانان خۆیان بە دوور بگرن لە تورەی وسزای خودا ﷻ ولاسایی بێباوەڕان نەکەنەوە وپۆشاکی شەرم وداپۆشەری عەیب ونەنگییەکانیان لەبەر دانەکەنن وعەورەتی خۆیان بەدەر نەخەن ، ئیبن قەیم دەڵێت : شەیتانی دوژمنی خودا زانی ئەگەر لەو درەختە بخۆن عەورەتیان دەردەکەوێت ، چونکە ئەوە سەرپێچی فەرمانی خودایە ﷻ ، وتاوان هۆکاری بەزاندنی پەرژینی نێوان خودا وبەندەیە ، پاشان پێی گوتن : ﴿مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ﴾ پەروەردگارتان بۆیە خواردنی ئەم درەختەی لێ قەدەغە کردوون لەبەر ئەوەی نەبنە دوو فریشتە یان لەبەر ئەوەی بە هەمیشەیی لە بەهەشتدا نەمێننەوە ، لە دەرگایەکەوە چووە ژوورەوە بۆیان کاتێك هەستی کرد بەهەشتیان لا خۆشە وحەز دەکەن لەو نیشتیمانە پڕ ناز ونیعمەتە بە هەمیشەیی بمێننەوە ، بەوەش دوژمنی خودا زەفەری بە دایك وباوکمان برد ، سوێندی بۆ خواردن کە ئامۆژگارییان دەکات وخێری دەوێت بۆیان ، گوتی : پەروەردگارتان یاساغی خواردنی ئەم درەختەی نەکردووە لەبەر ئەوە نەبێت : ببنە فریشتە ، یان بە هەمیشەیی لە بەهەشتدا بمێننەوە ،وهەر بەو شێوەیە لەم دەرگا وڕێگایانەوە فێڵی گەورە لە نەوەکانی ئادەم دەکات ، چونکە بە ناو موولوولەکانی خوێندا هاتوچۆ دەکات هەتاکو لەگەڵ ئارەزوویدا تێکەڵ دەبێت وپرسیاری لێ دەکات کە حەز لە چی دەکات ، کە ئەوەی زانی پشتی پێ دەبەستێت وبەکاری دەهێنێت دژی بەندە .

﴿وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ٢١﴾ وسوێندی بۆ خواردن کە من ئامۆژگاریتان دەکەم ودڵسۆزتانم وخێر وچاکەی ئێوەم دەوێت .

شەیتان سوێندی بۆ پێغەمبەر ئادەم وحەوای خێزانی خوارد کە دڵسۆزیانە وسەرپێچی خودای بۆ ڕازاندنەوە ، وای بۆ لێکدانەوە یاساغی خواردنی ئەو درەختە لەبەر دوو شتە : بۆ ئەوەی نەبن بە فریشتە ، یان بۆ ئەوەیە بە هەمیشەیی لە بەهەشتدا نەمێننەوە ، ئیبن کەسیر دەڵێت : سوێندی بە خوا ﷻ بۆ خواردن بۆ ئەوەی لەو درەختە بخۆن ، هەتاکو فێڵی لێ کردن ، وباوەڕدار بە ناوی خوداوە فێڵی لێ دەکرێت ، شەیتان گوتی : من پێش ئێوە دروست کراوم ومن زانیاریم لە ئێوە زیاترە ، گوێڕایەڵیم بکەن ڕێگای باشتان نیشان دەدەم ، وهەندێك لە زانایان دەڵێن : هەرکەسێك فیڵمان بە ناوی خوداوە لێ بکات ، بۆی دەخەڵەتێین ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پێویستە سوێند بە درۆوە نەخورێت چونکە کەسانێکی باوەڕدار کە ناوی خودا ﷻ وسوێند پێ خواردنی پیرۆزە لایان وباوەڕ دەکەن ئەگەر سوێندیان بۆ بخورێت ، لە بنەڕەتدا باوەڕدار ئەگەر سوێندی بۆ خورا دەبێت باوەڕ بکات بەڵام دەبێت بەرامبەرەکەشی لە خودا بترسێت ناوی خودا بە درۆوە نەهێنێت ، ئیبن ماجە لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بە بابوباپیرانتان مەخۆن ، وهەرکەسێك سوێندی بە خودا خوارد با ڕاستگۆ بێت ، وهەرکەسێك سوێندی بۆ خورا با ڕازی بێت ، وهەرکەسێك ڕازی نەبێت ئەوە لە خوداوە دوورە .

﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٢٢﴾ به قسەی بریقەدار فریویدان ، کاتێك درەختە یاساغی لێ کراوەکەیان چەشت ولێیان خوارد ، عەورەت وعەیبیان بە دەرکەوت ، ئیدی بە گەڵای درەختەکانی بەهەشت عەورەتیان دادەپۆشی وبە خۆیانەوە دەنوساند ، وپەروەردگاریان


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ
مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ
فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا
تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ
لِبَاسًا يُوَٰرِى سَوْءَٰتِكُمْ وَرِيشًا ۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ
ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ
ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا
لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَا ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ
حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ
﴿٢٧﴾ وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا
بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ
﴿٢٨﴾ قُلْ أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَقِيمُوا۟ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ
وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۚ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾
فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ ۗ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُوا۟
ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾

١٥٣

بانگی کردن وپێی فەرموون : ئایا یاساغی خواردنی ئەو درەختەم لێ نەکردن ، وپێم نەفەرموون : دڵنیابن شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە .

بەغەوی دەڵێت : ﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ﴾ واتە فێڵی لێ کردن ، بە ڕازاندنەوەی قسەی پڕوپووچ ، وگوتراوە لە پلەوپایەی گوێڕایەڵییەوە داییەزاندن بۆ سەرپێچی فەرمانی خودا ﷻ ، و﴿بِغُرُورٍ﴾ دەرخستنی ئامۆژگارییە لەگەڵ حەشاردانی ناپاکی وگزی لە ناخەوە .

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾

پێغەمبەر ئادەم وحەوای هاوسەری گوتیان : پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد ، وئەگەر لێمان خۆش نەبیت وبەزەییت پێماندا نەیەتەوە بێگومان لە زیانمەندان دەبین .

﴿قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾﴾

خودا پێی فەرموون : دابەزن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن ، ولەسەر زەوی نیشتەجێبن وژیان بەسەربەرن بۆ ماوەیەك .

ئادەم وحەوا وئیبلیس لە بەهەشت دەرکران ، دوژمنایەتی شەیتان بۆ پێغەمبەر ئادەم ﷺ لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ئیرەیی بە پێغەمبەر ئادەم عليه السلام برد ، ولوت بەرز وخۆ

بەگەورە زانبوو وسوژدەی بۆ نەبرد ، شەیتان : واتە : دوور لە ڕەحم وبەزەیی خودا ، شەیتان هەندێك جار مەبەست پێی ئیبلیسە کە لە سەرەتادا لەگەڵ فریشتەکان بوو ، وهەندێك جار بۆ هەموو خراپەکار وبانگەوازکاران بۆ تاوان وسەرپێچی خودا لە مرۆڤ وجن بەکاردەهێنرێت ، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بەهەشت لەبەرزییە ، چونکە دەفەرموێت پێمان فەرموون : دابەزنە سەر زەوی ، وبەڵگەی ئەوەشە کە شەیتان دوژمنی سەرسەختی مرۆڤە ، وپێویستە مرۆڤیش بە دوژمنی خۆی بیزانێت .

﴿قَالَ فِيهَا تَحۡيَوۡنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنۡهَا تُخۡرَجُونَ ٢٥﴾ خودا پێی فەرموون : لەسەر زەوی دەژین ولەسەر زەوی دەمرن ولە زەوییەوە دەردەهێنرێنەوە وزیندوو دەکرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا وکۆ دەکرێنەوە بۆ لێ پرسینەوە وپاداشت وەرگرتنەوە .

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ٢٦﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم ئێمە پۆشاکێکمان بۆ دابەزاندوون کە عەورەت وعەیبەکانتان داپۆشێت ، وپۆشاکێك بۆ ئەوەی خۆتانی پێ بڕازێننەوە ، وپۆشاکی پارێزکاری ولە خودا ترسان باشترە ، ئەمە لە بەڵگە ونیشانەکانی خودایە بەڵکو بیربکەنەوە وپەند وەربگرن .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر پێویستی داپۆشینی عەورەت ، کە لە کتێبە فقهییەکاندا عەورەتی پیاو وئافرەت دیاری کراوە ، ﴿وَرِيشٗاۖ﴾ پۆشاکە بۆ خۆ ڕازاندنەوە ، وبە سامان ودارایی وبە کەرەستە وناوماڵەش لێکدانەوەی بۆ کراوە ، وبوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَرِيشٗاۖ﴾ : (وَرِيَاشًا) سامانە ، وجگە لە ئەو دەڵێن : (الرِّيَاشُ وَالرِّيشُ) یەك مانایە وئەو پۆشاکەیە کە بە ڕەواڵەت دیارە ؛ ﴿وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ

ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ﴾ ئەمە پۆشاکی مەعنەوییە وخۆڕازاندنەوە بە لە خودا ترسان لە هەموو پۆشاك وجوانی وڕازاوەییەکانی دونیا باشترە ، وچەند لێکدانەوەیەك بۆ ﴿لِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ﴾ کراوە : بە باوەڕ ، وشەرم ، وکردەوەی چاکە ، وڕەوشت جوانی ، وڕوو گەشاوەیی ، ولە خودا ترسانیش لێکدراوەتەوە .

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٢٧﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم ، شەیتان فریوتان نەدات وسەرپێچی وتاوانتان بۆ بڕازێنێتەوە کە بەو هۆیەوە باوك ودایکتانی لە بەهەشت دەرکرد ، وئەو پۆشاکەی لە بەریاندا بوو بە هۆی تاوانەوە لە بەری داکەندن هەتا عەیب وعەورەتیان بۆ یەکتر دەرکەوت ، بێگومان شەیتان وداروودەستەکەی ئێوە دەبینن لە جێگایەکەوە کە ئێوە ئەوان نابینن ، ئێمە شەیتانەکانمان کردووەتە دۆستی ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن .

ئەلبانی دەڵێت : لەبەر ڕۆشنایی فەرموودە صەحیحەکان مانای : ﴿مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ﴾ ئەوەیە لەسەر ئەو شێوازە نایان بینین کە خودا ﷻ دروستی کردوون لەسەری ، بەڵام کە دەچنە سەر شێوازی مرۆڤ یان شتی تر دەشێت ببینرێن ، بەڵام بەو شێوازە مرۆڤ نازانێت ئەمە شەیتانە ، چونکە خۆی گۆڕیوە وچووەتە سەر شێوازێکی تر ، فەرموودەکەی ئەبوهرەیرە ﵁ وهاوشێوەکانی بەم شێوەیە لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت ، مەبەست ئەوەیە شەیتانەکە چووەتەوە سەر شێوازی مرۆڤ هەتاکو ئەبوهرەیرە ﵁ توانیوییەتی دەستگیری بکات ، ودەڵێت : بانگەشەی هەندێك لەو کەسانەی گیرۆدە بوون بە داوای یارمەتی

کردن لە جنەکانەوە بە بیانووی ئەوەی داوای یارمەتی لە چاکەکارەکانیان دەکەن ، بانگەشەیەکی درۆیە ، چونکە ناتوانرێت تێکەڵاوی بکرێن وژیانیان لەگەڵدا بکرێت ، وئێمە بە تاقیکردنەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسانەی زۆر تێکەڵاویان دەبن لە مرۆڤەکان زۆربەیان کەسانی باش نین ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ ﴿١٤﴾﴾(التَّغَابُن) ، ئەمە دەربارەی مرۆڤەکانە کە بە ئاشکرا دەبینرێن ، ئەی دەبێت جن چۆنبن کە خودا ﷻ دەربارەیان دەفەرموێت : ﴿إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ﴾ ؛ وبوخاری لە صەحیحەکەیدا لە بابەتی "ئایا جادوو پووچەڵ دەکرێتەوە " لە قەتادەوە بە موعەلەقی ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : بە سەعیدی کوڕی موسەیبم گوت : پیاوێك جادووی لێ دەکرێت یان ناتوانێت لەگەڵ خێزانەکەیدا جووت ببێت ، ئایا هەوڵی پووچەڵ کرنەوەی دەدات وڕوقییەی دەکات ؟ گوتی : ئاساییە ، ئەوە بۆ چارەسەرە ، ئەو ڕوقییەی سودی هەیە یاساغی نەکراوە ؛ وئەبوداود لە جابری کوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی ڕوقییە (النُّشرة) ، فەرمووی : ئەوە لە کردارەکانی شەیتانە ؛ ئایە ئەم فەرموودە وئەسەرەکە دژیەکن ؟ ئەلبانی لە وەڵامدا دەڵێت : فەرموودەکە دەربارەی داوا کردنی یارمەتییە لە جن وشەیتانەکان بەو ئامرازانەی دەبێتە مایەی ڕەزامەندییان وەك سەربڕین وهاوشێوەکانی بۆیان ، ئەوە مەبەستی فەرموودەکەیە ، بەڵام ئەسەرەکەی سەعید مەبەستی پشت بەستنە بە ڕوقییە وپەناگرتن بە خودا بەو ویردانەی لە قورئان وسوننەتدا هاتووە ؛ وئیبن قەیم دەڵێت : (النُّشرة) پووچەڵ کردنەوەی جادووە لەو کەسەی جادووی لێکراوە ، کە دوو جۆرە : یەکەم : هەڵوەشاندنەوەی بە جادوویەکی هاوشێوەی خۆی ، کە ئەمە لە کرداری شەیتانە ، وگوتەکەی حەسەنی

بەصری کە دەڵێت : جادووباز نەبێت ناتوانێت جادوو پووچەڵ بکاتەوە بەم جۆرەیان لێکدەدرێتەوە ، ئەو کەسەی کە ڕوقییەکەی بۆ دەکرێت وئەوەشی ڕوقییە دەکات لە شەیتان خۆیان نزیك دەکەنەوە بەوەی پێی خۆشە ، وکاریگەری جادووەکە لەسەر جادوو لێکراوەکە نامێنێت ، دووەم : ڕوقییە کردن بە ویردە شەرعییەکان ودەرمان ونزا وپاڕانەوەی حەڵاڵ ئەمەیان دروستە ؛ وئیبن باز دەڵێت : زۆربەی ئەو کەسانەی بانگەشەی ڕوقییە کردن دەکەن لەو کەسانەن کە لە پێناوی شەیتاندا کاردەکەن ، وپەنا بۆ جن دەبەن وپشتیان پێ دەبەستن ، ئەو کەسانە پێویستە ڕێگرییان لێ بکرێت وکەس نەچێت بۆ لایان .

﴿وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً قَالُواْ وَجَدۡنَا عَلَيۡهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَاۗ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٢٨﴾ وهەرکاتێك کە کردەوەیەکی خراپی ئابڕووبەرانەیان ئەنجام دابا دەیانگوت : ئێمە بابوباپیرانمان بینی ئەم کردەوەیان ئەنجام دەدا ، وخودا فەرمانی پێکردووین ئەم کردەوەیە ئەنجام بدەین ، پێیان بڵێ : بە دڵنیاییەوە خودا فەرمان بە کاری خراپ ناکات ، ئایا بە ناوی خوداوە شتانێك دەڵێن کە نایزانن ؟! .

ئەگەر کەسێك تاوان وکردەوەی دزێو وناشایستە ئەنجام بدات تاوانبار دەبێت ، بەڵام ئەو کار وکردەوە نالەبار وقێزەونانە بدرێتە پاڵ خودا وئاین وپێغەمبەرەکەی ﷺ تاوانەکەی زۆر گەورەترە ، چونکە سەرەڕای تاوان ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکات ودەیان شێوێنێت ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢١﴾(الأنعام) ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : عەرەب بە ڕووتی تەوافیان دەکرد ، جگە لە (الحمس) کە قورەیش ومندالەکانیان بوون ، وهەرکەسێکیش ئەگەر قورەیش

پۆشاکێکی پێدابا بەو پۆشاکەوە تەوافیان دەکرد ، پیاوان پۆشاکیان بە پیاوان دەدا وئافرەتان پۆشاکیان بە ئافرەتانیان دەدا ؛ وتەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً قَالُواْ وَجَدۡنَا عَلَيۡهَآ ءَابَآءَنَا﴾ عەرەب بە ڕووتی بە دەوری کەعبەدا تەوافیان دەکرد ، ویاساغی ئەوەیان لێکرا ؛ وتەبەری وئیبن ئەبو حاتەم لە سودییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً﴾ لە یەمەن هۆزێك هەبوو بە ڕووتی تەوافیان بە دەوری کەعبەدا دەکرد ، ئەگەر پرسیاریان لێ کرابا بۆچی وا دەکەن ؟ دەیانگوت : بینیمان بابوباپیرانمان بەو شێوەیان دەکرد وخوداش بەو شێوەیە فەرمانی پێ کردووین ؛ وئیبن کەسیر دەڵێت : هەموو عەرەب جگە لە قورەیش تەوافیان بە پۆشاکێکەوە نەدەکرد کە پێشتر پۆشی بوویان ، ودەیانگوت : ئێمە تەواف بە پۆشاکێکەوە ناکەین کە تاوانمان پێوە ئەنجامداوە ، بەڵام قورەیش کە (الحمس) بوون ، بە پۆشاکەکانیانەوە تەوافیان دەکرد ، وهەرکەسێك ئەگەر قورەیشییەك پۆشاکێکی بە ئەمانەت پێدابا تەوافی پێوە دەکرد ، وهەرکەسێك دەستەیەك پۆشاکی نوێی پێ بووایە تەوافی پێوە دەکرد وپاشان فڕێی دەدا وکەس بۆ خۆی نەدەبرد ، جا هەرکەسێك پۆشاکی نوێی پێ نەبووایە یان قورەیشییەك دەستەیەك پۆشاکی بە ئەمانەت پێنەدایە ، بە ڕووتی تەوافی دەکرد ، وهەندێك جاریش ئافرەت بە ڕووتی تەوافی دەکرد ، وزۆرجار ئەو ئافرەتانەی کە بە ڕووتی تەوافیان دەکرد بە شەو تەوافیان دەکرد ، ئەمەش شتێك بوو لە خۆیانەوە دایان هێنابوو ، وشوێنی بابوباپیرانیان کەوتبوون ، ودەیاندایە پاڵ خودا سبحانه وتعالى وشەریعەت ، خودا نکولی ئەوەی لێ کردن : ﴿وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً قَالُواْ وَجَدۡنَا عَلَيۡهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَاۗ﴾ خودا سبحانه وتعالى بەرپەرچی دانەوە بە محمدی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فەرموو :

﴿قُلۡ﴾ بەو کەسانە بڵێ کە ئەو بانگەشەیە دەکەن : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ﴾ ئەمەی ئەنجامی دەدەن کردەوەی قێزەونە وناشیرینە ، وخودا ﷻ فەرمان بە شتی لەو شێوەیە ناکات : ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ ئایا قسە وگوفتارێك دەدەنە پاڵ خودا ﷻ کە نازانن ڕاستە ؟ .

﴿قُلۡ أَمَرَ رَبِّي بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَۚ كَمَا بَدَأَكُمۡ تَعُودُونَ ٢٩﴾ بڵێ : پەروەردگاری من فەرمانی بە دادگەری کردووە ، لە کاتی ئەنجامدانی نوێژەکانتان لە هەر مزگەوتێك نوێژتان ئەنجامدا ڕوو بکەنە قیبلە ، بە تاك وتەنهایی بیپەرستن ودڵسۆز ونییەت پاکبن وهیچ هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن ، چۆن سەرەتا بە ڕووتی دروستی کردن بەو شێوەیەش دەگەڕێنەوە بۆ لای .

تەبەری دەڵێت : ئەوەی پەسەندە ، فەرمانیان پێکراوە لە کاتی نوێژەکانیان ڕوو بکەنە پەروەردگاریان ، نەوەك ڕوو بکەنە بت وپەیکەرەکان ، ونزا وپاڕانەوەکانیان بە دڵسۆزییەوە لە خودا ﷻ داوا بکەن ، نەوەکو هاوبەش بڕیاردەران کە نزا وپاڕانەوەکانیان فیکە کێشان وچەپڵە لێدان بوو ؛ بوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر کەسێك لە ئێوە نوێژی کرد با تف نەکاتە پێشی خۆی ، چونکە خودا ﷻ لە پێشییەتی کاتێك نوێژ دەکات ؛ لە پێش بوونێك کە شایستەی پەروەردگارە ولەسەر عەرشە ، ﴿كَمَا بَدَأَكُمۡ تَعُودُونَ﴾ زانایان دوو لێکدانەوەیان بۆ کردووە : قەتادە دەڵێت : لە سەرەتاوە دروستی کردن وئێوە هیچ نەبوون ، پاشان دەمرن وپاشان زیندوویان دەکاتەوە ، تەبەری ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە ، وئەو فەرموودەی کردووەتە بەڵگە کە بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما

ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئامۆژگاری کردین وفەرمووی : ئەی خەڵکینە ئێوە کۆ دەکرێنەوە لە لای خودا ﷻ بەپێی پەتی وڕووتی وخەتەنە نەکراوی : ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ وَعْدًا عَلَيْنَآ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤﴾(الأنبياء) ، وموجاهید دەڵێت : ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ موسڵمان بە موسڵمانی زیندوو دەکرێتەوە وبێباوەڕ بە بێباوەڕی ؛ ومحمدی کوڕی کەعب دەڵێت : ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ هەرکەسێك خودا لە سەرەتاوە بە خراپەکار دروستی کردبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایەی لەسەری دروست کراوە ، ئەگەر کردەوەکانیشی وەك کردەوەی چاکەکاران بێت ، وەك چۆن ئیبلیس کردەوەی وەك کردەوەی چاکەکارانی ئەنجامدا ، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە لەسەری دروست کرابوو ، وهەرکەسێك لە سەرەتاوە لەسەر چاکەکاری دروست کرابێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە لەسەری دروست کراوە ، ئەگەر کردەوەی خراپەکارانیش ئەنجام بدات ، وەك چۆن جادووگەرەکانی سەردەمی پێغەمبەر موسا عليه السلام کردەوەی خراپەکارانیان ئەنجام دەدا ، پاشان گەڕانەوە بۆ ئەوەی لەسەری دروست کرابوون ؛ وعەلی کوڕی طلحە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ٢٩ فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ ٣٠﴾ خودا لە سەرەتاوە نەوەکانی ئادەمی بە باوەڕدار وبێباوەڕ دروست کردووە ، وەك ئەو ئایەتەی خودا دەفەرموێت : ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ٢﴾(التَّغَابُن) ، پاشان ڕۆژی قیامەت دەیانگەڕێنێتەوە وەك چۆن لەسەرەتاوە دروستی کردبوون ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی کە هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە ئەو ،

کەسانێك لە ئێوە هەیە کردەوەی بەهەشتی ئەنجام دەدات هەتاکو باڵێکی دەمێنێت بچێتە بەهەشتەوە ، لە کتێبەکەیدا بە بەهەشتی نەنوسراوە ، کردەوەی دۆزەخی ئەنجام دەدات ودەچێتە دۆزەخەوە ، وکەسانێك لە ئێوە هەیە کردەوەی دۆزەخی ئەنجام دەدات هەتاکو باڵێکی دەمێنێت بچێتە دۆزەخەوە ، لە کتێبەکەیدا بە دۆزەخی نەنوسراوە ، کردەوەی بەهەشتی ئەنجام دەدات ودەچێتە بەهەشتەوە .

﴿فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُۚ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ٣٠﴾ خەڵك دوو کۆمەڵێکیان خودا هیدایەتیداون ورێنمایی کردوون ، وکۆمەڵێکیان شایانی گومڕایی بوون ، چونکە بێگومان ئەو کەسانە شەیتانەکانیان کردە دۆست وپشتیوانی خۆیان جگە لە خودا ، ولایان وابوو کە هیدایەتدراون ورێنمایی کراون .

سەعدی دەڵێت : ﴿وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ﴾ مەبەست ئەوەیە ڕاستیەکانیان لا پێچەوانە بووەتەوە ، گومانیان وایە باتڵ ڕەوایە ورەوا باتڵە ؛ وئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە فەرمانەکان ویاساغییەکان وابەستەی دانای وبەرژەوەندییە ، چونکە خودا ﷻ باسی ئەوە دەکات ناشێت خودا فەرمان بەشتێك بکات کە عەقڵەکان نکولی لێ بکەن بە قێزەون ونەشیاوی دابنێن ، وخودا ﷻ فەرمان بە دادگەری ونییەت پاکی دەکات ، وبەڵگەی ئەوەشیان تێدایە کە هیدایەتدان بە فەزڵ ومننەتی پەروەردگارە ، وگومڕاکردن وهیدایەت نەدانی بەندە بەهۆی دۆستایەتی شەیتانەوەیە کە بە ستەم ونەفامی بە دۆست وپشتیوان هەڵی دەبژێرێت ، بەوەش دەبێتە هۆکاری گومڕابوونی ، وهەرکەسێك گومانی وابێت لەسەر هیدایەتە بەڵام لە واقعدا گومڕابێت ، هیچ بیانوویەکی نییە ، چونکە


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

۞ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ
وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ
ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ
لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا
بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ
بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٣ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ
أَجَلٞۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ
٣٤ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ
ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ
بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ٣٦ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ
بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ
رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ
قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ٣٧

١٥٤

دەتوانێت ڕێگای هیدایەت بگرێت ، وئەو گومانەی لە ستەمەوە بۆ دروست بووە ، لەبەر واز هێنانی لەو ڕێگایەی کە دەیگەیەنێتە هیدایەت .

﴿۞يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم خۆتان بڕازێننەوە لە کاتی ئەنجامدانی هەموو نوێژەکان ، وبخۆن وبخۆنەوە وزیادەڕۆیی مەکەن ، بێگومان خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە زیادەڕۆیی دەکەن .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر پێویستی داپۆشینی عەورەت بە تایبەت لە کاتی نوێژەکاندا ، ئیبن تەیمیە دەڵێت : خودا ﷻ بە شتێك زیاتر لە داپۆشینی عەورەت فەرمانی کردووە لە نوێژدا کە دەفەرموێت : ﴿خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾ ، فەرمانەکەی وابەستەی پۆشاکی جوان کردووە نەوەك بە داپۆشینی عەورەتەوە ، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی بەندە پێویستە جوانترین وڕازاوەترین پۆشاکی لەبەر بکات بۆ ئەنجامدانی نوێژ ؛ وئیبن کەسیر دەڵێت : هاوماناى ئەم ئایەتە لە سوننەتدا هاتووە ، سوننەتە خۆ ڕازاندنەوە بۆ هەموو نوێژێك بە تایبەت نوێژی هەینی ونوێژی جەژن ، وخۆ بۆن خۆش کردن لە خۆ ڕازاندنەوەیە ، سیواك کردنیش تەواوکەری ئەو جوانییەیە ، وباشترین پۆشاکیش پۆشاکێکە

ڕەنگی سپی بێت ، ئەحمەد وئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : پۆشاکی سپی بپۆشن ، چونکە لە باشترین پۆشاکەکانتانە ، ومردووەکانیشتان بە کفنی سپی کفن بکەن ، وباشترینی ئەو شتانەی چاوتانی پێدەڕێژن کلی چاوە (إثمد) "کە بەردێکی ڕەشی سورباوە" ، چاوەکان دەگەشێنێتەوە وبرژانگەکانی پێڵوی چاو دەڕوێنێتەوە ؛ ئێستا بەداخەوە هەندێك خەڵك دەبینین بە پۆشاکێکی ناشیرین وناشایستەوە دێن بۆ مزگەوت ، وەك : پۆشاکی خەو وپۆشاکی وەرزشی وپانتۆڵی تەسك وجۆری تریش کە خاوەنەکانیان پێیان عەیبە بەو پۆشاکەوە بچن بۆ بازاڕ کەچی بۆ نوێژ ولە پێشی خودا ﷻ شەرم ناکەن وبەو شێوە ناشایستە دەوەستن ، تەحاوی وتەبەرانی وبەیهەقی لە ئیبن عومەرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر کەسێك لە ئێوە نوێژی کرد با دوو پۆشاك بپۆشێت ، چونکە بێگومان خودا لە هەمووان شایانترە خۆتی بۆ بڕازێنیتەوە ، وپۆشاکی جوانی بۆ لەبەر بکەیت کاتێك لە نوێژدا لە پێشی دەوەستیت ؛ ومسلم لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئافرەت بە ڕووتی تەوافی کەعبەی دەکرد ، دەیگوت : کێ پۆشاکێکم بە ئەمانەت دەداتێ تەوافی پێوە بکەم ، دامێنی پێ دادەپۆشی ، "ئەگەر ئافرەتێکی قورەیشی پۆشاکی پێ نەدابا خۆی پێ داپۆشێت" ، دەیگوت : ئەمڕۆ هەندێك لە عەورەتم یان هەمووی دەردەکەوێت ، ئەوەی کە دەردەکەوێت حەڵاڵی ناکەم بۆ کەس سەیری بکات ، "چونکە مەبەستی خراپەکاری نەبوو لە دەرخستنی" ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾ ؛ ﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ ، هەندێك لە سەلەف دەڵێن : خودا ﷻ تەندروستی وزانستی

پزیشکی لە نێو ئەم ئایەتەدا کۆ کردووەتەوە ، کە دەفەرموێت : ﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ﴾ ، وبوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : هەرچی ئارەزووی دەکەیت بیخۆ ، وهەرچی حەزدەکەیت بیپۆشە ، بە مەرجێك لە دوو سیفەت بە دووربیت ، زیادەڕۆی وفیزکردن وخۆ بەگەورە زانین ؛ وتەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئیبن کەسیر بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : خودا سبحانه وتعالى خواردن وخواردنەوەی حەلاڵ کردووە ، بە مەرجێك لە دوو سیفەت بە دووربیت ، زیادەڕۆی وفیزکردن وخۆ بەگەورە زانین ؛ وئەحمەد ونەسائی وئیبن ماجە لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : بخۆن وبخۆنەوە وببەخشن وبپۆشن بە مەرجێك لە دوو سیفەت بە دووربن ، لە زیادەڕۆی وفیزکردن وخۆ بەگەورە زانین ، وترمزی لە مقدامی کوڕی مەعدی کەربەوە رضی الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : مرۆڤ هیچ قاپێکی پڕ نەکردووە خراپتربێت لە پڕ کردنی گەدەی ، نەوەی ئادەم چەند پارویەکی بەسە کە پشتی ڕاگرن وژیانی بەردەوام بێت ، وئەگەر هەر حەزی کرد زیاتر بخوات ، با سێیەکی بۆ خۆراك وسێیەکی بۆ خواردنەوە وسێیەکی بۆ هەناسەدان بەجێ بهێڵێت .

﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢﴾

بڵێ : کێ ئەو پۆشاك وجوانییانەی کە خودا بۆ بەندەکانی بەدیهێناوە ، ورۆزییە پاکەکانی حەرام کردووە ؟ بڵێ ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە لە ژیانی دونیادا وبێباوەڕانیش بەهرەی لێ دەبەن ، بەڵام لە قیامەتدا تایبەتە بە باوەڕداران ، بەو شێوەیە

ئایەتەکانمان بە درێژی ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی دەزانن وتێدەگەن لەوەی بۆیان ڕوون دەکرێتەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە حەڵاڵ وحەرام تەنها بۆ خودایە ﷻ کەس بۆی نییە حەڵاڵێك حەرام بکات کە خودا حەڵاڵی کردووە ، یان حەرامێك حەڵاڵ بکات کە خودا حەرامی کردووە ، ئەو کەسانەی کە پۆشاکی کۆن ودڕاو وپینە کراو دەپۆشن زۆر جار بۆ ڕاوکردنی خەڵك وخواردنی سامانیانە ، بە ناوی ئاینەوە ئەو کارە دەکەن ، قورتبی دەڵێت : پۆشاکەکەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە نزیکەی دینارێکی زێڕ کڕی بووی ، ئەمە دژە لەگەڵ کرداری ئەو کەسانەی پۆشاکی زبر لە کەتان وخوری دەپۆشن ودەڵێن : ﴿وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ﴾ ، لە کاتێکدا زۆر دوورن لە پێکانی حەق وڕاستی ، ئایا ئەو کەسانە وازیان لە پۆشاکی لە خودا ترسان هێناوە ؟! ، نەخێر سوێند بە خودا ئەوانە لە خودا ترس وپارێزکار وخوداناس وخاوەن عەقڵ بوون ، وجگە لەوان فیشاڵیان لێ دەدا ودڵیان خاڵی بوو لە پارێزکاری ولە خودا ترسان ، ئیبن جەوزی دەڵێت : چارۆکە وپۆشاکی پینەکراوم پێناخۆشە لەبەر چوار شت : یەکەم : ئەوە پۆشاکی سەلەف نەبووە ، بەڵکو ئەوان لەبەر پێداویستی پۆشاکەکانیان پینە دەکرد ، دووەم : دەرخستنی هەژاری لە خۆ دەگرێت ، لە کاتێکدا مرۆڤ فەرمانی پێکراوە کاریگەری نیعمەتەکانی خودا ﷻ بەسەرییەوە دەرکەوێت ، سێیەم : دەرخستنی دونیا نەویستی ولە خودا ترسانە ، کە فەرمانمان پێکراوە بیشارینەوە ، چوارەم : خۆ چووواندنە بەو کەسانەوە کە لە شەریعەت لایانداوە ، وهەرکەسێك خۆی بچوێنێت بە هەرکەسێکەوە ئەوە لەوانە ، وتەبەری دەڵێت : بە هەڵەدا چوون ئەو کەسانەی پۆشاکی موو وخوری دەدەن بەسەر پۆشاکی لۆکە وکەتاندا لەگەڵ ئەوەی بە حەڵاڵی بەردەست بێت بیپۆشێت ، وئەو کەسەی پاقلەمەنییەکان ونیسك بخوات وبیدات

بەسەر نانی گەنمدا ، وئەو کەسەی واز لە خواردنی گۆشت دەهێنێت لە ترسی بەرزبوونەوەی ئارەزوویان ؛ ئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : کاتێك خەوارجەکان لە دەسەڵاتی عەلی رضي الله عنه دەرچوون ، گوتی : بچۆ بۆ لای ئەو خەڵکە ، باشترین پۆشاکی یەمەنیم لەبەر کرد وچووم بۆ لایان ، گوتیان : بە خێربێیت ئەی ئیبن عەباس رضي الله عنهما ، ئەم پۆشاکە چییە پۆشیوتە ؟! گوتم : ڕەخنەی چیم لێ دەگرن ؟ سوێندبێت پێغەمبەری خودام ﷺ بینی جوانترین پۆشاکی دەپۆشی .

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾ بڵێ : بێگومان پەروەردگارم هەموو تاوانە خراپ وقێزەونەکانی حەرام کردووە ، ئاشکرابن یان شاراوە ، وهەروەها خراپەکاری وستەمی نارەوا ، وهاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەن کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەوە دانەبەزاندووە ، وبە ناوی خوداوە قسە بکەن وشتێك بدەنە پاڵی بەبێ ئەوەی بزانن وزانیاریتان هەبێت .

﴿ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ هەموو تاوان وسەرپێچییەکی فەرمانەکانی خودا سبحانه وتعالى دەگرێتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کەس لە خودا بە غیرەت تر نییە بەرامبەر بەندەکانی ، لەبەر ئەوەیە هەموو تاوان وخراپەکانی لەسەر حەرام کردووە ، ئەوانەیان ئاشکران یان بە شاراوەیی ئەنجام دەدرێن ؛ وبوخاری ومسلم لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : سەعدی کوڕی عوبادە رضي الله عنه گوتی : ئەگەر پیاوێك ببینم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بە شمشێر دەیکوژم ، ئەم قسەیە گەیشتە پێغەمبەری خودا ﷺ وفەرمووی : سەرتان سوڕدەمێنێت لە غیرەتی سەعد ، سوێند بە خودا من لە سەعد بە

غیرەتترم ، وخودا لە من بە غیرەتترە ، ولەبەر ئەوەیە هەموو تاوان وخراپەکانی حەرام کردووە ، ئەوانەیان ئاشکران یان بە شاراوەیی ئەنجام دەدرێن ، وهیچ کەس لە خودا بە غیرەتتر نییە ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿ٱلْإِثْمَ﴾ ئەو خراپە کاریانەیە کە وابەستەیە بە خودی ئەو کەسەوە کە تاوانەکە ئەنجام دەدات ، و﴿ٱلْبَغْىَ﴾ ستەم کردن ودەست درێژی کردنە بۆ سەر خەڵك ، خودا ﷻ هەمووی حەرام کردووە ؛ وسەعدی دەڵێت : ﴿ٱلْفَوَٰحِشَ﴾ تاوانە گەورەکانە کە قێزەون وبێزراون لەبەر زۆر خراپییان وەك زینا ونێربازی ، ﴿مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ هەموو ئەو تاوان وخراپەکاریانەیە کە وابەستەی جووڵەکانی لاشە وجووڵەکانی دڵن ، وەك : خۆبەگەورە زانین ، وبەخۆسەرسام بوون ، ڕیایی ، ودووڕووی وهاوشێوەی ئەمانە ، ﴿وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْىَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ ئەو تاوانەی کە مرۆڤ تاوانبار دەکەن وخاوەنەکەی شایانی سزادانە بە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی خودا ، ودەست درێژی کردنە سەر خەڵك لە خوێن وسامان وکەرامەتیان دەگرێتەوە ، کەواتە : ئەمە مافەکانی خودا وئەوەشی پەیوەندی بە بەندەکانەوە هەیە هەمووی دەگرێتەوە .

﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ بۆ مەرگ وتیاچوونی هەر ئومەتێك کاتی دیاری کراو هەیە ، ئەگەر کاتی تیاچوونیان هات ، ساتێك دوا ناکەوێت ، وساتێکیش پێش ناخرێت .

بوخاری ومسلم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر کەسێك پێی خۆشە ڕۆزی فراوان بێت وتەمەنی درێژ بێت ومەرگی دوا بکەوێت ، با سیلەی ڕەحمی بگەیەنێت ؛ ئایا ئەم فەرموودەیە ماناکەی دژە لەگەڵ ئەوەی کە کەس بۆ ساتێك تەمەنی نە دوادەکەوێت ونە پێش

دەخرێت ؟ زانایانی سەلەف وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە : ئیبن تەیمیيە دەڵێت : ئەو کەسەی کە دەکوژرێت وەك کەسانی ترە کەسیان مەرگیان نە پێش دەکەوێت ونە دوادەکەوێت ، بەڵکو هەموو گیانلەبەران ورووەکەکانیش کاتی دیاری کراویان هەیە ، هەموویان لە کاتی دیاری کراوی خۆیاندا دەمرن ، وپاشان دەڵێت : ئەجەل دوو ئەجەلە : ئەجەلێکی ڕەها کە خودا دەیزانێت ، وئەجەلێکی وابەستەکراو ، بەوەش مانای ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەردەکەوێت کە دەفەرموێت : هەر کەسێك پێی خۆشە ڕۆزی فراوان بێت وتەمەنی درێژ بێت ومەرگی دوا بکەوێت ، با سیلەی ڕەحمی بگەیەنێت ؛ خودا ﷻ فەرمانی بە فریشتە کردووە کاتێکی دیاری کراو بۆ مەرگی ئەو کەسە بنوسێت ، وفەرموویەتی : ئەگەر سیلەی ڕەحمی گەیاند ئەوە وئەوەی بۆ هەیە ، وفریشتەکە نازانێت تەمەنی زیاد دەکات یان نا ، بەڵام خودا ﷻ دەزانێ چارەنووسی ئەو بەندەیە چییە ، ئەگەر ئەو کاتە هات نە پێش دەکەوێت ونە دوا دەکەوێت ؛ وئەلبانی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە لەسەر ڕەواڵەتەکەی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ، خودا ﷻ بە دانایی خۆی سیلەی ڕەحمی کردووەتە هۆکارێکی شەرعی بۆ تەمەن درێژی وهەروەها ڕەوشت جوانی وباشبوون لەگەڵ دراوسێ وەك لە هەندێك فەرموودەی صەحیحدا هاتووە ، ئەمەش پێچەوانەی ئەوە نییە کە لە ئایندا زانراوە کە تەمەن کاتێکی دیاری کراوی هەیە ، وەك چۆن باوەڕ زیاد وکەم دەکات بە هۆی تاوانەوە ، وپێچەوانەی ئەوە نییە کە لە (اللوح المحفوظ)دا نوسراوە ، بەو شێوەیەش تەمەن زیاد وکەم دەکات بە هۆی هۆکارەکانەوە ، وپێچەوانەی ئەوە نییە کە لە (اللوح المحفوظ)دا نوسراوە .

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا پێغەمبەرانتان

لە ڕەگەزی خۆتان بۆ ڕەوانە نەکرا کە بەڵگە ونیشانەکانی منتان بەسەردا بخوێننەوە ؟ ، هەرکەسێك پارێزکاربێت ولە خودا بترسێت وچاکەکاربێت ، ترسیان لەسەر نییە لەوەی کە لە دوارۆژدا ڕوو دەدات ، وخەفەت ناخۆن بۆ ئەوەی لە دونیا لە دەستیان دەردەچێت .

ئایا هیچ پێغەمبەرێك لە گرۆهی جن ڕەوانە کراوە ؟ تەبەری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەران عليهم السلام هەموویان لە نەوەی ئادەمن ، وکەسانی ئامۆژگاری وترسێنەر لە نێو جنەکان هەڵکەوتووە .

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٣٦﴾ وئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی ولووت بەرز بوون لە ئاستیان وخۆیان بە گەورە زانی ، ئەوانە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخن ، بە هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە .

﴿فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ٣٧﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی خوداوە بکات ، یان ئایەتەکانی بە درۆ بزانێت ؟ ئەوانە چی لە چارەیان نوسرابێت دووچاری دەبن ، یان ئەو بەشەی لە کردەوە وتەمەن ورۆزییان بۆیان دیاری کراوە دەستگیریان دەبێت ، هەتا ئەو کاتەی فریشتە نێردراوەکانمان دێن وگیانیان دەکێشن ، وپێیان دەڵێن : کوان ئەو شتانەی جگە لە خودا هاناتان بۆ دەبردن ، بۆچی فریاتان ناکەون ورزگارتان ناکەن ، دەڵێن : ڕۆیشتن ولێمان ون بوون ، وگەواهییان لەسەر خۆیاندا کە بێباوەڕ بوون .

ئەم پرسیار کردنە بۆ زانینی وەڵامیان نییە بەڵکو سەرزەنشت وهەڕەشە لێ کردنە ، فریشتەکان کاتێك گیانی بێباوەڕان دەکێشن دەیان تۆقێنن ، وپێیان دەڵێن : کوان ئەوانەی



بە دۆست وپشتیوانی خۆتان هەڵتان بژاردبوون جگە لە خودا ، ئەوە بۆچی دیارنین بۆ ئەوەی هاوکاریتان بکەن ویارمەتیتان بدەن لەم بارودۆخە ناهەموارەی سەرەمەرگ ڕزگارتان بکەن ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿يَنَالُهُم نَّصِيبُهُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەوەی لە ڕۆژی بۆیان دیاری کراوە دەستیان دەکەوێت .

﴿قَالَ ٱدْخُلُواْ فِيٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ فِي ٱلنَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَىٰهُمْ لِأُولَىٰهُمْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ ٱلنَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ٣٨﴾ خودا پێیان دەفەرموێت : بچنە ڕیزی ئەو کۆمەڵانەی مرۆڤ وجن کە پێش ئێوە چوونەتە نێو ئاگری دۆزەخەوە ، هەرکاتێك کۆمەڵێك دەخرێتە دۆزەخەوە نەفرەت لە کۆمەڵەی هاوتای دەکات ، هەتاکو هەموویان پێکەوە لە دۆزەخدا کۆ دەبنەوە ، ئەو کۆمەڵانەی لە کۆتاییدا خراونەتە دۆزەخەوە بە ئەوانەی سەرەتا دەڵێن : پەروەردگارا ئەمانە ئێمەیان سەرلێ شێواو وگومڕا کرد ، سزایان بۆ دوو هێندە بکە لە ئاگری دۆزەخدا ، خودا پێیان دەفەرموێت : بۆ هەمووتان سزای دوو هێندە هەیە بەڵام ئێوە نەفامن ونازانن .

تەبەری دەڵێت : ئەمە هەواڵە لە خوداوە دەربارەی ئاخاوتنی دەستە وتاقمە بێباوەڕەکان لە ئاگری دۆزەخ دا لە ڕۆژی قیامەت ، ئەگەر هەموو ئومەتە بێباوەڕەکان لە دۆزەخدا کۆببنەوە ، ئەو ئومەت وکۆمەڵانەی لە کۆتاییدا دەخرێنە دۆزەخەوە بەو دەستە وتاقمانەی لە پێشدا خراونەتە دۆزەخەوە کە پێشین وپێشەوایان بوون لە گومڕایی وبێباوەڕیدا دەڵێن : پەروەردگارا ئەمانە ئێمەیان لە ڕێگا ڕاستەکەی تۆ هەڵە وگومڕا کرد ، بانگەوازیان کردین بۆ ئەوەی پەرستشی جگە لە تۆ بکەین ، وگوێڕایەڵی شەیتانیان بۆ ڕازاندینەوە ، پەروەردگارا سزای خۆتیان بۆ دوو هێندەی سزای ئێمە بکە ، خودا پێیان دەفەرموێت : بۆ هەمووتان سزای دوو هێندە هەیە سەرکردە وشوێنکەوتووانیش ، بەڵام ئێوەی دۆزەخی نازانن ئەندازەی ئەو سزایەی خودا بۆی ئامادە کردوون چەندە ؛ قەتادە دەڵێت : حەسەنی بەصری گوتی : جن نامرن ، پێم گوت : خودا ﷻ دەفەرموێ : ﴿فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ﴾ ئەوەش لە پێشدا ڕۆیشتوون ، مردوون .

﴿وَقَالَتۡ أُولَىٰهُمۡ لِأُخۡرَىٰهُمۡ فَمَا كَانَ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلٖ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ٣٩﴾ وپێشینە وپێشەوا گومڕاکارەکان بە شوێنکەوتە ولاساییکەرەوەکانیان گوت : هیچ فەزڵ ومننەتێکتان نییە بەسەرمانەوە ئێمە وئێوە هاوتا بووین لە بێباوەڕی وهاوبەش بڕیاردان ، دە ئێوەش بچێژن لە سزای ئاگر وەکو ئێمە ، بە هۆی ئەو کردەوانەی کە لە دونیا ئەنجامتاندا .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٤٠﴾ بێگومان ئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی ولووت بەرز وبەفیز بوون لە ئاستیاندا ،

دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە وناچنە بەهەشتەوە هەتاکو حوشتر نەچێتە کونی دەرزییەوە ، وبەو شێوەیە پاداشتی تاوانباران دەدەینەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بێباوەڕان دەرگاکانی ئاسمان ناکرێتەوە بۆ ڕوحەکانیان کاتێك دەردەچێت ، ولە ژیانیشدا هیچ کردار وگوفتارێکیان بەرز نابێتەوە ، چونکە کردەوەکانیان پیس وخراپە ، وکردەوەی باش وقسەی جوان بەرز دەبێتەوە وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥۚ ١٠﴾(فَاطِر) ، ئەبوداود ونەسائی وئیبن ماجە لە بەرائی کوڕی عازبەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ڕوح کێشانی تاوانباری کرد ، کە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان ، بە لای هیچ کۆمەڵێك لە فریشتەکاندا تێناپەڕێت ئیللا دەڵێن : ئەم ڕوحە پیسە کێیە ؟ لە وەڵامیاندا دەڵێن : فلان کەسە ، بە ناشیرینترین ناوی کە لە دونیا بانگیان کردووە ، هەتا دەگەنە ئاسمانی دونیا ، داوای کردنەوەی دەرگاکەی دەکەن ، بۆی ناکرێتەوە پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ﴾ ؛ ﴿حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ﴾ جمهوری زانایان دەڵێن : ﴿ٱلۡجَمَلُ﴾ حوشترە ، وبێباوەڕان هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە ، چونکە وابەستە کراوە بە شتێکی ئەستەمەوە ، بەڵام هەندێك لە زانایان بە ﴿الجُمَّل﴾ خوێندوویانەتەوە ، وبە گوریس وپەتێکی ئەستور لێکدانەوەیان بۆ کردووە ، واتا ناچنە بەهەشتەوە هەتاکو گوریس نەچێتە کونی دەرزییەوە .

﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٍۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ٤١﴾ لە دۆزەخدا ڕاخەر وبەڕەی ژێریان ئاگرە ، ولای سەرەوەشیان ئاگر سێبەری کردووە بەسەریانەوە وەك لێفە داپێوشیون ، وبەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە .

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٤٢﴾ وئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە وکردەوەی باش ئەنجام دەدەن بەگوێرەی توانایان ، وئێمە هیچ کەس بە ئەرکێکی لە توانا بەدەر ڕاناسپێرین ، ئەوانە هاوەڵانی بەهەشتن ، وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە .

﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٤٣﴾ وهەرچی ڕق وکینە لە سنگیاندایە دەرمان هێنا ، ڕووبار وجۆگەلەی ئاو بە ژێر باخ وخانووەکانیان دەڕوات ، ودەڵێن : سوپاس وستایش بۆ خودا کە هیدایەتی داین بۆ ڕێگای ڕاستی ئیسلام ، وئێمە هیدایەتمان وەرنەدەگرت ئەگەر خودا هیدایەتی نەدابایە ، بە ڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بە ئاینی حەق ڕەوانە کران بۆ لامان ، وبانگ دەکرێن ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بە میراتتان گرتووە بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە لە دونیا ئەنجامتاندا .

بوخاری لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوای ئەوەی باوەڕدار لە ڕۆژی قیامەتدا لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت ، لەسەر پردێك ڕادەگیرێن لە نێوان بەهەشت ودۆزەخدا (قنطرة) ، تۆڵەی ستەم لێکراوانیان لێ دەکرێتەوە کە لە دونیا ستەمیان لێ کردوون ، هەتاکو پاك

دەبنەوە وپاڵفتە دەبن ، پاشان خودا ﷻ ڕوخسەتیان دەدا بچنە بەهەشتەوە ، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هەریەکە لەو کەسانە دەچنە بەهەشتەوە خانووەکەی بەهەشتی لە خانووەکەی دونیا پێ شارەزاترە وباشتر دەزانێت شوێنەکەی لە کوێیە ؛ ﴿بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ مەبەست کردەوە باشەکانە ، کردەوەی باش هەموو کرداره واجب وسوننەتەکان دەگرێتەوە بەو مەرجەی بە دڵسۆزی ونیازپاکی لەبەر خودا ﷻ ئەنجام بدرێت وبەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەری خودا بێت ﷺ ؛ وئەحمەد ونەسائی لە (السنن الکبری) لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو بەهەشتییەکان شوێنی خۆیان لە ئاگری دۆزەخدا دەبینن ، دەڵێن : ئەگەر خودا هیدایەتی نەداباین دۆزەخی دەبووین ، ئەمەش دەبێتە سوپاس گوزاری بۆیان ، وهەموو دۆزەخییەکان شوێنی خۆیان لە بەهەشتدا دەبینن ، دەڵێن : ئەگەر خودا هیدایەتی داباین بەهەشتی دەبووین ، ئەمەش دەبێتە حەسرەت وخەفەت بۆیان ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : کاتێك هەموو بەهەشتییەکان لە شوێنی خۆیان لە بەهەشتدا نیشتەجێ بوون بانگ دەکرێن : ﴿أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ، واتە : بەهۆی کردەوەکانتانەوە خودا ڕەحمی پێ کردن وچوونە بەهەشتەوە ، وهەریەکەتان بە گوێرەی کردەوەکانتان پلە وپایەتان دەست کەوت ، دەبێت بەم شێوەیە لێکدانەوە بۆ مانای ئایەتەکە بکرێت لەبەر ئەو فەرموودەیەی لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : بزانن کەس لە ئێوە کردەوەی خۆی نایباتە بەهەشتەوە ، گوتیان : تۆش ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی : بەڵێ منیش ، ئەگەر خودا بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامنەپۆشێت ؛ مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بانگکەرێك بانگ دەکات ، وبە


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا
رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ
مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن
سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ٤٥ وَبَيۡنَهُمَا
حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ
أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ٤٦
* وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا
مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٧ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم
بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ٤٨
أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ
لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ٤٩ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ
ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ
إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٠ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا
وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ
لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ٥١

١٥٦

بەهەشتییەکان دەڵێت : بێگومان ئێوە هەردەم ساغلەم وتەندروستن وهەرگیز نەخۆش ناکەون ، وهەمیشە دەژین وئیدی نامرن ، وبەردەوام گەنجن وپیر نابن ، ولە نازونیعمەتدان وهەرگیز تووشی نارەحەتی ودەردەسەری نابنەوە ، ئەمەش مانای ئەو فەرموودەی پەروەردگارە کە دەفەرموێت : ﴿وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ .

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ بەهەشتییەکان بانگ لە دۆزەخییەکان دەکەن ، دەڵێن : ئێمە ئەو بەڵێنەی کە پەروەردگارمان بە حەق پێی دابووین بینیمان وبەدەستمان هێنا ، ئایا ئێوەش ئەو بەڵێنەی کە پەروەردگارتان بە حەق پێی دابوون بینیتان وبەدەستان هێنا ؟ ، دەڵێن : بەڵێ ، لەو کاتەدا بانگەوازکارێك لە نێوانیان بانگ دەکات : نەفرەتی خودا لە ستەمکاران بێت .

دوای ئەوەی بەهەشتییەکان لە بەهەشتدا نیشتەجێ دەبن ، بۆ ئەوەی خەفەت وحەسرەتی زیاتر بە دۆزەخییەکان بچێژن پرسیاریان لێ دەکەن ، وئەم پرسیار کردنە بۆ ئەوە نییە کە هەواڵیان بدەنێ ، چونکە باوەڕداران دڵنیان کە ئەوەی خودا ﷻ بەڵێنی

دابێت دێتە دی ، کێ بەڵێنی لە خودا ﷻ ڕاستترە ؟ ، بوخاری ومسلم لە ئەبوتەلحەی ئەنصارییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕۆژی بەدردا فەرمانی کرد بیست وچوار لە سەرکردە وپیاوماقوڵە کوژراوەکانی قورەیشیان فڕێدایە بیرێك لە بیرەکانی بەدرەوە ، بۆگەن بوون وزیاتر شوێنەکەیان بۆگەن کرد ، وئەگەر سەر بکەوتایە بەسەر گەلێکدا سێ شەو لە گۆڕەپانی جەنگەکە دەمایەوە ، لە شەوی سێیەمدا لە بەدر ، فەرمانی کرد سواریەکەیان بۆ ئامادە کرد ، پاشان بە ڕێکەوت وهاوەڵانیشی شوێنی کەوتن ، گوتیان : وادەبینین بۆ هەندێك ئیشوکاری خۆی بچێت ، لە قەراغی بیرەکەوە وەستا ، بانگی ئەو لاشە مردووانەی دەکرد بە ناوی خۆیان وباوکیانەوە ، ئەی فلانی کوڕی فلان ، وئەی فلانی کوڕی فلان ، ئایا خۆشحاڵ نەدەبوون ئەگەر گوێڕایەڵی خودا وپێغەمبەرەکەیتان کردبا ؟! : ﴿أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ﴾ ؟ عومەر رضي الله عنه گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ : قسە لەگەڵ کۆمەڵە لاشەیەکی بێ ڕوحدا دەکەیت ؟ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بە دەستە ، ئەوەی ئێستا پێیان دەڵێم ئێوە لەوان باشتری نابیستن ، بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە ؛ قەتادە دەڵێت : خودا زیندووی کردنەوە بۆ ئەوەی قسەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ لەو کاتەدا ببیستن ، بۆ سەرزەنشت وحەسرەت وخەمبار کردنیان ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەندە کە خرایە گۆڕەکەیەوە ، وکەسوکارەکەی بەجێیان هێشت دەنگی پێڵاوەکانیان دەبیستێت ؛ ئایا ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مردوو دەبیستێت ، ودژ نییە لەگەڵ ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢﴾(فَاطِر) ؟ زانایان ناکۆکن لەوەی مردوو قسە وسەردان وسەلامی ئەو کەسانە

دەبیستێت کە دەچنە سەرگۆڕەکەی یان نا ، ڕای پەسەند ئەوەیە کە مردوو نابیستێت ، وفەرموودەکەی ڕۆژی بەدر تایبەتە بەو کەسانەوە ، وهەروەها فەرموودەکەی ئەنەس تایبەتە بەو کاتەوە کە کەسوکاری مردووەکە بەجێی دەهێڵن ، ئەلبانی دەڵێت : عومەر ﵁ گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ قسە لەگەڵ کۆمەڵە لاشەیەکدا دەکەی کە ڕوحیان تێدا نییە ، مانای ئەم قسەیەی عومەر ﵁ چییە ؟ وەك ئەوەیە بە شێواز ودەربڕینێکی ناسك بڵێت : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە لە جەنابتەوە فێربووین کە مردووان نابیستن ، وئەم ئایەتانەی قورئان بۆ جەنابت دابەزیوە وبۆ ئوممەتەکەت باس کردووە وپێت ڕاگەیاندوون : ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢﴾(فَاطِر) ، و﴿إِنَّكَ لَا تُسۡمِعُ ٱلۡمَوۡتَىٰ ٨٠﴾(النَّمْل) ، ئەوە چۆن ئێستا لەگەڵ ئەو لاشانەدا قسە دەکەیت کە ڕوحیان تێدا نییە ، ئایا پێغەمبەری خودا ﷺ بە عومەری ﵁ فەرموو : هەڵەی ئەی عومەر ﵁ ! من وام نەگوتووە ، یان شتێکی لەو شێوەیەم پێ ڕانەگەیاندوون ؟ نەخێر ، بەڵکو دانینا بە قسەکەیدا ؛ وئەو فەرموودەیەی کە ئیبن حبان لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەر کەسێك بەلای گۆڕی کەسێکدا تێپەڕبێت کە لە دونیا ناسیبێتی وسەلامی لێ بکات ، ئیللا دەیناسێتەوە ، ووەڵامی سەلامەکەی دەداتەوە ؛ ئەم فەرموودەیە ئەلبانی بە لاوازی داناوە ؛ وئەو فەرموودەی کە ئەحمەد وئەبوداود لە ئەبوهرەیرەوە﵁ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هیچ کەسێك نییە سەلامم لێ بکات ئیللا خودا ﷻ ڕوحەکەم بۆ دەگێڕێتەوە هەتاکو وەڵامی سەلامەکەی دەدەمەوە ؛ ئەمەش تایبەتە بە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ، وئەو فەرموودەی کە بەزار لە ئەنەسەوە ﵁ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ

فەرمووی : پێغەمبەرانی خودا ﷺ زیندوون ولە گۆڕەکانیاندا نوێژ دەکەن ؛ تایبەتە بە پێغەمبەرانی خوداوە ﷺ .

﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ٤٥﴾ ئەو کەسانەی بەرهەڵستی دەکەن لە ئاین وڕێگای خودا ودەیانەوێت بە خوار وخێچ نیشانی بدەن وخەڵکی لێ دوور بخەنەوە ، ئەو کەسانە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە .

﴿وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ٤٦﴾ ولە نێوان بەهەشت ودۆزەخدا پەرژین ودیوارێك هەیە کە ئەعرافە بەسەر بەهەشت ودۆزەخیشدا دەڕوانێت ئەوکەسانەی لەسەر ئەعرافن بەهەشتییەکان ودۆزەخییەکان بە ڕوخساریاندا دەناسنەوە ، وبانگ لە بەهەشتییەکان دەکەن وپێیان دەڵێن : سلاوتان لێ بێت ، هێشتا نەچوونەتە بەهەشتەوە بەڵام بە تەمای چوونە بەهەشتن .

ئیبن عوسەیمین دەڵێت : خەڵك لە ڕۆژی قیامەتدا دەبنە سێ بەشەوە : بەشێکیان چاکەکانیان لە خراپەکانیان زیاترە ئەمانە سزا نادرێن ودەچنە بەهەشتەوە ، وبەشێکیان خراپەکانیان لە چاکەکانیان زیاترە ئەمانە شایانی سزادانن بە گوێرەی تاوانەکانیان پاشان دەچنە بەهەشتەوە ، وبەشی سێیەم ئەو کەسانەن کە چاکە وخراپەکانیان یەکسانە نە دۆزەخین ونە بەهەشتین ئەمانە ئەهلی ئەعرافن ، ئەو کەسانە لە شوێنێکی بەرزدان بەهەشت ودۆزەخیش دەبینن ، لەوێ دەمێننەوە ئەوەندەی خودا ﷻ ویستی لەسەر بێت پاشان دەچنە بەهەشتەوە ، ئەمەش لە تەواوی دادگەری خودایە کە پاداشتی هەموو کەسێك دەداتەوە بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی ، بەڵام ئەعراف شوێنی مانەوەی هەمیشەیی نییە ، بەڵکو شوێنی مانەوەی هەمیشەیی بەهەشتە یان دۆزەخە ؛ ئەمە بۆ ئەو

کەسانەیە کە موسڵمان ویەکخوداپەرستی تاوانبارن ، بەڵام بێباوەڕان جێنیشینی هەمیشەیی دۆزەخن ، وئیبن کەسیر دەڵێت : ڕاڤەکاران ناکۆکن کە هاوەڵانی ئەعراف کێن ، بەڵام هەموو لێکدانەوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ یەك مانا : کەسانێکن خراپە وچاکەیان یەکسانە ، ئەمە لە حوزەیفە وئیبن عەباس وئیبن مەسعود رضي الله عنهم وکەسانی تریش لە سەلەف وزانایانی دوای ئەوانیش گێڕدراوەتەوە .

﴿وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٧﴾ وئەگەر ڕوویان وەرگێڕدرا وئاوڕیاندایەوە ودۆزەخییەکانیان لەو حاڵە ناهەموار وسەختەدا بینی ، دەپاڕێنەوە ودەڵێن : پەروەردگارمان لەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاراندا لە دۆزەخدا کۆمان مەکەرەوە .

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ جَمۡعُكُمۡ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ٤٨﴾ ئەوانەی لەسەر ئەعرافن بانگی پیاوانێك دەکەن لە دۆزەخییەکان وبە ڕوخساریاندا دەیانناسنەوە ، وپێیان دەڵێن : دەستە وکۆمەڵەکانتان وکۆکردنەوەی سامان ولووت بەرزیتان لە ئاستی ئاینی خودا وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی هیچ سودیان پێ نەگەیاندن .

﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ٤٩﴾ ئایا ئەوانە ئەو کەسانەنین سوێندتان دەخوارد کە خودا کەسانی هاوشێوەی ئەمانە بەرسۆز وبەزەیی خۆی ناخات ، بەو کەسانە دەگوترێت : بچنە بەهەشتەوە ، ترستان لەسەر نییە لەبەر ئەو تاوانانەی لە دونیا ئەنجامتانداوە وهیچ خەفەت ناخۆن بۆ شتێك کە لە دونیا لە دەستتان دەرچووە .

تەبەری دەڵێت : خودا ﷻ بەوانەی لووت بەرزبوون ودانیان بە تاك وتەنهایی خودا نەدەنا وگوێڕایەڵی خودا وپێغەمبەرەکەیان ﷺ نەدەکرد ولە دونیا سەرقاڵی کۆکردنەوەی سامانی دونیا بوون وڕوپامایيان پێوە دەکرد ، دەفەرموێت : ئەمانە ئەو کەسە لاواز وبێ دەسەڵاتانەن کە ئێوە سوێندتان دەخوارد بەر سۆز ومیهرەبانی خودا ناکەون ، ئەوا من لێیان خۆش بووم وتاوانەکانیانم پۆشی بە فەزڵ وبەزەییم ، ئەی ئەو کەسانەی کە لە ئەعرافن ئێوەش بچنە بەهەشتەوە ئیتر ترستان لەسەر نییە لەبەر ئەو تاوانانەی کە لە دونیا ئەنجامتانداوە وهیچ خەفەت ناخۆن بۆ شتێك کە لە دونیا لە دەستتان دەرچووە ، وئەبومجلز دەڵێت : بەڵکو ئەمە هەواڵی خودایە لەوەی فریشتەکان بە دۆزەخییەکانی دەڵێن ، وەك تانە لێدانیان لەبەر ئەوەی لە دونیا ئەو قسانەیان بە باوەڕداران دەگوت .

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٠﴾ دۆزەخییەکان بانگ لە بەهەشتییەکان دەکەن وداوایان لێ دەکەن کە کەمێك ئاو یان لەوەی خودا ڕۆزی داون بەشمان بدەن ، بەهەشتییەکان لە وەڵامیاندا دەڵێن : خودا خواردن وخواردنەوەی بەهەشتی لەسەر بێباوەڕان حەرام کردووە .

﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ٥١﴾ ئەو کەسانەی ئاینەکەیان بە گاڵتە وگەپ دەزانی وژیانی دونیا فریویدابوون ولە خشتەی بردبوون ، لە دۆزەخدا وازیان لێ دەهێنین ، چونکە ئەوان لێپرسینەوە ودیداری ئەمڕۆیان لە بیر کردبوو ، ونکولی ئایەتەکانی ئێمەیان دەکرد .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا﴾ بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین وەك مامەڵەی کەسێك کە فەرامۆشی کردوون ولە بیری کردوون ، چونکە هیچ شتێك لە زانستی خودا بەدەر نییە وفەرامۆشی ناکات ، وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ٥٢﴾(طه) ، وئەمەی لە بابەتی هاوشێوەی کردەوەی خۆیان فەرمووە وپاداشتی داونەتەوە ، وەك دەفەرموێت : ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ ٦٧﴾(التَّوۡبَة) ، ودەفەرموێت : ﴿كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ ١٢٦﴾(طه) ، ودەفەرموێت : ﴿وَقِيلَ ٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰكُمۡ كَمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا وَمَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٣٤﴾(الجَاثِيةِ) ؛ ئیبن عوسەیمین دەڵێت : (النسيان) دوو مانای هەیە ، یەکەمیان لە بیرچوونی شتێکی زانراوە ، وەك ئەوەی دەفەرموێت : ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ ٢٨٦﴾(البَقَرَة) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿فَنَسِيَ وَلَمۡ نَجِدۡ لَهُۥ عَزۡمٗا ١١٥﴾(طه) ، وهەروەها وەك ئەو فەرموودەی کە لە صەحیحی بوخاری ومسلمدا هاتووە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : بێگومان من مرۆڤم شتم لە بیر دەچێت وەك چۆن ئێوە لە بیرتان دەچێت ، ئەگەر لە بیرم چوو بیرم بخەنەوە ؛ وئەو فەرموودەی کە بوخاری ومسلم ڕیوایەتیان کردووە ودەفەرموێت : هەرکەسێك خەوی لێکەوت یان بیری چوو نوێژ بکات ، ئەو کاتەی بیری دەکەوێتەوە نوێژەکەی ئەنجام بدات ؛ ئەم مانای لە بیر چوونەوە نادرێتە پاڵ خودا ﷻ ، دووەمیان : وازلێهێنان بە ئەنقەست وبە زانستەوە ، وەك ئەو فەرموودەی خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمۡۖ ١٤﴾(السَّجۡدَة) ، وبە


الجزء الثامن سورة الأعراف

وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً
لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ۚ يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ
يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ
فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى
كُنَّا نَعْمَلُ ۚ قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟
يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ
فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ
يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ
بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾
ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾
وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ
إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ
ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا
سُقْنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ
ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾
١٥٧

دووڕووەکان دەفەرموێت : ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ ﴿٦٧﴾﴾(التَّوۡبَة) ، بەم مانایە دەدرێتە پاڵ خودا ﷻ کە مانای وازلێهێنانە .

﴿وَلَقَدۡ جِئۡنَٰهُم بِكِتَٰبٖ فَصَّلۡنَٰهُ عَلَىٰ عِلۡمٍ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٢﴾﴾ بێگومان ئێمە کتێبێکمان بۆ هێنان کە قورئانی پیرۆزە بە زانستەوە هەموو پێداویستی بەندەکانی تێدایە وبە درێژی ڕوون کراوەتەوە ، کە مایەی هیدایەت وبەزەییە بۆ گەلی باوەڕداران .

ئالوسی دەڵێت : ﴿وَلَقَدۡ جِئۡنَٰهُم بِكِتَٰبٖ﴾ واتە : مانا ومەبەستەکانی قورئانمان ڕوون کردووەتەوە لە بیروباوەڕ وحوکمەکان وئامۆژگاری بە درێژی وتێروتەسەلی .

﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥۚ يَوۡمَ يَأۡتِي تَأۡوِيلُهُۥ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ قَدۡ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾ ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن جگە لەوەی بەڵێنیان پێدراوە لە لێپرسینەوە وسزادان ، لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەی بەڵێنیان پێدرابوو بە سەریاندا دێت ودووچاری دەبن ، ئەوانەی کە پێشتر پشت گوێیان خستبوو وفەرامۆشیان کردبوو دەڵێن : بە ڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بە حەق وڕەوایەتی

ڕەوانە کرابوون ، ئایا تکاکارمان هەیە تکامان بۆ بکەن ، یان مۆڵەتمان دەدەن بگەڕێینەوە بۆ دونیا کردەوەی باش ئەنجام بدەین وبە تەنها خودا بپەرستین وواز لەو کردەوە خراپانە بهێنین کە ئەنجامان دەدا وهاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدەین ، بێگومان ئەو کەسانە خۆیان دۆڕاند وئەوەی بە درۆوە هەڵیانبەستبوو وکردبوویانە هاوبەشی خودا هەمووی ون بوو وتیاچوو .

بێباوەڕان کاتێك ڕاستی قیامەتیان بۆ دەردەکەوێت ، دان بەوەدا دەنێن کە ئەوەی پێغەمبەران ﷺ پێی هاتبوون ڕاستە وڕەوایە ، لەو کاتەدا خۆزگە بۆ یەکێك لەم دوو شتە دەخوازن : تکاکاریان دەست بکەوێت تکایان بۆ بکات وڕزگاریان بکات ، یان بگەڕێنەوە بۆ دونیا ئەوەی پێغەمبەران هێناویان بە ڕاستی دابنێن ، وئەو کردەوانەی دەبنە مایەی ڕەزامەندی خودا ﷻ ئەنجامی بدەن ، بەڵام ئەوە خۆزگەیەکی ئەستەمە کە دەیخوازن وکار لەکار ترازاوە وکەس تکایان بۆ ناکات ، وکاتی تاقیکردنەوەش بە مردن وکۆتایی هاتنی دونیا کۆتایی پێهات ، قیامەت شوێنی لێپرسینەوە وپاداشت وەرگرتنەوەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دونیا درۆ دەکەن دیسان دەچنەوە سەر خوڕەوشت وئاکار وکرداره خراپەکانی پێشتریان وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَلَوۡ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ٢٨﴾(الأَنعَام) .

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٥٤﴾ بێگومان پەروەردگاری ئێوە خودایە کە ئاسمانەکان وزەوی دروست کردووە لە شەش ڕۆژدا پاشان بەسەر عەرشدا بەرز وبڵند بووەتەوە ، شەو دەهێنێت بەسەر ڕۆژدا وبە تاریکی دایدەپۆشێت وبە خێرایی بەبێ دواکەوتن بە دوای ڕۆژدا دێت ، ومانگ وخۆر وئەستێرەکان هەمووی ڕامکردووە ولە ژێر فەرمانی

خودان ، ئایا دروست کردن وفەرمان کردن تەنها بۆ پەروەردگار نییە ؟ ، گەورە وپیرۆزە وبەرەکەت وچاکەی فراوانە خودای پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە خودا ﷻ لەسەر عەرشە بەو شێوەیە کە شایستەی گەورەی ومەزنی زاتی پیرۆزیەتی ، وئەوەش مەزهەبی ئەهلی سوننەیە ، وئەو دەستە وتاقمانە گومڕا وسەرلێ شێواون کە دەڵێن : خودا ﷻ لە هەموو شوێنێکە ؟! ، یان لە هیچ شوێن وئاراستەیەك نییە ؟! ، یان ئەوانەی وشەی ﴿ٱسۡتَوَىٰ﴾ بە (استولی) مانا کردووە کە بە مانای دەست بەسەردا گرتن دێت ؟! ، بەڵکو خودا ﷻ لەسەر عەرشە ودەسەڵات وزانستی لە هەموو شوێنێکە ، سەعدی دەڵێت : (استوی) لە قورئاندا بە سێ شێوە هاتووە : ئەگەر بە پیتی جەڕ تێپەڕنەکرا : بە مانای پێگەیشتن وکامڵ بوونە ، وەك دەفەرموێت : ﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ ١٤﴾(القَصَص) ، وبە مانای بەرزی وبڵند بوون دێت ئەگەر بە پیتی جەڕی (علی) تێپەڕکرا ، وەك دەفەرموێت :﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ٥﴾(طه) ، وئەگەر بەپیتی جەڕی (إلی) تێپەڕکرا بە مانای ویست دێت ، وەك دەفەرموێت : ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ﴾(البَقَرَة) ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ﴾ خەڵك لەسەر ئەم باسە قسەی زۆریان هەیە ، کە ئێرە شوێنی درێژە پێدانی نییە ، بەڵام پێویستە ڕێگای پێشینە چاکەکان ڕەچاو بکرێت وەك : مالك وئەوزاعی ، وسەوری ، ولەیسی کوڕی سەعد ، وشافعی ، وئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیسحاقی کوڕی ڕاهوییە وجگە لەوانیش ، لە پێشەوایانی موسڵمانان لە کۆن ونوێدا ، کە لێکدانەوەی بۆ دەکەن چۆن هاتووە بەبێ باسکردنی چۆنییەتی وچواندن ولە کارخستنی

ماناکەی ، وئەو کەسانەی کە سیفەتەکانی خودا ﷻ دەچوێنن بە دروست کراوەکانی لە خوداوە دوورە ، چونکە بێگومان هیچ شتێك لە دروستکراوەکانی لە خودا ناچێت ، ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾(الشُّورَىٰ) ، بەڵکو وەك نەعیمی کوڕی حەمادی مامۆستای بوخاری دەڵێت : هەر کەسێك خودا ﷻ بچوێنێت بە دروست کراوەکانی بێباوەڕ دەبێت ، وهەرکەسێك نکولی ئەوە بکات کە خودا ﷻ خۆی پێ وەسف کردووە بێباوەڕ دەبێت ؛ ولەو بەڵگانەی کە خودا ﷻ خۆی پێ وەسف کردووە وپێغەمبەرەکەی ﷺ وەسفی کردووە چواندنی (تشبیه) تێدا نییە بە دروستکراوەکان ، جا بۆیە هەرکەسێك ئەوە بۆ خودا ﷻ بسەلمێنێت کە لە ئایەتەکان وفەرموودە صەحیحەکاندا هاتووە بەو شێوەیەی کە شایستەی گەورەیی خودایە ، وعەیب وکەموکورتییەکان لە خودا نەفی بکات ، ئەوە ڕێگای هیدایەتی گرتووە ؛ مسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەستی گرتم وفەرمووی : خودا خۆڵی لە ڕۆژی شەممە دروستکرد ، وشاخەکانی ڕۆژی یەك شەممە دروستکرد ، ودرەختی ڕۆژی دووشەممە دروستکرد ، وشەڕ وخراپەی ڕۆژی سێ شەممە دروستکرد ، وڕووناکی ڕۆژی چوار شەممە دروستکرد ، وگیانلەبەرانی ڕۆژی پێنج شەممە دروستکرد ، پاشان لەسەر زەوی بلاوی کردنەوە ، وپێغەمبەر ئادەمی دوای هەموو دروستکراوەکان لە کۆتا ساتی دوای عەسری ڕۆژی هەینی لە نێوان عەسر هەتاکو خۆرئاوابوون دروست کرد ؛ سوفیانی کوڕی عوییینە دەڵێت : ئەم جانەوەرە چی دەڵێت کە مەبەستی بشری موریسی بوو ، گوتیان : دەڵێت : قورئان دروستکراوە ، سوفیان گوتی : درۆ دەکات خودا ڕیسوای بکات : ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾ وفەرموودەی خودا ﷻ بەدەرە لە دروستکراوەکان ؛ وئیبن کەسیر دەڵێت : خودا ﷻ هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کە هەموو جیهانی لە ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی لە

نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە ، کە لە زۆر ئایەت لە قورئاندا ئەوە باسکراوە ، وشەش ڕۆژەکەش بریتین لەم ڕۆژانە : یەك شەممە ، ودوو شەممە ، وسێ شەممە ، وچوار شەممە ، وپێنج شەممە ، وهەینی ، وخودا هەموو دروستکراوەکانی لە ڕۆژی هەینیدا کۆ کردەوە ، وپێغەمبەر ئادەمی تێدا دروست کرد ، وزانایان ناکۆکن دەربارەی ئەم ڕۆژانە ، ئایا ڕۆژانی ئاسایین وەك ئەم ڕۆژانەی کە لە دونیا تیایدا دەژین ؟ یان هەر ڕۆژێك هەزار ساڵە ، وەك موجاهید وپێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕایان وایە ، وزەحاك ئەوەی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەت کردووە ، بەڵام ڕۆژی شەممە هیچی تێدا دروست نەکراوە ، چونکە ڕۆژی حەوتەمە ، ومانای (السبت) مانای پچڕانە ؛ ئەلبانی دەڵێت : هەندێك واگومان دەبەن کە فەرموودەکەی صەحیحی مسلم پێچەوانەی ئایەتەکەیە ، بەڵام پێچەوانە نییە ، چونکە ئەو حەوت ڕۆژەی لە فەرموودەکە باسکراوە ، ئەو شەش ڕۆژە نییە کە لە قورئاندا باسکراوە ، وفەرموودەکە بە درێژی باسی هەندێك شت دەکات کە خودا سبحانه وتعالى بەسەر زەویدا هێناویەتی ، وئەوە مانایەکی زیاتر وپێچەوانەی قورئان نییە .

﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٥٥﴾ بپاڕێنەوە لە پەروەردگارتان بە سەرکزی وشاراوەیی ، بە دڵنیاییەوە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لە سنور دەردەچن وستەم دەکەن .

ئەبوداود وئیبن ماجە لە عبداللەی کوڕی موغەفەلەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە کوڕێکم بوو دەپاڕایەوە ودەیگوت : خودایە داوای کۆشکێکی سپیت لێ دەکەم لای ڕاستی بەهەشتەوە ئەگەر چوومە بەهەشتەوە ، بە کوڕەکەی گوت : کوڕەکەم داوای بەهەشت لە خودا بکە ، وپەنا بگرە لە دۆزەخ ، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو : کەسانێك پەیدا

دەبن سنور دەبەزێنن لە نزا وپاڕانەوەدا ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : خەڵك لە کاتی نزا وپاڕانەوەدا دەنگیان بەرز دەکردەوە لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، پێی فەرموون : خەڵکینە هێور ولەسەرخۆبن ، چونکە بە دڵنیاییەوە ئێوە لە کەسێکی کەڕ وئامادە نەبوو ناپاڕێنەوە ، بەڵکو ئێوە ئەو کەسەی لێی دەپاڕێنەوە بیسەر ونزیکە ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : حەسەنی بەصری دەڵێت : پیاوی وا هەبوو هەموو قورئانی لەبەر دەکرد ، وپیاوی وا هەبوو شارەزای ئاین دەبوو شارەزاییەکی زۆر خەڵك هەستیان پێ نەدەکرد ، وپیاوی وا هەبوو نوێژی دەکرد نوێژی درێژ لە ماڵەوە لە کاتێکدا کە میوانی هەبوو ، میوانەکانی هەستیان پێ نەدەکرد ، وموسڵمانان لە خودا دەپاڕانەوە ودەنگی کەسیان نەدەبیسترا ، بە چپەوە لە پەروەردگاریان دەپاڕانەوە لەبەر ئەوەی خودا دەفەرموێت : ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٥٥﴾ ، ولەبەر ئەوەی خودا ﷻ باسی بەندەیەکی چاکی خۆی دەکات کە لە کردەوەکەی ڕازی بووە ، دەفەرموێت : ﴿إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيّٗا ٣﴾(مَرۡيَم) ، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای داخ وئەفسوسە ئێستا وێنەگرتن وبڵاوکردنەوەی پەرستش ونوێژ وقورئان خوێندن لەم سەردەمەدا بووەتە مۆدە وباو ، هەندێك لە خەڵك هیچ سڵ ناکەنەوە لەوەی ورد ودرشتی پەرستن وژیانی تایبەتی خۆیان بڵاو بکەنەوە ، ئەوە لە کاتێکدا هەتاکو شاراوەبێت پارێزراوتر ودوورتر دەبێت لە ڕیایی ولە خۆبایی بوون .

﴿وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٥٦﴾ وخراپە وئاشوب مەنێنەوە لەسەر زەوی ، دوای ئەوەی باش

وسەقامگیر بوو بە هۆی گوێڕایەڵی وپەرستنی خوداوە ، ولە خودا بپارێنەوە بە ترسەوە وبە تەمای پاداشتبن ، بێگومان سۆز ومیهرەبانی خودا نزیکە لە چاکەکارانەوە .

بشێوی وخراپەکاری گەورە لەسەر زەوی هاوبەش بڕیاردانە ، ئەگەر زەوی ئارام وسەقامگیر بوو وئاینی خودا بەرقەرار بوو پێویستە لەسەر موسڵمانان پارێزگاری لەو سەقامگیری وئارامیەی بڵاوبوونەوەی ئاینی خودا ﷻ بکەن بەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ نەکەن ، چونکە بەو هۆیەوە تووشی دەردەسەری وتەنگوچەڵەمە وئاشوب ونەخۆشی وبارگرانی زۆر دەبنەوە ، وڕەحمەت وبەزەیی ومیهرەبانی خودا لە بەندە چاك وگوێڕایەڵەکانیەوە نزیکە .

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَىۡ رَحۡمَتِهِۦ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابًا ثِقَالًا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٥٧﴾ وخودایە کە بای پێش باران هەڵدەکات وەك مژدەیەك کە بەزەییەکە لە خۆیەوە ، هەتاکو بە هۆیەوە هەورە قورسەکانی بە باران هەڵگرێت و بەرێی دەخەین ودەیجووڵێنین بۆ وڵاتێکی مردوو وتینوی وشك وبێ گژوگیا ، بە هۆیەوە باران دەبارێنین ولەهەموو جۆرە بەروبوومەکان بەرهەم دەهێنین ، هەر بەو شێوەیە مردووەکان لە گۆڕەکانیان زیندوو دەکەینەوە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە وپەند وەربگرن .

﴿وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخۡرُجُ إِلَّا نَكِدًاۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٍ يَشۡكُرُونَ ٥٨﴾ زەوی باش وبەپیت ڕووەك وبەرهەمی باشی دەبێت بە ڕوخسەتی پەروەردگاری ، وئەو زەوییەی خراپ وپیسە دڕك ودااڵی بێ کەڵك نەبێت


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ
إِلَّا نَكِدًا ۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾
لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم
مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥٩﴾
قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٦٠﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ
لَيْسَ بِى ضَلَٰلَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦١﴾
أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ
مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ
عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ
﴿٦٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ
كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾ ۞ وَإِلَىٰ
عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ
غَيْرُهُۥٓ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ
إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾
قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٧﴾

١٥٨

هیچی لێ نارۆیت ، بەو شێوەیە بەڵگە ونیشانەکانمان جۆرا وجۆر ویەك لە دوای یەك ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی سوپاسگوزارن .

ڕاڤەکاران دەڵێن : ئەمە نموونەیە خودا ﷻ هێناویەتییەوە بۆ باوەڕدار وبێباوەڕ ، کەسی باوەڕدار ئەگەر قورئان ببیستێت ولێی تێبگات سودی لێ دەبینێت وکاریگەری لەسەری دەردەکەوێت ، ئەو کەسە چوێندراوە بە زەوییەکی بە پیت کە لەوەڕ وبەروبوومی باش بەرهەم دەهێنێت وکاریگەری باران بە باشی بەسەرییەوە دەردەکەوێت ، بەڵام کەسی بێباوەڕ تەواو بە پێچەوانەوەیە ، تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ﴾ ئەم نموونەیە خودا ﷻ هێناویەتییەوە بۆ باوەڕدار ، خۆی باشە وکردەوەی باشە ، وەك چۆن زەوی باش وبەپیت بەرهەمی جوان وباشی دەبێت ، ﴿وَٱلَّذِى خَبُثَ﴾ نموونەی بێباوەڕ وەك زەوی ڕەقان وشۆرەکاتە کە هیچ شتێکی باشی لێ نارۆیت ، بێباوەڕیش بەو شێوەیە خۆی پیسە وکردەوەکانیشی پیسن ؛ بوخاری ومسلم لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نموونەی ئەو هیدایەت وزانستەی خودا بە مندا ناردوویەتی ، وەك بارانێکی زۆرە کە داباریبێتە سەر زەوییەکدا ، هەندێك

لەو زەوییە پاك وخاوێن وبەپیت بوو بەهۆیەوە لەوەڕ وگژوگیایەکی زۆری ڕوواند ، وهەندێکی زەوییەکی ڕەقان بوو ، ئاوی بارانەکەی کۆ کردەوە ، خودا بە هۆیەوە سودی بە خەڵك گەیاند ولێیان خواردەوە وئاودێری وکشتوکاڵییان پێکرد ، ئەم جۆرە زەوییانە نموونەی ئەو کەسەیە کە لە ئاینی خودا تێدەگات ، وسودی بینیوە لەوەی کە خودا منی بۆ ڕەوانە کردووە وخۆی فێری زانست بووە وخەڵکیشی فێرکردووە ، وبارانەکە بەسەر هەندێك زەوی تردا باری کە زەوییەکە شۆرەکاتە نە ئاو لە خۆی دەگرێت ونە گژوگیای لێ دەڕوێت ، ونموونەی ئەو زەوییە شۆرەکاتەش کەسێکە کە فێری زانست نەبێت ولە ئاین تێنەگات وئەو هیدایەتە وەرنەگرێت کە منی بۆ ڕەوانە کراوم .

﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥٩﴾ بێگومان پێغەمبەر نوحمان ڕەوانە کرد بۆ لای گەلەکەی ، پێی فەرموون : ئەی گەلەکەم خودا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکتان نییە حەق بێت جگە لە ئەو ، بە ڕاستی من لێتان دەترسم تووشی سزابن لە ڕۆژێکی گەورە وسەخت ودژوار .

خودا لە سەرەتای سورەتەکەوە باسی بەسەرهاتی پێغەمبەر ئادەمی کرد ﷺ ، پاشان باسی پێغەمبەر نوح ﷺ دەکات کە یەکەم پێغەمبەرە (رسول) دوای پێغەمبەر ئادەم (نبي) ، ڕەچەڵەك ناسان دەڵێن : لە نەوەی ئیدریسی پێغەمبەرە ﷺ بەڵام زانایان دەڵێن : پێغەمبەر ئیدریس نەوەی پێغەمبەر نوحە ، ئیبن عوسەیمین دەڵێت : یەکەم پێغەمبەر (رسول) نوحە ﷺ ، وکۆتاییان محمدە ﷺ ، وپێش پێغەمبەر نوح هیچ پێغەمبەرێك (رسول) ڕەوانە نەکراوە ، بەمەش هەڵەی مێژوو نووسانمان بۆ دەردەکەوێت کە دەڵێن : ئیدریس پێش نوح بووە ، خودا لە قورئاندا دەفەرموێت : ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ

وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ﴿١٦٣﴾﴾(النِّسَاء) ، ولەو فەرموودە صەحیحەی کە باسی تکاکاری (الشفاعة) دەکات هاتووە : خەڵکی دەچن بۆ لای پێغەمبەر نوح عليه السلام وپێی دەڵێن : تۆ یەکەم پێغەمبەری کە خودا ڕەوانەی کردوویت بۆ سەر زەوی ، هیچ پێغەمبەرێك پێش پێغەمبەر نوح عليه السلام نەبووە وهیچ پێغەمبەرێکیش دوای پێغەمبەر محمد ﷺ نییە وکۆتا پێغەمبەرە ، خودا دەفەرموێت : ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ ﴿٤٠﴾﴾(الأَحۡزَاب) ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : ئیبن عەباس رضي الله عنهما وزانایانی تری تەفسیری قورئان دەڵێن : یەکەم جار کە بت لەسەر زەوی پەرستراوە ئەو کاتە بووە کە پیاوچاکانێك مردوون ، گەلەکەیان مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکانیان دروست کرد ، وێنەی ئەو پیاوچاکانەیان تێدا کێشان ، بۆ ئەوەی حاڵ وپەرستشیان لە یاد نەکەن وچاویان لێ بکەن ، کاتێك بەسەر ئەوەدا تێپەڕی ، ئەو وێنانەیان کردە پەیکەر ، دواتر ئەو پەیکەرانەیان پەرست وبە ناوی ئەو پیاوچاکانەوە ناویان لێنان "وەد ، سواع ، یەغوث ، یەعوق ، نەسر" ، کاتێك ئەو کارە تەشەنەی سەند خودا پێغەمبەر نوحی عليه السلام ڕەوانە کرد وفەرمانی پێکردن : ﴿يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ﴾ ، ئەگەر بە هاوبەش بڕیاردانەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا سزای سەختتان دەدات ، ﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ دەم سپی وپیاوماقوڵانی گەلەکەی گوتیان : ﴿إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ ، وئەحمەد وبوخاری لە (الأدب المفرد) وحاکم لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پێغەمبەر نوح عليه السلام لە سەرەمەرگدا بە کوڕەکەی فەرموو : من بە کورتی وەسیەتت بۆ دەکەم وفەرمانت بە دوو

شت پێ دەکەم ویاساغی دوو شتت لێ دەکەم ، فەرمانت پێ دەکەم بە "لا إلـه إلا الله" چونکە حەوت ئاسمانەکە وحەوت چینەکەی زەوی بکرێنە سەر تایی تەرازوویەك و"لا إلـه إلا الله" بکرێتە تاکەی تری لا سەنگی دەکات ، وئەگەر حەوت ئاسمانەکە وحەوت چینەکەی زەوی هەموو بازنەیەکی نەزانراو بێت "لا إلـه إلا الله" تێکیان دەشکێنێت ، و"سبحان الله وبحمده" نوێژ وپاڕانەوەی هەموو شتێکە وبە هۆیەوە هەموو شتێك ڕۆزی دەدرێن ، ویاساغی هاوبەش بڕیاردان ولووت بەرزی وخۆبەگەورە زانینت لێ دەکەم .

﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٦٠﴾ دەم سپی وپیاوماقولانی گەلەکەی پێیانگوت : ئێمە دڵنیاین تۆ لە گومڕایی وسەرلێ شێواوییەکی ئاشکرا دایت ولە ئاینی ڕاست لاتداوە .

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦١﴾ فەرمووی : ئەی گەلەکەم من گومڕا وسەرلێ شێواونیم ، بەڵکو پێغەمبەرێکم لە لایەن پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکانەوە ڕەوانە کراوم .

﴿أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦٢﴾ من ڕاسپاردە وپەیامەکانی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەیەنم وئامۆژگاریتان دەکەم ، ئەوەی من لە خوداوە دەیزانم ئێوە نایزانن ، کە سزای بۆ هاوبەش بڕیاردەران وسەرپێچیکار وتاوانباران مسۆگەرە .

﴿أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٦٣﴾ ئایا پێتان سەیرە کە سروشتان بۆ هاتووە لە پەروەردگارتانەوە لە

ڕێگای پیاوێك لە خۆتانەوە ، بۆ ئەوەی بتانترسێنێت وئاگادارتان بكاتەوە ، ولە خودا بترسن وپارێزكاربن وبۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بكات .

﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾﴾ بە درۆیان دانا ، وئێمە پێغەمبەر نوح وئەوانەی باوەڕیان پێ هێنا بوو لە كەشتییەكەدا ڕزگارمان كردن ، وئەو كەسانەشمان لە ئاودا خنكاند كە ئایەتەكانی ئێمەیان بە درۆ زانی ، بە ڕاستی گەلێكی كوێر بوون لە ئاستی حەق وپەند وئامۆژگاری كاریگەری نەبوو لەسەریان .

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾﴾ وبۆ گەلی عاد پێغەمبەر هودمان نارد كە برایان بوو لە ڕەچەڵەكەوە ، فەرمووی : ئەی گەلەكەم خودا بپەرستن هیچ پەرستراوێكی حەقتان نییە جگە لە ئەو ، ئەوە بۆچی پارێزكارنین ولە خودا ناترسن .

پێغەمبەر هود عليه السلام لە نەوەی سامی كوڕی پێغەمبەر نوحە عليه السلام ، كە خودا بە پێغەمبەر ناردوویەتی بۆ گەلی عاد ، وڕاڤەكاران دەڵێن : پێغەمبەر هود بە حەوت پشت دەگاتەوە پێغەمبەر نوح ، لە ڕەچەڵەك وبنەماڵەیەكی باش وهەڵكەوتە خودا هەڵیبژارد ، وعاد ناوی گەلەكەیەتی كە خاوەن باخ وكشتوكاڵ وئاوەدانی بوون ، وڵاتەكەیان بەپیت بوو وبارانی زۆری لێ دەباری ، خودا لێیان تورە بوو خاكەكەیانی كردە بیابانی وشك وبێ دار ودرەخت ، ومێژوو نووسان دەڵێن : لە دەوروبەری شاری حەزرەمەوت بوون لە وڵاتی یەمەن ، وبت پەرست بوون ، وپێغەمبەر هود وئەو كەسانەی باوەڕیان هێنا بوو كۆچیان كرد بۆ مەككە دوای ئەوەی خودا گەلەكەی لە ناو برد ، ولەوێ مانەوە هەتاكو مردن .


الجزء الثامن سورة الأعراف

أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ أَوَعَجِبْتُمْ أَن
جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ
وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ
فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ
﴿٦٩﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ
ءَابَآؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٧٠﴾
قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ
أَتُجَٰدِلُونَنِى فِىٓ أَسْمَآءٍ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم
مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ
ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا
وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۖ وَمَا كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ
﴿٧٢﴾ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ
هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً ۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ
ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾
١٥٩

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾﴾ دەم سپی وپیاو ماقوڵە بێباوەڕەکانی گەلەکەی گوتیان : ئێمە بەڕاستی تۆ گەمژە وکاڵفام دەبینین ، وئێمە دڵنیاین تۆ لەو کەسانەی کە بە درۆوە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن .

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٧﴾﴾ فەرمووی : ئەی گەلەکەم من گەمژە وکاڵفام نیم ، بەڵکو پێغەمبەرێکم لە لایەن پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکانەوە ڕەوانە کراوم .

﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾﴾ من ڕاسپاردە وپەیامەکانی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەیەنم ، وئامۆژگاریکارێکی ئەمینم بۆ ئێوە ودرۆ ناکەم لەگەڵتان .

﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ ۚ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً ۖ فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾﴾ ئایا پێتان سەیرە کە سروشتان بۆ هاتووە لە پەروەردگارتانەوە لە ڕێگای پیاوێك لە خۆتانەوە ، بۆ ئەوەی بتانترسێنێت وئاگادارتان بکاتەوە ، وئەوەش بە یاد بهێننەوە وسوپاسگوزاربن کە لە دوای تیاچوونی گەلەکەی پێغەمبەر نوح ئێوەی کردە

جێنشینی سەر زەوی ، وباڵای بەرز وهێز وتوانای پێبەخشیون ، ناز ونیعمەتەکانی خودا بەیاد بهێننەوە ولە خودا بترسن بۆ ئەوەی لە سەرفرازانبن .

﴿قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِنَعۡبُدَ ٱللَّهَ وَحۡدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٧٠﴾ گوتیان : تۆ هاتووی بۆ ئەوەی خودا بە تاك وتەنهایی بپەرستین ، وواز بهێنین لەوەی بابوباپیرانمان دەیانپەرست ، دەسا ئەوەی دەمانترسێنیت بەسەرمان بهێنە ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی ودرۆ ناکەیت .

﴿قَالَ قَدۡ وَقَعَ عَلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ رِجۡسٞ وَغَضَبٌۖ أَتُجَٰدِلُونَنِي فِيٓ أَسۡمَآءٖ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٖۚ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ ٧١﴾ پێغەمبەر هود پێی فەرموون : دڵنیابن ئێوە سزا وتوڕەییتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە لەسەر پێویست بووە ، ئایا مشتومڕ ودەمەقاڵەم لەگەڵدا دەکەن لەسەر کۆمەڵە بت وپەیکەرێك کە ئێوە وبابوباپیرانتان ناوتان لێناون خودا ودەیانپەرستن ؟! ، وخودا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ڕاستی ئەوانە دانەبەزاندووە ، دەسا چاوەڕوانی سزای خودابن منیش لەگەڵ ئێوە بێگومان چاوەڕوانم .

﴿فَأَنجَيۡنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَقَطَعۡنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ وَمَا كَانُواْ مُؤۡمِنِينَ ٧٢﴾ پێغەمبەر هود وئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕزگارمان کردن بە ڕەحمەتێك لای خۆمانەوە ، وئەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی دوا بڕاومان کردن ، وباوەڕدار نەبوون وشایانی سزا بوون .

گەلی عاد لەبەر بێباوەڕی وهاوبەش بڕیاردان وسوپاسگوزاری نەکردنی نازونیعمەتەکانی خودا بەسەریانەوە خودا لە ناوی بردن بە بایەکی ساردی توند وەك دەفەرموێت : ﴿وَأَمَّا

عَادُ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ ٦ سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ٧﴾(الحَاقَّة) ، ودەفەرموێت : ﴿وَفِي عَادٍ إِذۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلرِّيحَ ٱلۡعَقِيمَ ٤١ مَا تَذَرُ مِن شَيۡءٍ أَتَتۡ عَلَيۡهِ إِلَّا جَعَلَتۡهُ كَٱلرَّمِيمِ ٤٢﴾(الذَّارِيَات).

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمۡ صَٰلِحٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ قَدۡ جَآءَتۡكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٧٣﴾ وبۆ لای گەلی سەمود پێغەمبەر صالحمان ڕەوانە کرد کە برایان بوو لە ڕەچەڵەکەوە ، فەرمووی : ئەی گەلەکەم خودا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکتان نییە حەق بێت جگە لە ئەو ، کە بەڵگە ونیشانەیەکی ڕوون وئاشکراتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ، ئەم حوشترە بەڵگە ونیشانەی تایبەتی خودایە بۆ ئێوە ، لێی گەڕێن لەسەر زەوی خودا بلەوەڕێت ، وئازاری مەدەن وسەری مەبڕن ، ئەگەرنا تووشی سزایەکی بە ئێش وئازار دەبنەوە .

گەلی سەمود لە نەوەی سامی کوڕی پێغەمبەر نوحن عليه السلام ، کە بنەمای نەتەوەی عەرەبن پێش پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام ، لە دوای گەلی عادەوە خودا پێغەمبەر صالحی عليه السلام بۆ ڕەوانە کردن ، کە ناوچەکەیان دەکەوێتە نێوان شام وحیجاز هەتاکو (وادی القری) ودەوروبەری ، کە بە هاوەڵانی (الحجر) ناسراون ، کە ئێستا دەکەوێتە هەرێمی حیجازەوە لە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی سعودییە لە پارێزگای (العلا) کە سەر بە ناوچەی مەدینەی پێغەمبەری خودایە ﷺ ، وپێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك ساڵی نۆی کۆچی چوو بۆ تەبوك بەلای خانوو وگوندەکانیاندا تێپەڕی ، ئیبن حبان لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی

کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو ساڵەی چوو بۆ غەزای تەبوك لە (الحجر) لای خانووەکانی گەلی سەمود دابەزی ، خەڵك ئاویان هەڵگۆزی لەو بیرە ئاوەی کە گەلی سەمود ئاویان لێ خواردبووەوە ، وچێشتیان لێنا وهەویریان شێلا ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مەنجەڵەکان بڕێژن وهەویرەکانیش دەرخواردی حوشترەکان بدەن ، پاشان ڕۆیشت هەتاکو لەو شوێنە دابەزی کە حوشترەکەی گەلی سەمود ئاوی لێ خواردبووەوە ، فەرمووی : مەچنە شوێنەواری ئەو کەسانە کە سزا دراون ، ئێوەش تووشی ئەو سزایە دەبن کە تووشی ئەوان بوو ؛ وبوخاری ومسلم لە ئیبن عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : مەچنە شوێنەواری هاوەڵانی (الحجر) کە سزا دراون ، بە گریانەوە نەبێت ، ئەگەر بە گریانەوە نەبێت مەچنە شوێنەوارەکانیان ، بۆ ئەوەی تووشی ئەو سزایە نەبن کە ئەوانی پێ سزا دراوە ؛ ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿قَدۡ جَآءَتۡكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ﴾ ئەوە بەڵگەیە لە خوداوە سبحانه وتعالى کە سەلێنەری ئەوەیە من بە ڕاستی لە پەروەردگارمەوە ڕەوانە کراوم ، کە خۆیان داوایان لە پێغەمبەر صالح عليه السلام کردبوو بەڵگە ونیشانەیەکیان بۆ بهێنێت ، وپێشنیاریان بۆ کرد کە لە بەردێکەوە حوشترێکیان بۆ بهێنێتە دەرەوە ، وپێغەمبەر صالح عليه السلام بەڵێن وپەیمانی لێ وەرگرتن کە ئەگەر خودا داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ کردن ، باوەڕ دەهێنن وشوێنی دەکەون ، پێغەمبەر صالح عليه السلام لە پەروەردگاری پاڕایەوە لە بەردەکەوە حوشترێکی سکپڕ هاتە دەرەوە ، حوشترەکە بێچووەکەی لە دایك بوو بۆ ماوەیەك مایەوە ، ئاوی بیرەکەی ڕۆژێك دەخواردەوە ، ورۆژێك بۆ گەلی سەمودی دەهێشتەوە ، بەڵام لەو ڕۆژەکەی تر لە شیری حوشترەکەیان دەخواردەوە ودەیان دۆشی وقاپەکانیان پڕ دەکرد ولێیان پاشەکەوت دەکرد ، دوای

ئەوەی باوەڕیان بە پێغەمبەر صالح عليه السلام نەهێنا ڕێککەوتن حوشترەکە بکوژن بۆ ئەوەی ئاوی بیرەکە هەموو ڕۆژێك بۆ خۆیان بێت ، کاتێك حوشترەکەیان سەربڕی وهەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەر صالح عليه السلام ، هات بۆ لایان کاتێك حوشترەکەی بەسەر بڕاوی بینی گریا : ﴿فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمۡ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٖۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ٦٥﴾(هُود) ، ڕۆژی چوار شەممە حوشترەکەیان سەربڕی ، ویستیان پێغەمبەر صالحیش بکوژن ، گوتیان : ئەگەر ڕاست بکات لەوەی هەڕەشەمان لێ دەکات پێش خۆمان دەیکوژین ، وئەگەر درۆش بکات وەك حوشترەکەمان پێ کردووە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ٤٨ قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ٤٩ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا وَمَكَرۡنَا مَكۡرٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٥٠ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٥١ فَتِلۡكَ بُيُوتُهُمۡ خَاوِيَةَۢ بِمَا ظَلَمُوٓاْۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٥٢﴾(النَّمل) ، کاتێك ئەو شەوە هات کە ویستیان صالحی پێغەمبەری خودا عليه السلام بکوژن ، خودای باڵادەست پێغەمبەرەکەی سەرخست وگەلەکەی بەردباران کرد ؛ سەعدی دەڵێت : ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗۖ﴾ ئەمە حوشترێکی بەڕێزە ، چونکە دراوەتە پاڵ خودا سبحانه وتعالى ، درانە پاڵێك بۆ ڕێز ، کە بەڵگە ونیشانەیەکی گەورەیە بۆ ئێوە ، وئیبن ڕەجەبی حەنبەلی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە کە باسی ئەوە دەکات نابێت بچیتە ئەو شوێنانەی کە خودا سبحانه وتعالى سزای داون ، لە باشتر حاڵەتی لە خودا ترسان نەبێت ، کە بریتییە لە گریان لەبەر خودا وترسان لەو سزایەی تووشی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە بووە ، وئەگەر ئەو سەردانە بەو شێوەیە نەبێت ترسی ئەوەی هەیە ئەو سزایەی تووشی ئەوان بووە تووشی ئەو


الجُزْءُ الثَّامِنُ سُورَةُ الأَعْرَافِ

وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ
فِي ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ
ٱلْجِبَالَ بُيُوتًاۖ فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْاْ فِي
ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ مِن
قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ
أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ
مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ
ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٧٦﴾ فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوْاْ عَنْ
أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ
مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧٧﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ
جَٰثِمِينَ ﴿٧٨﴾ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ
رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ
﴿٧٩﴾ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم
بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ
شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾

١٦٠

کەسانەش ببێت ، ئەمەش ئاگادار کردنەوەی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی ئایەتەکانی خودا ﷻ پشت گوێ دەخەن وبیری لێ ناکەنەوە ، هەرکەسێك ببینێت چی بەسەر تاوانباراندا هاتووە لە بێئاگایی بە خەبەر نەیەتەوە وپەند وئامۆژگاری لە حاڵیان وەرنەگرێت با بترسێت لەوەی دووچاری سزا ببێتەوە ، چونکە ئەو تاوانبارانە بە هۆی بێئاگایی لە ئایەتەکانی خودا وکەمتەرخەمییان لە بیرکردنەوە وپەند وەرگرتن تووشی ئەو سزایە بوون.

﴿وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًاۖ فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْاْ فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾﴾ وئەو فەزڵەی خودا بە یاد بهێننەوە بەسەرتانەوە کە ئێوەی کردە جێنشینی سەر زەوی دوای تیاچوون وقڕ بوونی گەلی عاد ، وجێگیر ودامەزراوی کردن لەسەری ، لە پێ دەشتەکانی کۆشك وتەلاری بەرز لێ دەدەن ، ولە شاخەکانیش خانوو دەتاشن وهەڵی دەکۆڵن وتیایدا نیشتەجێ دەبن ، ناز ونیعمەتەکانی خودا بەیاد بهێننەوە ، ولە خودا بترسن وئاشوب مەنێنەوە وخراپە ئەنجام مەدەن لەسەر زەوی .

﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ أَتَعۡلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ٧٥﴾ دەم سپی وپیاوماقولـە لـووتبەرز ولـە خۆباییەکانی گەلـەکەی بەو کەسانەی کە لاواز وبێ دەسەڵات بوون وباوەڕیان هێنا بوو ، بە گاڵتە جاڕییەوە گوتیان : ئایا ئێوە دەزانن صالح لـە لایەن پەروەردگارییەوە ڕەوانە کراوە ؟! ، گوتیان : ئێمە بێگومان باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆی ڕەوانەکراوە .

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٧٦﴾ لـووتبەرز ولـە خۆباییەکان گوتیان : بێگومان ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە ئێمە باوەڕمان پێی نییە .

﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِمۡ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧٧﴾ حوشترەکەیان سەربڕی وسەرپێچی فەرمانی پەروەردگاریان کرد ، گوتیان : ئەی صالح ئەوەی بەڵێنمان پێدەدەی ودەمانترسێنیت بەسەرماندا بیهێنە ئەگەر ڕاست دەکەیت تۆ لـە پێغەمبەرانی .

لـەم ئایەتە بە کۆ باسی ئەو کەسانە دەکات کە حوشترەکەیان سەربڕی بەڵام لـەم ئایەتەدا : ﴿فَنَادَوۡاْ صَاحِبَهُمۡ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ٢٩﴾(القَمَر) ، باسی ئەوە دەکات کە یەکێکیان سەری بڕیوە ، ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ﴾ سەربڕینی حوشترەکەی داوەتە پاڵ هۆزەکە ، ئەمە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە هەموویان ڕازی بوون بەو سەربڕینە ، وقورتبی دەڵێت : ﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ﴾ (العَقْر) بە مانای بریندار کردنە ، وگوتراوە : پچڕاندنی ئەندامێکە کاریگەری لـەسەر هەناسەدان هەیە ، (وَعَقَرْتُ الْفَرَسَ) : مانای ئەوەیە بە شمشێر کێشام بە دەست وقاچەکانی ئەسپەکەدا ؛ لـە زماندا ئەگەر دەستێك یان قاچێکی

حوشتر بشکێندرێت بۆ سەربڕین پێی دەڵێن : (عقره) ، بوخاری ومسلم لە عبداللەی کوڕی زەمعەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ گوتاری دەخوێندەوە ، باسی ئەو کەسەی کرد لە گەلەکەی پێغەمبەر صالح ﵇ کە حوشترەکەی بریندارکرد وسەری بڕی ، فەرمووی : ﴿إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ١٢﴾(الشَّمْس) ، کەسێکی زۆر خراپی بەهێز وبەتوانا هەستا سەری بڕی ، کە لە نێو خزمەکانیدا پاڵپشتی هەبوو ، وەك باوکی زەمعە خاوەن پشتیوان وکەس بوو .

﴿فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٧٨﴾ زەوی لەرزە ودەنگێکی سامناك دایگرتن ، وهەموویان لە ماڵەکانیاندا کەوتنە سەر ئەژنۆیان وتیاچوون .

شنقیتی دەڵێت : ﴿فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٧٨﴾ لێرە باسی هۆکاری ئەوەی زەوی لە ژێر پێیاندا لەرزیوە نەکردووە ، بەڵام لە شوێنێکی تردا ڕوونی کردووەتەوە کە دەنگی فریشتە بووەتە هۆکاری ئەو زەوی لەرزەیە ، کە دەفەرموێت : ﴿وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٦٧﴾(هُود) ، ئەوەی کە ئاشکرایە فریشتە کاتێك بە دەنگێکی بەرزی سامناك بانگی کردووە زەوی لەبەر توندی وگەورەیی ئەو دەنگە لەرزیوەتەوە ، وڕوحیان لە لاشەکانیان دەرچووە .

﴿فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ٧٩﴾ پێغەمبەر صالح پشتی تێکردن ولێیان دوورکەوتەوە ، وفەرمووی : بێگومان من پەیام وڕاسپاردەی پەروەردگارم بە ئێوە گەیاند وئامۆژگاری ئێوەم کرد ، بەڵام ئێوە حەق خوازنین وئامۆژگاریکارانتان خۆش ناوێت .

﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٍ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٠﴾ وپێغەمبەر لوط کاتێك بە گەلەکەی فەرموو : ئایا ئێوە تاوانێکی زۆر خراپی ئابڕووبەر ئەنجام دەدەن ، کە پێش ئێوە کەس لە دونیا ئەنجامی نەداوە .

ئیبن کەسیر دەڵێت : پێغەمبەر لوط کوڕی هارانی کوڕی ئازەرە وبرازای پێغەمبەر ئیبراهیمە ﷺ ، باوەڕی بە پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ هێناوە ولەگەڵیدا کۆچی کرد بۆ شام ، خودا ناردی بۆ خەڵکی (سەدوم) وگوندەکانی دەوروبەری "کە لە نزیك دەریای مردووە" بانگەوازی کردن بۆ لای خودا وفەرمانی بە چاکە پێ کردن ویاساغی ئەو خراپە قێزەونەی لێ کردن کە نێربازی بوو ، کە کەس لە نەوەکانی ئادەم پێش ئەوان ئەو تاوانە ئابڕووبەرەی ئەنجام نەدابوو هەتاکو دانیشتووانی سەدوم بە نەفرەتبن دایان هێنا .

﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ٨١﴾ هەر بەڕاست ئێوە حەزتان لە تێرکردنی ئارەزووەکانتانە لەگەڵ پیاوان ، وئارەزووی جووتبوون ناکەن لەگەڵ ئافرەتان ؟! بە ڕاستی ئێوە کەسانێکی بەدفەڕی لە سنوور دەرچوو وزیادەڕۆن .

تاوانی نێربازی ئەو تاوانە قێزەونەی کە گەلەکەی پێغەمبەر لوط ﷺ دایانهێنا ، وتاوانێکی زۆر گەورەیە لە ئیسلامدا ، ئەحمەد وئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێکتان بینی کردەوەی گەلەکەی پێغەمبەر لوطی ئەنجام دەدا ، ئەنجامدەر وئەو کەسەشی لەگەڵیدا ئەنجامیدەدات بیانکوژن ؛ وئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەفرەتییە ئەو کەسەی لەگەڵ ئاژەڵێکدا جووت دەبێت ، ونەفرەتییە ئەو کەسەی کردەوەی گەلەکەی پێغەمبەر لوط ئەنجام دەدات ؛ وترمزی وئیبن ماجە لە ئیبن

عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێکتان بینی لەگەڵ ئاژەڵێکدا جووت بوو بیکوژن وئاژەڵەکەش بکوژن ، گوترا ئەی ئیبن عەباس : ئەی ئاژەڵەکەی بۆچی ؟ گوتی: هیچم لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ لەو بارەیەوە نەبیستووە ، بەڵام وادەبینم پێغەمبەری خودا ﷺ پێی ناخۆش بوو گۆشتەکەی بخۆن یان سودی لێ ببینن لە کاتێکدا ئەو کردارەی لەگەڵدا ئەنجام دراوە ؛ جێگای داخە ئێستا خەڵکێکی زۆر وهەندێك بانگخوازیش سەرسامن بەو شارستانییەت وپێشکەوتنە مادییەی لە ڕۆژئاوا بوونی هەیە ، لەگەڵ ئەوەی لە زۆر بواردا حەڵاڵگەرایەکی بێ سنوور (الإباحية) ڕەچاو دەکەن ، ژن لە ژن وپیاو لە پیاو ومرۆڤ لە ئاژەڵ مارە دەکەن ، وڕەگەزی مرۆڤەکان دەگۆڕن ، وبە یاسا هاوڕەگەزبازی وئەو هەموو کارە قێزەون وناقۆڵاییە ڕێگا پێدەدەن ، لە کاتێکدا بە هۆی نێربازییەوە گەلەکەی پێغەمبەر لوط عليه السلام بەرزکرانەوە بۆ ئاسمان وپاشان زەوییەکە هەڵگێڕدرایەوە بەسەریاندا ولە ئاسمانەوە فڕێدرانە خوارەوە وبەرد بارانیش کران .

﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوهُم مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ٨٢﴾ وەڵامی گەلەکەی هیچ نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە گوتیان : لە شارەکەتان دەریان بکەن ، بێگومان ئەوان خۆیان پاك ڕادەگرن لەو کردەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین وپاکیان دەوێت .

موجاهید دەڵێت : ﴿إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ﴾ واتە خۆیان بە دوور وپاك ڕادەگرن لە نێربازی کردن لەگەڵ پیاوان وئافرەتان .


الجزء الثامن سورة الأعراف

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخْرِجُوهُم مِّن
قَرْيَتِكُمْۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ٨٢ فَأَنجَيْنَٰهُ
وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ٨٣ وَأَمْطَرْنَا
عَلَيْهِم مَّطَرٗاۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ
٨٤ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبٗاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ
مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمْۖ
فَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُواْ ٱلنَّاسَ
أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُواْ فِي ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَاۚ
ذَٰلِكُمْ خَيْرٞ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ٨٥ وَلَا
تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٖ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن
سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبْغُونَهَا عِوَجٗاۚ وَٱذْكُرُوٓاْ
إِذْ كُنتُمْ قَلِيلٗا فَكَثَّرَكُمْۖ وَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ
عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ٨٦ وَإِن كَانَ طَآئِفَةٞ مِّنكُمْ
ءَامَنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٞ لَّمْ يُؤْمِنُواْ فَٱصْبِرُواْ
حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَاۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ٨٧

١٦١

﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ٨٣﴾ پێغەمبەر لوط وکەسوکارەکەیمان ڕزگار کرد ، جگە لە هاوسەرەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە سزادران مایەوە .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ﴾ جگە لە هاوسەرەکەی کە باوەڕی پێنەهێنا ، بەڵکو لەسەر ئاینی گەلەکەی بوو ، وهاوکاری دەکردن دژی پێغەمبەر لوط عليه السلام وئاگاداری دەکردنەوە لەو میوانانەی کە سەردانیان دەکرد بە ئاماژەیەك کە لە نێوان خۆیاندا لەسەری ڕێککەوتبوون ، لەبەر ئەوە کاتێك فەرمان کرا بە پێغەمبەر لوط عليه السلام بە شەو لەگەڵ کەسوکارەکەیدا شار بەجێ بهێڵن ، فەرمانی پێکرا هاوسەرەکەی ئاگادار نەکاتەوە ، وهەندێك لە زانایان دەڵێن : بەڵکو هاوسەرەکەی شوێنیانکەوت ، کاتێك سزایان بۆ هات لای کردەوە ئەمیش دووچاری ئەو سزایە بوو ، بەڵام ئەوەی پەسەندە لە شارەکە دەرنەچوو وپێغەمبەر لوط عليه السلام ئاگاداری نەکردەوە ، بەڵکو لەگەڵیان مایەوە ، لەبەر ئەوە دەفەرموێت : ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ لەو کەسانە بوو کە مایەوە لە شارەکە .

﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًاۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ ٨٤﴾ وبەردمان بەسەردا باراندن ، دەبڕوانە پاشەڕۆژی تاوانباران چۆن بووە .

ئیبن کەسیر دەڵێت : ﴿وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم مَّطَرٗاۖ﴾ تەفسیرکراوە بە : ﴿وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ٨٢ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ٨٣﴾(هُود) ، ئەبوحەنیفە بۆچوونی وایە نێرباز لە شوێنی بەرزەوە فڕێ بدرێتە خوارەوە ، پاشان بەردباران بکرێت ، هاوشێوەی ئەوەی گەلەکەی پێغەمبەر لوطی عليه السلام پێ سزادران ، وهەندێکی تر لە زانایان بۆچوونیان وایە بەردباران دەکرێت هاوسەرگیری کردبێت یان هاوسەرگیری نەکردبێت ، کە ئەمە بۆچوونێکی شافعییە ، وئەو فەرموودەیە دەکەن بە بەڵگە کە ئەحمەد وئەبوداود وترمزی وئیبن ماجە لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێکتان بینی کردەوەی گەلی لوطی ئەنجام دەدا ئەنجامدەر وئەوکەسەشی لەگەڵیدا ئەنجامیداوە بیانکوژن ، وهەندێکی تر دەڵێن : وەك زینا وایە ، ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت ڕەجم دەکرێت ، وئەگەر ژنی نەهێنابێت سەد جەلدەی لێ دەدرێت ، وئەمە وتەیەکی تری شافعییە ، ونێربازی کردن لەگەڵ هاوسەردا ، نێربازی بچووکە ، وبە کۆڕای زانایان حەرامە .

﴿وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ قَدۡ جَآءَتۡكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡۖ فَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٨٥﴾ وبۆ لای گەلی مەدیەن پێغەمبەر شوعەیبمان ڕەوانە کرد کە برایان بوو لە ڕەچەڵەکەوە ، پێی فەرموون : ئەی گەلەکەم خودا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکتان نییە حەق بێت جگە لە ئەو ، بێگومان بەڵگە ونیشانەیەکتان بۆ هاتووە لە پەروەردگارتانەوە ، با پێوانە وکێشانەتان بەرامبەر ودادگەرانە بێت ، کاتێك شتانێك بۆ خەڵك پێوانە وکێشانە دەکەن ستەمیان لێ

مەکەن وکەمتر لە مافی خۆیان مەدەنێ ، وخراپە ئەنجام مەدەن لەسەر زەوی دوای ئەوەی چاکەی تێدا بەرقەرار بوو ، ئەوە باشترە بۆ ئێوە ئەگەر باوەڕدارن .

مەدیەن ناوی گەل وهۆزەکەی پێغەمبەر شوعەیبە عليه السلام وبەو ناوچەیەش گوتراوە کە تیایدا ژیاون ، کە ئێستا دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی سعودییە ونزیکە لە شاری تەبوکەوە بە (أصحاب الأيكة) ناسراون ، ومێژوو نووسان دەڵێن : لە نەوەی پێغەمبەر ئیبراهیمە عليه السلام ، وبە پێغەمبەر شوعەیب عليه السلام دەگوترێت : وتار بێژی پێغەمبەران (خطيب الأنبياء) لەبەر زمان پاراوی ودەربڕینە بەهێز وئامۆژگارییە زۆرەکانی ، قورتبی دەڵێ : ﴿وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ﴾ مانای بەکەم دانان وبێ نرخ کردنە لە کاڵادا وعەیبدارکردن وسووك کردنییەتی ، یان خەڵەتاندنە لە نرخدا ، وفێڵ کردنە لە کێشانە وپێوانە ، کە هەموو ئەوانە خواردنی سامانی خەڵکە بە ناڕەوا ، ئەوەش یاساغی لێکراوە لەسەر هەموو ئومەتە پێشینەکان لەسەر زاری هەموو پێغەمبەرانی خوداوە عليهم السلام ؛ وئیبن جەوزی دەڵێت : ﴿وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ مانای ئەوەیە کرداری خراپ ئەنجام مەدەن ، دوای ئەوەی خودا سبحانه وتعالى سەر زەوی باش کردووە بە فەرمان کردن بە دادگەری ونارەدنی پێغەمبەران عليهم السلام .

﴿وَلَا تَقۡعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٖ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبۡغُونَهَا عِوَجٗاۚ وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ كُنتُمۡ قَلِيلٗا فَكَثَّرَكُمۡۖ وَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨٦﴾ ولەسەر هەموو ڕێگاکان دامەنیشن وهەڕەشە لەو کەسانە بکەن دەیانەوێت باوەڕ بهێنن ، وبەرهەڵستی مەکەن وئاستەنگی لەسەر ڕێگای خودا دامەنێن ، وخوار وخێچ وێنای مەکەن بۆ خەڵك ، ویادی ئەو نیعمەتەی خودا بکەنەوە بەسەرتانەوە کاتێك

ژمارەتان کەم ولاواز بوون خودا ژمارەتانی زیاد کرد وبەهێزی کردن ، وبڕوانن پاشەڕۆژی خراپەکاران چۆن بووە .

تەبەری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَلَا تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٍ تُوعِدُونَ﴾ لەسەر ڕێگا دادەنیشتن ، هەرکەسێك بە لایاندا تێپەڕیبا پێیان دەگوت : شوعەیب درۆزنە لە ئاینەکەتان هەڵتان نەگەڕێنێتەوە ، یان هەڕەشەیان لە خەڵك دەکرد ودەیانترساندن کە نەچن بۆ لای پێغەمبەر شوعەیب عليه السلام .

﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ فَٱصْبِرُواْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾ وئەگەر کۆمەڵێك لە ئێوە باوەڕی هێناوە بەوەی بۆی ڕەوانە کراوم وکۆمەڵێکتان باوەڕتان نەهێناوە ، ئارام بگرن هەتاکو خودا حوکم دەکات لە نێوانمان ، کە خودا باشترین حاکم ودادوەرە .

پێغەمبەر شوعەیب عليه السلام بە گەلەکەی دەفەرموێت : خودا سبحانه وتعالى حوکم دەکات لە نێوان ئێمە وئێوەدا ، دەسا ئارام بگرن وببینن ئایا ئێمە درۆمان کرد یان ئێوە ملهوڕ ویاخی بوون ، ئیبن کەسیر دەڵێت : گەلەکەی مەدیەن خودا سبحانه وتعالى کۆمەڵێك سزایدان ، تووشی ئەو سزایە بوون کە پەڵە هەورێکیان بەسەردا هات کە بریسکەی ئاگر وگرمەی گەورەی لەگەڵدا بوو ، پاشان دەنگێکی سامناکیان لە ئاسمانەوە بۆ هات ، وزەوی زۆر بە توندی لە ژێر پێیاندا لەرزییەوە ، هەموویان تیاچوون وقڕبوون ولاشەکانیان بە ساردوسڕی کەوتە سەر زەوی .